لە نێوان ڕاستیی و چەواشەکاری‌دا

(سالانی ١٩٤٨ – ١٩٤٧)

بەسەرهاتی کوردانی کۆچبەری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی

کۆی ١٢ بەڵگە

د. کامران ئەمین ئاوە

کوردستان/ هەولێر
٢٠٢٥

ناوی کتێب: له نیوان ڕاستیی و چەواشەکاری‌دا
بابەت: مێژوو
نووسەر و وەرگێڕ: د. کامران ئەمین‌ئاوە
پێداچوونەوە: ئەنوەر سوڵتانی
گرافیك و دیزاین: ئامەد
چاپخانە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٦٠٠٠ دینار

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ نووسەر پارێزراوە.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان گشتییەکان/هەرێمی کوردستان،
ژمارەی سپاردنی(٢٩٧) ساڵی ٢٠٢٥ی پێ دراوە.

پێرست

لە نێوان ڕاستیی و چەواشەکاریدا ٥

چوونە نێو بابەت ٧

هاتنی بارزانییەکان بۆ ئازەربایجان ١٣

ناردنی بارزانییەکان بۆ ئۆزبەکستان ٤٧

ئاوڕدانە لە چەند چەواشەکارییەك ٦٣

کۆبەندیی ٧٣

پاشکۆ ٧٩

بەڵگەی ژمارەی ١. ڕاپۆرتی ئا. گوسکۆف، سەرۆکی کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەتی شورای وەزیرانی کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی ٨١

بەڵگەی ژمارەی ٢. نامەی ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ بۆ میرجەعفەر باقرۆف بە ئازەری و ڕووسی ٨٧

بەڵگەی ژمارەی ٣. دەقی ڕووسی فەرمانی مستەفاییف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە پێوەندیی یاسای خۆتۆمارکردن و سەفەری پەنابەران لە یەکیەتی سۆڤیەتی ٩٩

بەڵگەی ژمارەی ٤. دەقی فارسی 'هەنگاوەکان بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی ڕێکخراوەیی و سیاسیی لە پارێزگاکانی باکووری ئێران دژ بە کۆنەپەرستیی ١٠١

بەڵگەی ژمارەی ٥. لاپەڕەی ١ و ٢ و ٥ ی 'هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کارە ڕێکخراویی و سیاسییەکان لە باکووری ئێران' بە ڕووسی ١٠٩

بەڵگەی ژمارەی٦. پرسی کورد ١١٥

پاشکۆی ١. لاپەڕەی ٢٣٤ی بەرگی یەکی کتێبی ' بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد'. ١٢٣

بەڵگەی ژمارەی ٧. نامەی میر جەعفەر باقروف بۆ ستالین ١٢٥

بەڵگەی ژمارەی ٨. سەبارەت بە کاروباری کۆمیتەی کورد، دەقی ڕووسیی ١٢٩

بەڵگەی ژمارەی ٩. نامەیەکی مەلا مستەفا لە فێوریەی ١٩٥٥ بۆ ڕەحیم قازی..... ١٣٣

پاشکۆی ژمارەی ٢. ناکۆکی نێوان ناوەندی کوردە موهاجیرە سیاسییەکانی مەسکەو و باکۆ ١٣٥

بەڵگەی ژمارەی ١٠. نامەی د. ڕەحیم قازی بۆ خرۆشۆف ١٥٩

بەڵگەی ژمارەی ١١. دەقی نامەی ڕەحیم قازی بۆ موستەفایێف ١٦٥

بەڵگەی ژمارەی ١٢. ڕەشنووسی نامەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی " کوردستان" (ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان) بۆ مەلا مستەفای بارزانی بە دەستخەتی عەلی گەلاوێژ ١٧١

لە نێوان ڕاستیی و چەواشەکاریدا
(سالانی ١٩٤٨ – ١٩٤٧)

مێژوو ئەو بە سەرهاتەیە کە دوور لە ویست، ئاوات، بۆچون و لێکدانەوەی ئێمە ڕوویداوە و بۆ کەسانی بەرپرس ڕەوا نییە بە مەیلی خۆیان چەواشەی بکەن و شتێکی نوێ و دوور لە ڕاستیی لێ داتاشن.

یەك لە هەرە خاڵە گرینکەکانی مێژوونووسین، ئاماژە کردن بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هتد بە پێی بەڵگە و سەلماندنی لۆژیکی ڕاستییەکانە. مخابن، زۆر جار ناکۆکیی یان بەرژەوەندیی تاکی و حیزبی، زاڵبوونی قین یان خۆشەویستی، تەنانەت نەدیتن یان ئاگادار نەبوون لە هەموو ڕەهەند و بوارەکانی ڕووداوێك، کاریگەریی هەیە لە نووسین، ئاکامبەندی و داوەری کردنی نووسەر.

سەبارەت بە ژیان و چارەنووسی کوردە پەنابەرەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکیەتی سۆڤیەتی پاش هەرەسی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦، بێجگە لە بیروەرییەکانی نەمر زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، چەند بەرهەمی بە بەڵگەی نەمر دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامی و بەڵگەگەلێك کە بەرێز حەسەن قازی لە سایتی ڕوانگەدا بڵاوی کردۆتەوە، زانیارییەکی سەرنجراکێش لەبەر دەستدا دانین. مخابن سەرەڕای بوونی بەڵگەی گرنگ و مێژوویی لە ئارشیوخانەی کۆمارەکانی

سۆڤیەتی پێشوو، بە هەر هۆکارێك بێ، لە لایەن کوردەوە ئاوڕێکی وەهای لێ نەدراوەتەوە. بێگومان ئەم چەشنە کارانە پێویستیان بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری مێژوو، هەروەها هەبوونی پاڵپشتێکی بەرچاوی ماددی هەیە.

ئەو بابەتانەی کەسانێك وەکو دکتر نوسرەتوڵڵا جهانشاهلوی ئەفشار لە کتێبی " سرگذشت ما و بیگانگان"، علی شەمیدە لە "زندگینامه شمیده"، و دوکتۆر قادر مەحمودزادە "د. ئاسو" لە کتێبی "خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو -چهره مهاباد" و تا ڕادەیەك بەریێز مەسعود بارزانی لە بەرگی یەکی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" سەبارەت بە بەسەرهات و چارەنووسی کوردە پەنابەرەکان لە یەکیەتی سۆڤیەتی و تەبایی و ناتەبایی ئەوان نووسراون، لە باری مێژوویی و کرۆنۆلۆژییەوە یەك لایەنە و دوور لە ڕاستین و زیاتر بە پێی دەنگۆ و بیسراوەی ئەم و ئەو نووسراون، لە ئەنجامدا پڕ لە دژوازین و ناکرێ وەك سەرچاوەی بە متمانە بگیرێنە بەرچاو.

بە پێی ئەو دەنگۆیانە، گوایە عەلی گەلاویژ بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە لایەن حکوومەتی ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە بە جڵو بەرگی ئەفسەری نێردراوەتە نێو پەنابەرە بارزانییەکان، یان بە وتەی مەسعود بارزانی لەوەدەچێ "کەسانێکی ناسراو لە کوردستانی ئێران، ببوون بە دارەستی باقرۆف و دەزگا نهێنییەکانی تا بە ئارەزووی خۆی بیانجووڵێنێ و بیانکاتە ئامێری لێکدابڕین و ناتەبایی[نێو کوردان][1]." [بارزانی بەرگی ١ ل ٢٣٦] لێرەدا بە پێی ئەو فاکتانەی کە لەبەردەستدان، ئاوڕێك دەدەینەوە سەر مێژووی بوونی بارزانی و کوردە باشورییەکان لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی، پێوەندیی بارزانی و کوردەکانی ڕۆژهەڵات تا کاتی ناردنی

[1] نووسراوەکانی ناو کروشە [ ] لە لایەن نووسەری ئەم کتێبەوەیە.

کوردەکانی باشوور بۆ ئوزبەکستان و پاشان ئەوتۆمەتانەی دراونەتە پاڵ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی و بە تایبەتی لە عەلی گەلاوێژ.

چوونە نێو بابەت

بۆ تێگەیشتنی باشتر لەو دەنگوباسە، پێویستە بە کورتی ئاوڕێك بدەینەوە سەر شێوەی وەرگیران و چۆنیەتیی بەرێوەچوونی کار و بار و ژیانی پەنابەرێکی سیاسیی لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو.

وەرگرتنی پەنابەرێك لە یەکیەتی سۆڤیەتی گەلێك جیاوازیی لەگەڵ وڵاتە سەرمایەدارییەکان هەبوو. کاتێ کەسێك بە نهێنیی بۆ وێنە لە ئێرانەوە دەگەیشتە نێو خاکی یەکیەتی سۆڤیەتی، ئەگەر لە لایەن حیزبێك یان ڕێکخراوێکی جێ باوەڕ و متمانەی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی وەکو حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان پەسەند کرابا، وەك پەنابەر وەردەگیرا، بەڵام لە نەبوونێ ئەم ڕەزایەتمەندییە، کەسەکەیان بە شێوەیەك تووشی کێشە و گرتن لە لایەن هێزی سەرسنوور نەبوایە، دەیانگەڕاندەوە ئێران، یان ئەگەر شکیان پێ کردبا کە سیخوڕی ئێران و ئەمپریالیستەکانە، ڕەوانەیان دەکرد بۆ بەندیخانە و ئوردوگاکانی ئاسیای ناوەڕاست و سیبریا. مخابن ئەم چەشنە ڕوودانە کەم نەبوون و زۆر کەس بێ بەڵگە و تەنیا بە حیسابی شك و گومان کردن، گیانیان کەوتۆتە مەترسییەوە. ئەم چەشنە بەسەرهاتە لە بیروەریی کەسانی وەك دوکتۆر عەتا سەفەوی، دوکتۆر ڕەحمان حەلەوی، دوکتۆر قادر مەحمودزادە و زۆر کەسی دیکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە ڕاپۆرتێکی نهێنی گوسکۆف، سەرۆکی کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەتی شورای وەزیرانی کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی باسی عەزیز ئاسەفی خەڵکی مەهاباد وەك سیخوڕی ئێران کراوە[بڕوانە بەڵگەی ژمارەی١]. ناوبراو کە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی هێنمانە و بەختەوەرانە

ڕووی لە یەکیەتی سۆڤیەتی کردبوو، بە هۆی تۆمەتێکی ئاوا ناروا، سالانێکی زۆر لە ئوردوگاکانی کاری ئیجباری سۆڤیەتی تووشی چەرمەسەریی و نەهامەتییەکی زۆر هات.[حەلەویی ٢٩٦ – ٢٩٤]

ئەو کەسانەی پەنابەری ئەو ولاتە دەبوون، زۆرتر ئەندام، کادر و ڕێبەری حیزبە چەپ و دیموکراتەکان بوون و لە باری بیروهزر و لێکدانەوەیان، یەکیەتی سۆڤیەتیان بە دۆست و پشتیوانی چین و تویژی چەوساوەی جیهان و بزووتنەوەی کریکاریی و ڕزگاریخوازی گەلان دەزانی.

ڕێبەران و کادرەکانی ئەم حیزب و بزووتنەوانەش بە پێی باوەڕی خۆیان بە سۆسیالیزم و حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی کێشە نێوخۆیی و نێو حیزبییەکەیان، پەنایان دەبردە بەر 'برا گەورە.'

لە نێو حیزبە کۆمۆنیستەکانی بەرەی سۆڤیەتی، ڕاویژکردن و ئاگادارکردنەوەی حیزبی 'برا' لە ژیانی حیزبی، ئاڵوگۆڕە نێو حیزبییەکان، کێشە ناوخۆییەکان و هتد کارێکی ئاسایی بوو. ئەم حاڵەتە تا کۆتایی سیستمی 'سۆسیالیزمی بە ڕاستیی ئارایی' لە ساڵی ١٩٩١ زایینی، دریژەی بوو.

لەم سیستمەدا، وەدیهاتنی ویست و ئاواتی ئەندامێکی حیزبیی پەنابەر یان چارەسەرکردنی زۆرینەی کێشە ئابووری و ڕۆژانەی پەنابەران بە کانالی پێوەندیی ڕێبەرایەتیی و بەرپرسانی ئەو حیزبە لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتدا تێدەپەڕی. لەو حاڵەتەدا، کەسێکی دیاریکراو یان کۆمیتەیەکی حیزبی، بەرپرسی ڕاگەیشتن بەو کارانە و پێوەندیی گرتن لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی دەبوو.

پانتایی ژیانی پەنابەر لە یەکیەتی سۆڤیەتی لە چوارچێوەیەکی بەستراوی ناو ئەو ولاتەدا قەتیس دەماوە. هەتا کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ ی سەدەی پێشوو، کە میشائیل گارباچۆف بوو بە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی

یەکیەتی سۆڤیەتی و، ئەو دەوڵەتە ئاخرین هەناسەکانی ژیانی دەکێشا، بۆ وێنە ڕێگا بە چوونە دەرەوەی پەنابەرێکی سیاسی لەم وڵاتانە و بە تایبەتی بۆ وڵاتە سەرمایەدارییەکان بەبێ ڕەزامەندی حیزبەکەی، نەدەدرا. واتە، پەنابەر مەحکوم بە مانەوە و ڕاهاتن لەگەڵ ژیانی خۆی لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بوو. تەنانەت لە سالانی دەیەی ١٩٨٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ دا ئەو کەسانەی ستاتووسی پەنابەریی سیاسییان نەبوو بۆ سەفەریی ناوخۆیی و دوورکەوتنی پتر لە ٤٠ کیلۆمیتر لە شوێنی ژیانیان، پێویستیان بە وەرگرتنی ئیزنی ئیدارەی بیانییەکان بوو.

وێدەچێ پەنابەران لە سەردەمی ستالین‌دا بۆ سەردانی شارەکانی دیکەی وەکو مۆسکۆش ناچار بوون تەنانەت داخوازییەکەیان هەتا ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستیش بنێرن. بۆ وێنە لە داواکارییەکی ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ لە فوریەی ١٩٤٨ بۆ باقرۆفدا نووسراوە:

'پێویست بە گوتن ناکا کە شاری مۆسکۆ، هیوای زەحمەتکێشانی تەواوی جیهان و دڵی هەموو خەڵکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی جیهانە؛ ئێمە وەک نوێنەری جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز لە مۆسکۆ دەڕوانین، هەر وەک ئەو موسوڵمانانە کە ڕوویان لە مەککەیە. بۆ ئیلهاموەرگرتنی زۆرتر، ئێمە ئاواتی وەدیهاتنی دیداری مۆسکۆمان هەیە.' [بڕوانە بەڵگەی ژمارە ٢]

بە پێی بڕیاری وەزارتی ناوخوی یەکیەتی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٥٤، هاوڵاتیانی بیانی و ناشارومەندانی دانیشتووی یەکیەتی سۆڤیەتی [مەبەست پەنابەرەکانە] دەبوو هەر سێ مانگ جارێ، خۆیان بە پۆلیسی شوێنی

نێشتەجێبوونیان بناسێنن و نێوی خۆیان تۆمار بکەن، و سەفەری کاتیی ئەوان بۆ شارەکانی مۆسکۆ، لێنینگراد، سۆچی و یالتا تەنیا بە پێی وەرگرتنی مۆڵەتی تایبەت لە ئیدارەی گشتی پۆلیس سەر بە وەزارتی ناوخۆی یەکیەتی سۆڤیەتی ڕێگەی پێدەدرا. ئەم یاسایە پەنابەرە سیاسییەکانی ئێرانیشی لە کۆماری ئازەربایجان لە خۆ دەگرتەوە کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٦دا پاش سەرکواتکرانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی باشووری ئازەربایجان (ئێران) کۆچیان بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی کردبوو. بەڵام بە پێی ئەوەی پەنابەرە سیاسییەکانی ئێران بە پێچەوانەی بیانییەکانی دیکە، شان بە شانی شارومەندانی سۆڤیەتی لە بواری جۆراوجۆرە پیشەییەکاندا بەشداریان دەکرد، لە زانستگاکان خەریکی خوێندن بوون و لەو ساڵانەی نیشتەجێ کۆماری ئازەربایجان ببوون، هاوسەرگیریان لەگەڵ خەڵکی سۆڤیەتی کردبوو، خۆتۆمارکردنی ئەوان بە پێی بڕیاری کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان کرا بە ساڵی جارێك و تا ڕادەیەك هاسانکاریی بۆ سەفەری کاتیی ئەوان بۆ شارەکانی ناوبراو کرا.[بڕوانە بەڵگەی ژمارە ٣ بە ڕووسی]

لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی ١٠ هەزار پەنابەر سیاسی دانیشتووی کۆماری ئازەربایجان بوون، تەمەنی ٥٦٠٠ کەسیان سەرەوەی ١٦ ساڵ و، لەوان ٢٩٢٥ کەس ئەندامی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوون.[مستەفاییف ل ١٠]

ڕووداوە تاڵەکانی سەردەمی ڕێبەرایەتی ستالین، بێریا و باقرۆف، بە تایبەتی لە دەیەکانی ١٩٣٠ هەتا سەرەتاکانی ١٩٥٠ نەك خەڵکی ئەم وڵاتە، بەڵکوو داوێنی پەنابەرە بیانییەکان و بە تایبەتی ئێرانییەکانیشی گرتەوە.

کەم نەبوون ئەوانەی لە ئاستی ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەك حوسێن شەرقی، کەریم نیك‌بین، مورتەزا عەلەوی، ئاوتیس سولتانزادە، عەبدولحوسێن حسابی (دیهزاد)، ئەبولقاسم زەڕڕە و نەسروڵڵا ئەسلانی یان ئەحسانوڵڵاخانی دۆستدار یەکێك لە ڕێبەرانی کۆماری شورایی سۆسیالیستی ئێران و سەدان کەسی دیکە کە باوەڕی ڕاستەقینەیان بە حکومەتی سۆڤیەتی و ستالین بوو، بە تاوانی 'دوژمنی گەل' بوون، گیران و لە دەیەی ١٩٣٠ لە زیندانەکاندا گوللەباران کران یا لە ئوردوگاکانی کاری ئیجباری سیبریا و ئاسیای ناوەڕاست سەریان تێداچوو. سەید جەعفەر پیشەوەری یەکێك لە ڕێبەرە بە ناوبانگەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێبەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانێش بە هۆی ڕووداوێکی گوماناویی ماشێن، لە هاوینی ١٩٤٧ گیانی بەخت کرد و زۆربەی 'فیداییەکانی' چەککران و جیاجیا لە گوندەکانی ئازەربایجاندا بڵاوکرانەوە و بەشێکشیان بۆ قەزاقستان دوور خرانەوە. پاش گۆڕانی پلان و سیاسەتەکانی مۆسکۆ لە پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردەکانی بارزانیش لە ئۆزبەکستانی کۆتایی ساڵی ١٩٤٩، تووشی چارەنووسی ئازەربایجانییەکان بوون و بۆ ماوەیەکی بەرچاو لە گوند و شارەکانی ئەو کۆماڕە بڵاویان کردنەوە.

بێ‌گومان لە فەزایەکی ئاوا پۆلیسی، لە نێو پەنابەرانیشدا، بوون کەسانێك بە پێی باوەڕ بە سیستمی یەکیەتی سۆڤیەتی و لە پێناوی بەربەرەکانی لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری و سیخوڕەکانی یان لەبەر بەرژوەندی تاکیی، هەروەها بە هۆی ترس و پاراستنی گیانی خۆ و بنەماڵەیان، هاوکاریی دەزگای ئاسایشی ئەو وڵاتەیان کردبێ. لەم حاڵەتەدا بێ‌گومان دەبێ ئەو سیستمە بە تاوانبار بزانرێ کە پەنابەرێکی بێ دەرەتانی بە پێی

باوەڕی بە بیری چەپ و سۆسیالیستی و ئازادیخوازانە، یان لەبەر ترس و پاراستنی گیانی خۆی و بنەماڵەکەی ناچار بەم چەشنە کارانەی دەکرد.

وێرای بوونی ئەم چەشنە کەسانەش، ناکرێ و نابێ بەبێ هەبوونی بەڵگەیەکەی جێ متمانە و سەلمێندراو بوختان لە کەسێك بدرێ و بە پێی ڕق و کینەی شەخسی، کێشە و ململانێ نێو حیزبی، بە ناڕەوا تاوانی کارێکی نەکراوی لێ بدرێ و کەسایەتیی خۆی و بنەماڵەی بریندار بکرێ.

هەوالنامەی کتێب

هاتنی بارزانییەکان بۆ ئازەربایجان

لە خەزەڵوەری ١٩٤٥/١٣٢٤ سێ کوردی ڕۆژهەڵاتی - مستەفا شەڵماشی، خەسرەو زولفەقاری و ڕەحمان حەلەویی دەستیان کرد بە دەرس خوێندن لە زانستگای پزیشکی باکۆ[حەلەویی ١١٧-٨٦]. لە بەهاری ساڵی ١٣٢٥/ ١٩٤٦ ساڵێك پێش هاتنی کوردە باشوورییەکان بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی، نزیك بە ٦٠ لاوی کوردیش لە لایەن کۆماری کوردستانەوە بۆ خوێندن لە فێرگەی سپایی، نێردرانە باکۆ. دوای ڕووخانی کۆماری ساوای کوردستان، زۆربەی ئەو لاوانە بە ویستی خۆیان گەڕانەوە یان وەك حەلەویی و زولفەقاری نێردرانەوە ئێران، بەڵام بەشێك لە کوردەکان وەك ڕەحیمی سەیفی قازی، عەلی گەلاوێژ، عەزیز شەمزینی، حەسەن حیسامی، سوڵتان وەتەمیشی، کەریم ئەیووبی، ڕەحمان گەرمیانی، مستەفا شەڵماشی و حامید خوسرەوەی لە یەکیەتی سۆڤیەتی مانەوە، و بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، دریژەیان بە خوێندن و چالاکی سیاسیی و ڕۆژنامەوانی دا.

کوردەکانی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی لە ١٨ – ١٧ی ژوئەنی ١٩٤٧ لە ڕووباری ئاراس پەریونەتەوە خاکی

ئازەربایجانی سۆڤیەتی.[٢] بارزانی لە ٤٠ ڕۆژی ئەوەڵدا لە پێشمەرگەکانی جیاکراوەتەوە و لە ژووریٚك لە چەشنی بەندیخانە لە نەخجەوان ڕاگیراوە [ژیگالینا. ل١١١-١١٠] و پاشان نێردراوەتە لای هاوڕێکانی. [زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی. ١٥٣].

لە ٢٣ ژوئەنی ١٩٤٧ ڕێبەریی نهێنی 'حەوت'[٣] لە پرۆتۆکۆلێکدا وێرای باس کردن لە پرسی کوردی ئازەربایجان، و هاتنی کوردەکانی باشووری

---

[٢] سەبارەت بە بەرواری چوونی کوردەکانی باشوور بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی لە سەرچاوە بەردەستەکاندا جیاوازیی بۆچوون هەیە. زرار سلیمان بەگ، بەرواری تێپەڕینی هێزەکانی بارزانی بە ڕووباری ئەرس، چوونە ناو خاکی یەکیەتی سۆڤیەتی، ١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧ (٢٨ی جۆزەردانی ١٣٢٦) دەزانێت [زرار سلێمان، ل. ١٥٠]؛ لە بەرامبەردا، ژیگالینا [مەلا مستەفا، ل. ١١٠] باس لە تێپەڕینی ئەوان لە ماوەی ڕۆژانی ١٧ و ١٨ی مانگی مای (٢٦ و ٢٧ی بانەمەڕ) دەکات.

[٣] لە ٢٢ مارسی ١٩٤٧ لە لایەن سەید جەعفەر پیشەوەری، عەبدولسەمەد کامبەخش و غولام یەحیا دانیشیان و سادقی پادگان بە نووسینی بابەتێك لە ژێر سەردێری 'هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کارە ڕێکخراویی و سیاسییەکان لە باکووری ئێران دژ بە کۆنەپەرستان' بە زمانی فارسی و ئازەربایجانی ئاماژە بە دامەزارنی ڕێبەریەکی نهێنی بە ناوی 'حەوت' دەکرێ. [بڕوانە بەڵگەی ژمارە ٤] ئەم ڕاپۆرتە لە ١٢ لاپەڕەدا بە زمانی ڕووسی، ڕێکەوتی ٢٠ مای ١٩٤٧ بە واژۆی سێ کەسی ناوبراو بۆ باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان نێردرابوو، بڕیار بووە بە پێی فرە نەتەوەیی بوونی ئێران ڕێبەرایەتیەکی ٧ کەسی بۆ ڕێکخراوێکی نوێ کە لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ڕێکخراوی 'ئازادیخوازەکان' و ئەو کۆنە تودەییانەی کە هاوەنگ لەگەڵ پلاتفۆرمی ئەم دوو ڕێکخراوەیە بوون، پێك بێ.[بڕوانە بەڵگەی ژمارە ٥]

ئەم ڕێکخراوەیە بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانیان لە ئێران سێ کەس لە ڕێبەرانی حیزبی تودەی ئێران(د. کیانووری، ئێحسان تەبەری و محەمەد ڕەزای قودوە) بە نێوی 'ترۆیکا' دیاریی دەکات و لە ڕێگای 'ئەنوەر خامەیی'ەوە کە [لە ژوئەنی ١٩٤٧] لە پاریسەوە بە ڕێگای مۆسکۆ و باکۆدا دەگەڕاوە ئێران، پەیامی ڕیکخراوی 'حەوت' بۆ پێکهێنانی ئەم ترۆیکایە بۆ د. کیانووری دەنێردرێ. بڕیار وابووە، پێوەندیی کیانووری لەگەڵ 'حەوت' لە ڕێگای عەبدولسەمد کامبەخشەوە بێ. هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوانە بۆ دامەزراندی ڕێکخراوە نهێنییە و نایاساییەکان، دەبوو دەست بە دروستکردنی یەکە پارتیزانییەکان (فیەداییەکان) لە گرووپە خەباتکارەکانی نێو ئێرانیش بکرێ.

'ترۆیکا' دەبوو لە ژێر ڕێبەریی 'حەوت' بێ و ڕێکارنامەی ئەوان بۆ کارە ڕێکخراوە نهێنییەکان و بە تایبەتی پەرەپێدان بە کاری ڕێکخراوەیی و سیاسیی لە پارێزگاکانی باکووری ئێران (ئازەربایجان، گیلان، مازەندەران، سەحرای تورکەمەن و خوراسان) دژ بە دەوڵەتی کۆنەپەرەستی ئێران ڕاپەڕێنێ.

ڕێکخراوی 'حەوت' بە هیوا بوو نەك بە ناوی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان یان حیزبی تودەی ئێران، بەڵکوو بە نێوێکی نوێ وەك 'ئازادیخوازان' بە شێوەی نهێنی دەس بە کار لە ئێران بکات. ٤ کەس لە ڕێبەریی 'حەوت' (پیشەوەری، کامبەخش، دانیشیان و پادگان) تا پێکهاتنی بارودۆخی گونجاو بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات دەبوو لە باکۆ بمێنەوە و یەك کەسیش لە عیشق ئاباد جێگیر بێ.

تا کاتی کۆچی گوماناویی پیشەوری لە هاوینی ١٩٤٧، فیداییەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ئامادە بۆ گەڕانەوەی ئێران، لە شوێنی جۆراوجۆرێ کۆماری ئازەربایجان ڕاگیرابوون، بەڵام پاش مردنی پیشەوری بەرە بەرە فیداییەکان چەککران و لەوەدەچێ کۆتایی بە ژیانی ڕێکخراوی حەوتیش هاتبێ.

[ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە نێوان ٢٠ مای ١٩٤٧ تا ١٩ ژوئەنی ١٩٤٧ ، Фонд 1, Опись 89, Дело 161, Коробка 17] بە داخەوە لە ئێستادا ڕێکەوتی وردی ئەم کۆتایی هاتنە، بۆ نووسەری ئەم دێڕانە ڕوون نییە.

لەم ڕەوتەدا ' بەشێکی کەم لە خوێندکارانی زانستگای ئەفسەریی ئازەربایجان کە دەیانویست بگەڕێنەوە ئێران، سواری قەتار کران و نێردرانە قەزاقستان و محەمەدی بیریا وەزیری مەعارفی حکومەتی میللی ئازەربایجانیش بە هۆی سەردانیکردنی بالوێزی ئێران و بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ئێران، بۆ سیبریا دوور خرایەوە[لاهرودی ١١١].

ئەنوەر خامەیی لە بیرەوەرییە سیاسییەکانی خۆیدا باس لە چاوپێکەوتنی لەگەل کامبەخش و پیشەوەری لە باکۆ دەکات.

ئەنوەرخامەیی یەکێك لە ڕێبەرانی حیزبی تودەی ئێران لە ساڵانی دەیەی ٢٠ی هەتاویی بوو کە وەك پەیامنێری ڕۆژنامەی 'رهبر' بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی ئاشتی (٢٥ گەلاوێژی١٣٢٥/١٥ ژوئەنی ١٩٤٦) نێردرابووە پاریس. بەڵام ئەو ماوەیەکی زۆرتر لە فەرانسا مایەوە و لە کاتی گەڕانەوەی لە بەهاری ١٩٤٧، لە باکۆ چاوی بە کامبەخش و پیشەوەری دەکەوێ و پەیامەکەی ئەوان کە بریتی لە ڕەمزێك بە ناوی "سێ کلیل یەکی گەورە، یەکی بچووك و یەکێکیشی ناوەنجی" بوو، وەردەگرێ و لە ئێران بە کیانووری دەدا.

لە بیرەوەرییەکانی خامەیی وا دەردەکەوێ کە کامبەخش و پیشەوەری هیچ زانیارییەکی دروستیان لە پێوەندی لەگەڵ ناوەڕۆکی بەرنامە و ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە نهێنییە بەو نەداوە. پیشەوەری پێ گوتووە 'بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی فیرقەی دیموکرات ئازەربایجان لە باکۆوە لە جێ خۆیدا نییە و مەترسیی زۆری هەیە، باشترە کەسانێك کە لە ئێرانن و دەوڵەت بە شوێنیانەوە نییە، ئەم کارە بکەن و بۆ ئەم کارەش کۆمیتەیەکی پێنج کەسی لە 'کیانووری، تەبەریی، قاسمی، قوریشی و قودوە'یان دەستنیشان کردوە. [ئەنوەر خامەیی ٥٤٦-٥٥٢]

کوردستان بۆ کۆماری ئازەربایجان، پێشنیار دەکات، کوردە بارزانییەکان وەك دەستەیەکی سەربەخۆ یان تێکەڵ لەگەڵ دەستەی 'فیدایی"ەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ کار و چالاکیی داهاتوویان لە ئازەربایجانی ئێران بەکاربهێنرێن. ئەو بۆچوون و پێشنیارانەی 'حەوت' هەروەها بۆ باقرۆفی سەرەك کۆماری ئازەربایجانیش نێردراوە [بڕوانە بەڵگەی ژمارە ٦ ی ئەم بابەتە].

لە ٢٩ سپتامبری ١٩٤٧ مەلا مستەفا بەڕێکراوەتە باکۆ. [ژیگالینا. ١١٣]

بە پێی بڕیاری دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتی لە ئۆکتۆبری ١٩٤٧ قەرار دەدرێ سێ دەستەی پیادە نیزام، یەکەی ئاوری تۆپخانە، دەستەی ئەندازیاریی، دەستەیەکی هەواڵ و زانیاریی و دەستەی تانك لە یەکەکانی بارزانی پێکبهێندرێ. لە لایەن وەزارتی هێزە چەکدارەکانی یەکیەتی سۆڤیەتەوە ئەرکی ڕاهێنانی ئەم یەکانە، بە ٢٥ ئەفسەری سپای سۆڤیەتی دەسپێردرێ .[بۆگای ٣٥، موساکی. ٧٨]

لە ١٥ی نوامبری ١٩٤٧ بارزانی بە نووسینی نامەیەك بۆ ستالین، ناڕەزایەتی خۆی لە باردۆخی نالەباری کوردەکانی باشووری کوردستان لە کاڵخۆزەکانی ئازەربایجان دەردەبڕی.[ژیگالینا ل ١١١.]. هەر لەو ڕێکەوتەدا، نامەیەکیشی بۆ میرجەعفەر باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و بەرپرسی کاروباری گەلانی ڕۆژهەلات نووسیوە. [بارزانی ل ٣٤٤ - ٣٣٣] ستالین وەلامی نامەکەی بارزانی ناداتەوە، بەڵام لە کۆتایی مانگی نوامبری ساڵی ١٩٤٧ بۆ هەوەڵ جار، بارزانی دانیشتنێکی لەگەڵ میر جەعفەر باقرۆف دەبێ و داوای یارمەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و پشتیوانی سەربازی و سیاسی لە خەڵکی کوردی لێدەکات. دوای ئەوە، زۆر جار ئەم چەشنە چاوپێکەوتنانە دووپات دەبنەوە[ژیگالینا ١١٤]. بە پێشنیاری بارزانی و

بڕیاری دەوڵەتی ئازەربایجان، هەتا کۆتایی مانگی دیسامبری ١٩٤٧ کوردە پەنابەرەکانی باشوور لە شار و گوندەکانی ئازەربایجانەوە گواستراونەتەوە باکۆ.

زۆربەی بارزانییەکان لە کاتی هاتن بۆ ئازەربایجانەوە تا ٢٣/ ١٢/ ١٩٤٧ واتە شەش مانگ، لە دەرەوەی باکۆ لە ناوچەکانی نەخجەوان، لاچین، شار وگوندەکانی شوشی، ئاغدەم، کەلبەجار و ئاغجەبەدی و ... ژیاون و لە بارودۆخێکی ناخۆشدا لە کەڵخۆزەکان کاریان کردوە. ' لەو ماوەیەی ئەوان لە کەلخۆزەکان بوون، چەند جارێك کارمەندانی دەوڵەت سەردانیان کردون و هەموو جارێ کوردیشان لەگەڵ بووە'. [زرار سلێمان ١٥٨]

پاش هێنانی تەواوی کوردە باشوورییەکان بۆ باکۆ، گواستراونەتەوە بۆ شوێنێکی سپایی لە سەر لێواری بەحری خەزەر. لە ٢٢ دیسامبر ژنرال[سەلیم] ئاتاکیشیۆف سەردانی ئوردوگای پەنابەرانی باشووری کوردستان دەکات و پاش چەند ڕۆژ، گوردانێك بە فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەوی پێك دەهێندرێ. لە لایەن سۆڤیەتەوە بۆ کار لەگەڵ کوردەکان 'کازیمۆف' [سەلاحەدین عیسازادە] کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە ناوی 'کاکاغا' بازڕەسی ڕاهێنانی سپایی بوو، و چەند ئەفسەری دیکە دەستنیشان دەکرێن.[ژیگالینا١١٤] بارزانییەکان 'بەسەر دوو بەشی گەنج[لە پەنجا ساڵ بەرەو خوار] و پیردا دابەش دەکرێن و بە شێوەی سپایی لە دوو شوێنی سەربازی ڕێکدەخرێن. [زرار سلێمان. ١٦٠ و ١٦١]

لە ١٩ی ژانویەی ١٩٤٨ واتە کەمتر لە یەك مانگ پاش گەیشتنی تەواوی پەنابەرانی باشووری کوردستان بۆ باکۆ، بە ڕەزامەندی دەوڵەتی

ئازەربایجان، کۆنفرانسێك بە بەشداریی نوێنەرانی کوردی ئێران وعێراق بەڕێوە دەچێ. ژیگالینا لەم پێوەندییەوە ئاماژە دەکات و دەنووسێ:

'بارزانی دوای ڕێکخستنی هێزەکانی، دەستی بە چالاکییە سیاسییەکانی کردەوە. لە ١٩ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٨ بە بەشداریی نوێنەرانی کوردی ئێران و عێراق کۆنگرەیەکی بەست و بەرنامە و بەڵگەنامەی گرنگی پێشکەش کرد. سەرنج و پاڵپشتی سۆڤیەتی، ڕووحیەی هێزەکانی بارزانیی زیاتر کرد و پاڵنەرێکی پێبەخشی بۆ بەردەوامبوون لە خەبات.

... پاشان هەڵبژاردنی سەرکردایەتی سیاسی کۆمیتەی ڕزگاریخوازی کورد لە نوێنەرانی کوردستانی ئێران و عێراق بەڕێوەچوو. ئەم کۆمیتەیە لە حەوت کەس بە سەرۆکایەتی م. بارزانی پێکهات.' [ژیگالینا. ١١٥].

هەولێر ئەرشیفی کتێب

لە بەرگی یەکەمی میژووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاماژە کردن بە کتێبێ 'بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٣١ -١٩٥٨، ل ٢٣٤ بەرهەمی مەسعود بارزانی، وەك سەرچاوە، بەم چەشنە باسی ئەو کۆنفرانسە کراوە:

*'دوای سەقامگیر بوونی بارودۆخی پەنابەران و ڕێکخستنەوەیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە بڕیاری دروستکردنی **ئەنجومەنێك لە شێوەی حکومەتێکی کاتی لە دەرەوەی کوردستان بۆ پەنابەرانی کورد** دراء ئەوەبوو بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سەرکردایەتییەکی سیاسی کوردی، بڕیاری*

بەستنی کۆنفرانسێکی فراوانی هاوبەش لە نێوان کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشی هەرە زۆریان لە ئەندامانی هەر دوو حزبی پارتی دیموکراتی کورد و حزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوون، درا.[1]

لە دڕێژەی باسەکەدا ئاماژە بە سێ خاڵ لە گرنگترین بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆبوونەوەیە کراوە:

۱. ژەنڕاڵ مستەفا بارزانی، سەرۆکی سەرکردایەتی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بێت.
۲. کردنەوەی بەشی کوردی لە ئێزگەی ڕادیۆی باکۆ.
۳. دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی زمان. کە دواتر بە ڕۆژنامەی کوردستان ناسرا.

[مێژووی پارتی ل ٢٦]

هەولێنەی کتێب

تێبینی:

۱. دەربارەی ئەنجومەنێك لە شێوەی حکومەتی کاتی ئاماژە بە سەرچاوەی ژمارەی ۷ واتە کتێبی مەسعود بارزانی ل. ٢٣٤ کراوە. بەڵام لەم لاپەرەیە و بە گشتی لە "بەشی دوازدەم – لەیەکیەتیی سۆڤیەتدا" لاپەڕە ٢٣١ هەتا ٢٣٦ باسی شتێکی وەها نەکراوە. [بڕوانە پاشکۆی ژمارە ۱] لەوەدەچێ سەرچاوەی ئەم بەشە بیروەرییەکانی زرار سلێمان بووبێ.

۲. لەم کۆبوونەوەیەدا نەك باسی حکومەتی کاتی یان سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری کردستان بەڵکوو باس لە

کۆبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کراوە و بارزانی وەك سەرۆکی ئەم حیزبە هەڵبژێردراوە.[لە دریژەی ئەم بابەتەدا ئەو خاڵە زیاتر شی دەکرێتەوە]

٣. لەو سەردەمەدا نەك چەمکی ڕۆژهەڵات یاخود باشووری کوردستان، بەڵکوو کوردستانی ئێران و عێراق باو بووە.

٤. 'لە مانگی سەرماوەزی ١٩٤٧ - ەوە ڕادیوی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە ناوی 'هەنگ' بەرنامەی بە زمانی ئازەری، فارسی و کوردی بڵاوکردۆتەوە،' هەروەها لە لایەن کۆردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڵاپەڕەیەك بە ناوی 'کوردستان' لە نێۆ ڕۆژنامەی آذربایجاندا ئامادە و چاپ کراوە. واتە پێش کۆبوونەوەکە، ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕەیەکی 'ڕۆژنامەی ئازەربایجاندا حەوتووی دو جار بە تیراژی ٢٠٠٠ دانە چاپ و لە نێوان پەنابەرە سیاسییەکانی ئێرانی لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی بڵاو کراوەتەوە'.[ڕاپۆرتی میر جەعفەر باقرۆف بۆ ستالین، بڕوانە بەڵگەی ژمارە ٧]

زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی یەکێك لە پەنابەرانی باشووری کوردستان لە یەکیەتی سۆڤیەتی بەم چەشنە باسی ئەو کۆبونەوەیە دەکات:

'لە پڕێکا دەنگ و باسێك ڕاگەیەندرا کە بڕیارێکی زۆر گرنگ لە سەرکردایەتی سۆڤیەت دەرکراوە. بەرەزامەندی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەتی و حزبی کۆمۆنیست و ئەنجومەنی وەزیرانی سۆڤیەت بە دانانی ئەنجومەنێك بۆ کوردە پەنابەرەکان لە شێوەی حکومەتێکی کاتی لە دەرەوەی کوردستان. ڕۆژی ١٩٤٨/١/١٩ بۆ بەستنی یەکەم

کۆبونەوەی دامەزراندنی ئەنجومەنی کاتی بۆ کوردە پەنابەرەکان لە دەرەوەی کوردستان دیاریدەکرێ و گۆیا میر حاج ئاکرەیی بە ڕێنماییەکانی مەلا مستەفا لیستەکەی ڕێکدەخات و شوێنی هەریەك لە ئەندامانی ئەنجومەن دیاریی دەکات. ئەوانەی دەستنیشان کرابوون بۆ ئەندامیەتی بریتی بوون لە: مەلا مستەفا سەرۆك، شێخ سلێمان بارزانی، میر حاج ئاکرەیی، علی محمد صدیق بارزانی، سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، محمد نجیب بەرواری، عبدالرحمان مفتی ئامێدی، سەید عزیز شەمزینی، ڕەحیم قازی سابڵاغی و **عەلی گەلاوێژ** سابڵاغی. لەم کۆبوونەویەدا پاش خوێندنەوەی وتارێك لە لایەن میرحاجەوە، لیستی ئەندامانی ئەنجومەنەکە بەم شێوەیە ڕادەگەیەنێ:

مەلا مستەفا سەرۆك، شێخ سلێمان بارزانی یاریدەدەر ئەوانیتریش لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆك شوێنیان بۆ داندرابوو(، میر حاج، محمد نجیب بەرواری، عبدالرحمان مفتی، ڕەحیم قازی، سەید عزیز شەمزینی، سلێمان بەگ، **عەلی گەلاوێژ**، علی محمد صدیق).

'لە کۆتاییدا سەرۆك وەزیرانی ئازەربایجان(حەسەنۆف) پیرۆزبایی لێکردن و بە ناوی سەرکۆماریشەوە پیرۆزبایی ئاراستەی مەلا مستەفا و ئەنجومەنە دەست نیشانکراوەکە کرد، لە دواییدا لەگەڵ مەلا مستەفا کەوتە قسەکردن و پێی گوت: جەناب ئەگەرچی ئێمە دەست ناخەینە نێو ئیش و کارەکانتان، بەڵام تێبینیم ئەوەیە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی سەرۆك کۆمار لەو لیستەدا کە خوێندراوە ڕەنگی نەدایەوە. کاتێك میر حاج گوێ بیستی ئەوە دەبێت کە ڕێنمایی و ئامۆژگاری هەبوینە و پێی نەگوتراوە هەر ئەو کات ئالۆز ببوو یەکسەر نامەی دەست کێشانەوەی نوسی و دەرکەوت و نەگەڕایەوە. یەکسەر گەڕابۆوە سەربازگەی سەر لێواری دەریا. چەند ڕۆژێك

دوای وازهێنانەکەی میرحاج(عبدالرحمان مفتی و محمد نجیب بەراوەی و سلێمان بەگ)یش کۆشکی ئەنجومەنیان جێ هێشت و گەرانەوە لای میرحاج، بۆ سەر لێواری دەریای(کاسپی)، هەر دوای ئەوان(ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژی)ش ئەوێیان بەجێ هێشتبوو، ئەو دەنگە بەرزە کپ بوو شادی و خۆشی بوو بە پەرۆشی. [ل ١٦٣ -١٦١]

لە پێوەندیی لەگەڵ ڕێژەی نوێنەرانی ئەو کۆمیتەیەدا، جیاوازیی هەیە لە نێوان لیستەی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی لەگەڵ لیستەکەی مەسعود بارزانی کە باس لە کونفرانسێکی گشتی و هەڵبژاردنی ١٤ کەس بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەکات، واتە ٧ کەس لە کوردستانی عێراق و ٧ کەسیش لە کوردستانی ئێران:

لە کوردستانی عێراق:

١. مستەفا بارزانی، سەرۆک، ٢. شێخ سوڵەیمانی بارزانی، ٣. عەلی محەمەد سدیق، ٤. میر حاج ئەحمەد ئاکرەیی، ٥. سلێمان بەگ دەرگەڵە، ٦. عەبدورەحمان مفتی ئامێدی، ٧. محەمەد نەجیب بەرواری

لە کوردستانی ئێران:

٨. سەید عەزیز سەید عەبدوڵڵا[شەمزینی]، ٩. ڕەحیمی قازی، ١٠. مستەفا سەڵماسی [شەڵماشی]، ١١.حەسەن حیسامی، ١٢. ڕەحمان گەرمیانی، ١٣.سەید کەریم [ئەیوبی]. ١٤. کاک مراد [ڕەزمئارا] [م. بارزانی.٢٣٤]

هەواڵنامەی کێشە

بە پێی بەڵگەیەکی پارێزراوە لە ئارشیوەکانی کۆماری ئازەربایجان، بە پێچەوانەی قسەکەی ژیگالینا و مەسعود بارزانی ڕێژەی ئەندامەکانی کۆمیتەکە نەك ٧ یان ١٤ کەس، بەڵکوو ١١ کەس بووە و ئەم ڕێژەیە زۆرتر لەگەڵ زانیارییەکەی زراز سلێمان بەگ هاوئاهەنگی هەیە.

لە ڕاپۆرتی حەسەن حەسەنۆف و سێ کەسی دیکە لە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان کە وەکو نوێنەری دەوڵەتی ئازەربایجان بەشداریان لەم کۆنفرانسە کردبوو، سەبارەت بە ڕێبەرایەتی کۆمیتەی هەڵبژاردراو و تایبەتمەندییەکانیان ئاوا نووسراوە:

زانیاری

سەبارەت بە کاری کۆمیتەی کورد

کۆمیتەی کورد لە ١١ ئەندام پێکدێت کە ٤ کەسیان کوردی ئێرانین و ئەوانیتر کوردی عێراقن و مستەفا بارزانی سەرۆکایەتییان دەکات.

لەدوای پێکهێنانی کۆمیتەکە چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجام دراوە و بە گشتیی تیایدا بابەتی ڕێکخراوەیی تاوتوێ کراوە.

چالاکییە کردارییەکانی ئەو کۆمیتەیە بریتین لە هاوکاری لەگەڵ دیموکراتەکانی ئازەربایجان بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی بابەتی بانگەشەیی و ڕاگەیندراویی بە زمانی کوردی. هەمووی ئەم کارانە بە گشتیی لە لایەن کوردانی ئێرانەوە بە سەرپەرستیی ڕەحیم قازی ئەنجام دەدرێن.

گرووپی مەلا مستەفا بەشداری ئەوتۆی لە کاری کردەیی کۆمیتەکەدا ناکەن.

هەوالنامەی کتێب

پێوەندی نێوان مەلا مستەفا و ڕەحیم قازی تا ئەمڕۆ هەروا خراپ و ناخۆش ماوە و دیارە ئەمە هۆکاری ئامادەنەبوونی مەلا مستەفایە بۆ بەشداری چالاکانە لە کارەکانی کۆمیتەکەدا.

میر حاج ئەحمەد، یەکێك لە نزیکانی مەلا مستەفا ناڕازییە لە بارودۆخەکەی، بەپێی لێکدانەوەی ئەو، لە لایەن ئێمەوە سەرنجی پێویستی پێنەدراوە و متمانەی سیاسیی پێنەکراوە، خواستی خۆی بۆ گواستنەوەی بۆ ناوچەیەکەی دیکەی یەکیەتیی سۆڤییەت دەربڕیوە.

کۆمیتەی کورد بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە نائاساییە، پێویستی بە هاوکاری کردەیی ڕۆژانەی ئێمە هەیە، هەروەها دەبێ مەلا مستەفا لەوە تێبگات کە پێویستە پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕەحیم قازی باشتر بکات و لە کارەکانی ئەو کۆمیتەیەدا بەشدار بێت.

پێویستە قسە لەگەڵ میر حاج ئەحمەد بکرێت بۆ باشترکردنی باری دەروونییەکەی، لەهەمان کاتدا دەکرێ وەك کەسێك لەقەڵەم بدرێت کە متمانەی بەخۆی نییە.

هاوپێچ: لیستی ئەندامەکانی کۆمیتەی کورد و تەیبەتمەندییەکانیان.

واژۆ:

حەسەنۆف. ح

ئیبراهیمۆف. م

یعقوبۆف. ت

ئیمیلیانۆف. س

٢٠ی مارسی ١٩٤٨

هەواڵنامەی کێب

لیستی کۆمیتەی کورد

زانیاری

۱. مەلا مستەفا بارزانی - سەرۆکی کۆمیتە. موچەی شەخسیی بۆ دانراوە کە مانگانە ۲۰۰۰ ڕوبڵە. زمانی ڕووسی دەخوێنێت. لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا چەندین کۆبوونەوەی کۆمیتە لە پێوەندی لەگەڵ پرسە ڕێکخراوەییەکان ئەنجام دراوە. ئەو، بە پێی ئەوەی زۆرتر بایەخ بە کردەوەی چالاکی سوپایی لە دژی کۆنەپەرەستانی ئێران دەدات، گرنگی بە پێکهاتە تەشکیلاتیەکان نادات.

زۆربەی کات ئەو[بارزانی]، ڕەحیم قازی ئەندامی ئەو کۆمیتەیە وەك گەنجێك کە هیچ ئەزموونێکی لە ژیاندا نییە، هەروەها خزمێکی نزیکی ڕێبەری پێشووی کورد قازی محەمەدە، کە مەلا مستەفا پێوەندییەکی خراپ و ناخۆشی لەگەڵدا هەبووە، پشتگوێی دەخات.

مەلا مستەفا لەم دواییانەدا وازی لە قسەی نەرێنی سەبارەت بە دۆخی نالەباری خۆی و کوردە هاوعەشیرەکانی هێناوە.

۲. شێخ سلێمان بارزانی - جێگری سەرۆکی کۆمیتەیە. موچەی شەخسی مانگانەی بە بڕی ۱۵۰۰ ڕوبڵ بۆ دانراوە. زۆر سەرقاڵی فێربوونی زمانی ڕووسییە. بەشداری لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتە دەکات. لە ئەنجامدانی کارەکانیدا جیددی نییە. بەتەواوەتی لەژێر کاریگەریی مەلا مستەفادایە.

۳. ڕەحیم قازی - بەرپرسی بانگەشەی کۆمیتەیە. لە مەدرەسەی حزبی دەخوێنێت و دەرماڵەی خوێندن وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە ۱۲۰۰ ڕوبڵ. چالاکانە بەشداری لە کاری حیزبیدا دەکات، لەوانەش دەرکردنی ئۆرگانی حیزبی، ڕۆژنامەی "ئازەربایجان"(بەشی کوردی). گەنجە و ناشارەزایە و لێهاتوویی پێویستی لە کاردا نییە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆرینەی کۆمیتە لەلایەن گروپەکەی مەلا

مستەفاوە پێکهێناوە، ئەو لە کۆمیتەکەدا قورسایەتییەکی یەکلاکەرەوەی نییە.

٤. شەمزینی، عەزیز- لێپرسراوی بەشی ڕێکخراوەیی کۆمیتە. پێشتر لە زانستگای پزیشکی دەیخوێند. لە ئێستادا وانە بە کوردانی عەشیرەتی بارزانی دەڵێتەوە، سوود لە خۆراکی بێبەرامبەر وەردەگرێت. تا ساڵی ١٩٤٨ دەرماڵەی خوێندنی بە بڕی ٥٠٠ ڕوبڵ لە مانگێکدا لە ئەنجومەنی وەزیران وەرگرتووە. لە ئێستادا پرسی بەردەوامیدان بە پێدانی دەرماڵەکە لە پرۆسەی چارەسەرکردندایە.

٥. میر حاج ئەحمد - ئەندامی کۆمیتە. مووچەی شەخسی مانگانە بە بڕی ١٥٠٠ ڕوبڵی بۆ دانراوە.

بەشداری لە کاری کۆمیتە دەکات. هیچ پێداگرییەك لە کارەکان پیشان نادات. ناڕازییە لە بارودۆخەکەی و بەو بیرۆکەیەی کە بارودۆخی ژیانی ئاسایی بۆ دابین نەکراوە و لە ڕووی سیاسییەوە متمانەی پێ ناکرێ، بە ئاشکرا وێستی خۆی بۆ گواستنەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی یەکێتی سۆڤیەتی دەردەبڕێت.

٦. گەلاوێژ، عەلی، ٧. ئەیوبی، کەریم – ئەندامانی چالاکی کۆمیتە. ئەوان هەموو ڕۆژێك سەرقاڵی کاری حیزبین و لە مەدرەسەی حزبی دەخوێنن و دەرماڵەی خوێندن وەردەگرن و سوود لە خۆراکی بێبەرامبەر وەردەگرن. هەردووکیان داهاتوویەکی ئومێدبەخشیان هەیە.

٨. موفتی عەبدوڕەحمان، ٩. محەمەد نەجیب [بەرواری]، ١٠. عەلی محەمەد [سدیق] ١١. سلێمان بەگ بەکر [دەرگەڵەیی]

ئەندامانی کۆمیتەن، پێداگرییەك لە کارەکانیاندا پیشان نادەن. بەتەواوی لەژێر کاریگەری مەلا مستەفادان و فەرمانەکانی پێڕەو دەکەن. [هەرکام] مووچەی مانگانە بە بڕی هەزار ڕوبڵیان بۆ دانراوە.

حەسەنۆف، ح

ئیمیلانۆف س
یعقوبۆف ت
٢٠ی مارسی ١٩٤٨
[بۆ دەقە ڕووسیەکە، بڕوانە بەڵگەی ژمارەی ٨]

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێك بکرێ:

١. بە پێچەوانەی نووسراوەکەی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم کۆبوونەوەیە نەك لە پێناوی پێك هێنانی **'ئەنجومەنێك لە شێوەی حکومەتی کاتی لەدەرەوەی کوردستان بۆ پەنابەرانی کورد'**، [زرار سلێمان ١٦١، مێژووی پارتی ل ٢٦] بەڵکوو زۆرتر لە پێناوی دریژە پێدان بە چالاکی کوردە پەنابەرەکان لە سۆڤییەت بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دیاریکردنی ئامانج و هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە بووە.

ناوەڕۆکی نوتقی مەلا مستەفا لەم کۆبوونەوەیە و، بابەتێکی د، ڕەحیم قازی ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە.[مێژوی پارتی، بەرگی یەکەم ل ٢٧ تا ٤٩، پێشەنگ ژمارەی ١١].

ڕێپێدان بە دامەزراندنی حکوومەتی کاتی بۆ کوردە پەنابەرەکانی ئێران و عێراق لە یەکیەتی سۆڤیەتی، ناتوانێ هاوئاهەنگی لەگەڵ سیاسەتی ئەو کاتەی سۆڤیەتی بووبێ کە پاش دانوستانی ستالین لەگەڵ قەوام و کیشانەدەرەوەی سپای سوور لە ئێران، بوو بە هۆی هێرشی سپای ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان لە سەرماوەزی ١٩٤٦ و لەناو بردنی کۆماری کوردستان و حکومەتی خودموختاری ئازەربایجان.

لەوەش ناچێ باقرۆف کە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ ئەو زۆر گرنگتر لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و کێشەی کورد بوو، هەروەها

هەمیشە کوردستانی لە ئێران وەکو بەشێك لە ئازەربایجان پێناسە دەکرد، ئەو دەرفەتەی کە بۆ هەزاران پەنابەری ئازەری نەخوڵقاند، بۆ ٥٠٠ پەنابەری کورد بخوڵقێنێ. پێکهێنانی ئەنجومەنێك لە چەشنی حکومەتی کاتی ئەویش لە وڵاتێك کە هاوسنووری ئێرانە، نەك هەر لەگەڵ سیاسەتی ئەو کاتەی یەکیەتی سۆڤیەتی نەدەهاتەوە، بەڵکوو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی وەهاش نەك کۆمیتەیەکی ١١ کەسی بەڵکوو دەبوو ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك کۆمار، پارلەمان و هتد دیاری کرابا!

لە لایەکی دیکەشەوە لە هیچ شوێنێکی نوتقی مەلا مستەفای بارزانی باسی دیاردەیەك بە ناوی حکومەتی کاتیی کورد لە دەرەوەی وڵات نەکراوە، بەڵکوو باس لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك نوێنەری ڕاستەقینەی نەتەوەی کورد دەکرێ کە **'دەتوانن لە هەموو خصوصیکدا رهبری میللەتی کورد بکەن.'**[میژووی پارتی. بەرگی ١. ل ٢٩].

بارزانی بە دوای باسێکی دوور و درێژ دەربارەی میژووی خەباتی گەلی کورد، لە بەشی 'ئامانجی سیاسی' ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنك دەکات وەکو 'دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتیك پاش ئازادکردنی کوردستانی ئێران، برایەتی و یەکیەتی لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و خەباتی هاوبەش دژ بە دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران هەتا گەیشتنی گەلی ئێران بە ئازادی ڕاستەقینە و یاسایی، هەروەها 'ئیستنادگاە' بوونی کۆماری کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ ئازادکردنی هەموو کوردستانی گەورە و ئەرکی دەوڵەتی داهاتوی کورد لە پێوەندیی لەگەڵ حکومەتی نەتەوەیی ئێران و ئازەربایجان و سۆڤیەت و ...' [میژووی پارتی، بەرگی ١. ل ٤٢ – ٤١]. لەم وتارەدا بە گشتی باس لە ئامانجی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ **پێکهێنانی**

حکومەتی نەتەوەیی کورد لە داهاتوودا کراوە و خالیکی پێوەندیداری لەگەڵ دامەزراندنی ئەنجومەنێك لە چەشنی حکومەتی کاتی بۆ پەنابەرانی کوردی تێدا نییە.

دوکتۆر ڕەحیم قازی لە پێوەندیی لەگەڵ پێکهێنانی کۆمیتە ناوەندی دەروەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەنووسێ:

'کاتێك بارزانییەکان لە قەراغ شاری باکۆ لە یەك جێ وەخڕ هاتن و کاروباری ژیانیان لە هەموو ڕوویەکەوە بە ڕێك و پێکی بوو، لەگەڵ مەلا مستەفا هاتینە سەر ئەم بڕیارە کە بە ئامانجی بەڕێوەبردنی کاروباری تەشکیلاتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەرۆکایەتی کردنی بەڕێوجێ بەسەر پرۆپاگاندا کە بڕێتی بوو لە ڕۆژنامە و وتارنووسین و شارەزاکردنی بارزانییەکان لە چلۆنایەتی جیهانی و هتد، ئۆرگانێکی سەرۆکایەتی سیاسی پێك بێنین. ئەوەبوو کە کۆمیتەی ناوەندی دەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانمان پێك هێنا. مەلا مستەفا بە سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی و ئەمنیش بە یاریدەری سەرۆك و بەرپرسی پرۆپاگاندا دیاری کرام. میرحاج و شێخ سولێمانی برازای مەلا مستەفاش لە ڕیزی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بوون. هەتا ئەو کاتەی کە بارزانییەکان ڕانەگوێزرابوون بۆ کۆماری ئۆزبەکستان بەیەکەوە تێدەکۆشاین، ڕۆژنامەمان دەردەچوان و وتارمان دەداو و هەموو حەفتەیەك جارێك بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا کۆبوونەوەمان دەبوو.' [پێشەنگی ژمارەی ۱۱، ئازای ۱۹۸۶]

٢. بە پێچەوانەی قسەکانی زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، لەوەدەچێ کۆمیتەی هەڵبژاردراو وێرای کێشە و ناتەبایی نێوان ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە تا ناردنی کوردەکانی باشوور بۆ ئۆزبەکستان درێژەی بە کۆبوونەوە، کار و چالاکی سیاسی داوە. هەروەها لە کاتی هاتنی بارزانییەکان بۆ باکۆ هەتا کاتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ ئۆزبەکستان لە ٢٧ی مانگی ٨ی ١٩٤٨، نوێنەری کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە قازی، گەلاوێژ، ئەیووبی و شەمزینی، هاوکارییان لەگەڵ بارزانی کردوە و ئەرکی سەرەکیی ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژنامەی کوردستان و بەشی کوردیی ڕادیۆی فرقە دیموکراتی ئازەربایجان لە ئەستۆی ئەوان بووە.

٣. بە پێچەوانەی تەواوی دەنگۆ بێ بەڵگەکان، عەلی گەلاوێژ بە پێی کرۆنۆلۆژی ڕووداوەکان، لە کاتی هاتنی بارزانییەکانەوە بۆ ئازەربایجان وەکو زۆرینەی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان، کەسێکی شاراوە بۆ بارزانی نەبووە و، لەوەدەچێ وەك ڕەحیم قازی هەر لە سەرەتاوە بەشداری کردبێ لە جێبەجێ کردن و دابین کردنی بارزانییەکان. **بێگومان کەسێك کە هەڵبژاردەی لیستی بارزانی بۆ سەرۆکایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووبێ و بتوانێ بە وتەی بارزانی 'لە هەموو خصوصیکدا رهبری میللەتی کورد' بکات ئەستەمە کەسێکی نەناسراو، سیخوڕی ڕووس یان ئازەربایجان بووبێ!**

٤. لەوەدەچێ بزربوونی ناوی گەلاوێژ و، بوونی ناوی کەسانێك وەکو حەسەن حیسامی، مستەفا شەڵماشی، حەسەن گەرمیانی، موراد ڕەزمئارا لە لیستی کاك مەسعود و کتێبی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ناکۆکیی سالانی دەیەی ٥٠ی زایینی لە نێوان

کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی دانیشتووی مۆسکۆ و باکۆ، هەروەها لایەنگری کردنی بارزانی لە دژبەرانی قازی و گەلاوێژ بووبێ.
نێوی ڕ. قازی بە پێی ئەوەی لە بنەماڵەی ناسراوی پێشەوا قازی محەمەد بوو، بۆ پاك کردنەوە نەدەبوو، بەڵام بزرکردنی ناوی گەلاوێژ یان هەر کەسی دیکە بێگومان بۆیان هاسانتر بووە. لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی چوار کەسی نوێنەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی ٧ کەسی کوردی باشوور لەم کۆمیتەیەدا، دەتوانێ پێوەندیی بە زۆربوونی ڕێژەی پەنابەرانی باشووری لە کۆبوونەوەکە و دەنگدانی ئەوان بۆ نوێنەرانی ئامادەبوو بووبێ. بەڵام لە کتێبی کاك مەسعود و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستاندا وێدەچێ بۆ پاریزراو پیشاندانی مافی بەرانبەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێرای کەمبوونی ڕێژەی ئەوان، لە لایەن مەلا مستەفاوە ناوی چوار کەس لەوانەی لە کۆتایی ساڵەکانی ٥٠ی زایینی لە بارزانی نزیکتر بوون، لێی زیاد کرابێ و نێوی گەلاوێژیشیان پاك کردبێتەوە.
بە پێی زانیارییەکەی حەسەنۆف کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەشێکی بەرچاو لە کێشەی بارزانی و ڕەحیم قازی بۆ کاتی چالاکی و هاوکارییان لە کۆمیتەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باکۆ و پشتگوێ خستنی ڕەحیم قازی لە لایەن بارزانییەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام وێرای ئەوەش، بەڵانی کەم حەوتووی جارێك پێکەوە کۆبوونەتەوە و کارەکانیان ڕاپەڕاندوە.

٥. ڕەحیم قازی لە بابەتێك کە لە وڵامی بیرەوورییەکانی نوری شاوەیس سەبارەت بە دژایەتی بارزانی لەگەڵ ئەو بۆ دامەزراندنی 'پارتی

دیموکراتی کوردستانی ئێران'، حاشا له بوونی کێشەیەکی وەها جیددی له نێوان خۆی و بارزانی هەتا سالّانی دەیەی ١٩٥٠ دەکات:

'ڕاستە له سالّەکانی دوایی، کاتێك مەلا مستەفا له مۆسکۆ نیشتەجی بوو، چەند کەسێکی لەو کوردانەی کە دەرحەق بە یەکێتی سۆڤیەت نەمەك بە حەرام دەرچوون و ئێمە ناچار بووین له ڕێزی خۆمانیان وەدەرخەین کەوتنە حەول و تەقەللاو بۆ پێك هێنانی ناکۆکی و ناتەبایی له نێوان مەلا مستەفا و ئەمن‌دا و دەنگ و باس و شایعەی جیاواز جیاوازی دوور له ڕاستەقینەیان بلّاو دەکردەوە، بەو بۆنەیەوە چەند دانیشتنمان پێك هێنا بۆمان ڕوون بۆوە کە بۆ ناتەبایی و ناکۆکی نێوانمان هیچ ئەساسێك نیە. چەند نامەیەکی مەلا مستەفام له لایە کە له مەسکەو ڕا بۆی ناردوم و بە خەتی خۆی نووسیویەو له هەموو ئەونامانەدا بە ئاشکرایی وەدەردەکەوێ کە مەلا مستەفا تا چ ڕادەیەك ڕێزی بۆ داناوم و ڕازی بوونی خۆی له کاروباری ئەمن دەربریوە[پێشەنگ. ژ ١١]

چەند نامەیەکی بارزانی و قازی له سالّەکانی ١٩٥٠[٤] [هەروەها بڕوانە بەڵگەی ژمارەی ٩] باس له هەبوونی پێوەندیی نێوان ئەوان دەکات، بەڵام ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستدان هاوکات ئاماژە بە بوونی کێشە لە ئاستێکدا دەکەن کە هەر دوو لا دژ بە یەك ڕوویان له بەرپرسانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی کردبێ.

[4] https://ruwange.blogspot.com/2008/02/8.html
https://ruwange.blogspot.com/2008/01/
https://www.historyofkurd.com/2016/12/27/6

'کاتێك لە ساڵی ١٩٥٤ مەلا مستەفا لە مۆسکۆ لە مەدرەسەی باڵای حیزب[ی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی] وەك گوێگر ئامادە بووە، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی ف. و وولوشین لە ١٣ی دیسامبری ئەو ساڵەدا، داوای ڕاگەیاندنی زانیارییەکانی لەسەر ڕەحیم قازی بە هاوڕێیانی سۆڤیەتی کردوە. بە پێی زانیارییەکانی ئەو، ڕەحیم قازی پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان هاوڕێ کوردەکانی کۆکردۆتەوە و دروشمی "**بمرێ یەکیەتی سۆڤییەتی و بژی قەواموسەلتەنە**"ی داوە و هەر ئەو ڕۆژە چووەتە بالوێزخانەی ئێران لە باکۆ و داوای وەرگرتنی ویزای بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران کردوە و ئەوانیشی هانداوە بۆ ئەوەی، ئەم کارە بکەن. هەروەها بارزانی باسی ناردنی دیاریی بە نرخی قازی محەمەد بۆ میرزا ئیبراهیمۆفی لە ساڵانی ١٩٤٦ - ١٩٤٧ دا کردوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئەو کۆمیسیۆنە، کە بۆ باکۆ نێردرابوو 'گومانەکانی بارزانی لەسەر ئیبراهیمۆف' پشت ڕاست نەکردۆتەوە.' [جەمیل حەسەنلی، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢]

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان بێجگە لە چەند کەسێك، زۆرینەی ئەوانەی بۆ خوێندن لە فێرگەی ئەفسەریی ئازەربایجان، لە لایەن کۆماری کوردستانەوە بۆ باکۆ نێردرابوون، گەڕانەوە ئێران و بەشێك لەوان وەکو غەنی بلووریان و قادر مەحمودزادە دریژەیان بە خەباتی خۆیان دا. غەنی بلووریان گیرا و پتر لە ٢٥ ساڵ لە بەندیخانەی ئێران مایەوە و قادر مەحمودزادەش ناچار بوو لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاویی بگەڕێتەوە یەکیەتی سۆڤیەتی. لەوەدەچێ ڕەحیم قازی - یش بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نهێنی 'حەوت' لە ژێر سەردێری 'هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کارە ڕێکخراویی و سیاسییەکان لە باکووری ئێران ڕێکەوتی ٢٠ مای

١٩٤٧، به هیوای چوونەوە بۆ ئێران بووە، بەڵام پاش له سێدارە درانی براکەی پەشیمان بۆتەوە.' [بڕوانە بەڵگەی ژمارەی ٥]
قادر ڕەحمان زادە سەبارەت به گەڕانەوەی خۆی و زۆربەی خوێندکارە کوردەکان بۆ ئێران دەنووسێ:

'لەو نێوانەدا دەنگۆی ئەوە بوو خوێندکارە کوردەکان لەوەدەچێ لەجیاتی ناردنەوە بۆ نیشتمان، ڕەوانەی سیبریا بکرێن، هاوکات نییەتی کوڕەکانیش بۆ یەکتری ناڕوون و هۆی دردۆنگی و سەرلێشێواویی بوو. ڕەحمەن گەرمیانی و سەید کەریم ئەیوبی و حەسەن حیسامی و عەلی گەلاوێژ و ئەفسەرە فەخرییەکان: ڕەحیم قازی و سەید عەبدولعەزیز[شەمزینی] ئامادەی گەڕانەوە بۆ ئێران نەبوون.[خاطرات دکتر آسو. ١٥٢]

بێگومان باوەڕ پێکردنی دەزگای ئاسایشی سۆڤیەتی بەوەی ڕەحیم قازی درووشمی**'بمرێ یەکیەتی سۆڤیەتی'** دابێ، دەیتوانی بۆ قازی زۆر گران تەواو بێ! به تایبەتی ئەگەر سەردەمی خرۆشۆف نەبایە، **دەنگۆیەکی وەها دەیتوانێ بێتە هۆی گیران، ئەشکەنجە، دوورخستنەوەی ڕەحیم قازی بۆ سیبریا و یا کوژرانی له بەندیخانەدا.**
به هۆی بەردەوام بوونی ئەم کێشە و ناتەباییانە، ڕەحیم قازی له ساڵی ١٩٥٦ نامەیەك بۆ نیکیتا خرۆشۆف، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی سوڤییەتی [بەڵگەی ژمارە ١٠] و مستەفایێف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان،[بەڵگەی ژمارە ١١] دەنووسێ و داوای خۆتێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕێبەریی سۆڤییەت بۆ کۆتایی هێنان به بانگەشەکانی بارزانی

دژ بە خۆی‌و ڕێبەرانی گیانبەختکردوی کۆماری کوردستان دەکات و دەنووسێ:

بۆ هاوڕێ خرۆشۆف ن. س

.....

بەڕێز نیکیتا سێرگێوویچ، من هەروەها ڕێزێك کێشەی شەخسی گرنگم هەیە، کە پێویستیی بە خۆتێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤییەتی هەیە، ئەو جۆرەی من ئاگادار کراومەتەوە، مەلا مستەفا نیشتەجێ مۆسکۆ خەریکی بانگەشەی هاندەرانە دژ بە ڕێبەرانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کوردە، کە بە دەست ئیمپریالیسمی ئەمریکا کوژراون. هەروەها کوردە پەنابەر سیاسییەکانیش دژ بە من هاندەدات.

...

جولای ۱۹۵٦، سەیفی قازی. ڕ. ح

هەر وەك پێشتر ئاماژە کرا، لە سۆڤییەت زۆرجار ڕێبەرانی سیاسی حیزبە چەپ و دیموکراتە بیانییەکان بە پێی ئەو باوەڕەی بە 'برا' گەورەیان بوو، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو خۆیان، پەنایان دەبردە بەر ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی. بەڵام جیاوازیی گەورە هەیە لە نێوان نامە و ڕاپۆرتدانێك کە ببێتە هۆی کێشە سازکردن بۆ لایەنی بەرانبەر لەگەڵ هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بەم چەشنە کێشانە و چارەسەرکردنی بەشێك لە ناکۆکییەکان.

سەرەڕای تەواوی ئەم کێشانەش، دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی 'کوردستان' لە باکۆ بەردەوام هەوڵی خۆی بۆ هێمن کردنەوەی

بارودۆخەکە و پێکهێنانی بەستێنێك بۆ هاوکاریی لەگەڵ بارزانی داوە. [بڕوانە بەڵگەی ژمارەی ١٢]

٦. لە گۆڤاری 'مامۆستای کورد' چاپکراوی سوید بە سەرنووسەریی کاك فەرهاد شاکەلی، لە ژمارەی ١٨ – ١٧ی، لاپەڕەی ٤، بەهار و هاوینی ١٩٩٣، واتە دوو ساڵ پاش کۆچی دوایی دوکتۆر ڕەحیم قازی، لە ژێرنووسی بابەتی کەسێك بە ناوی محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق کە لە ١٩٩٣/٤/١ لە سلێمانییەوە بۆ گۆڤارەکە بڵاو بۆتەوە. نووسەری نامەکە وێرای بەرز نرخاندنی 'مامۆستای کورد' ئاماژەی بەوە کردوە کە "هەندی جار لەگەڵ بۆچوونەکانی هێژا د. ڕەحیمی قازییە کە لە ژمارەیەکی گۆڤارەکەدا[ژمارەی ٦، بەهاری ١٩٨٨] بڵاو بۆتەوە". لە دریژەی ئەم کورتە یادداشتەدا لە لایەن گۆڤاری مامۆستای کوردەوە، بە پێی نووسراوە نەسەلمیندراوەکەی مەسعود بارزانی لە بەرگی دووەمی بارزانی بە ناوی 'البارزانی و الحرکه التحریریه الکردیه ١٩٤٥ - ١٩٥٨، لە پێوەندی لەگەڵ' دەوری شەرماویی کەسانێکی ناسراو لە کوردستانی ئێران' لە سەردەمی باقرۆفدا، سەرەڕای ئەوەی کاك مەسعود بارزانی لە بابەتەکەی خۆیدا ئاماژەی بە هیچ نێوێك نەکردوە، نووسەر بێ هەبوونی هیچ بەڵگەیەك، بێ یەك و دوو د. ڕەحیم قازی تاوانبار بە سیخوڕی دەزگای ك. گ. ب دەکات و دەنووسێ:

" دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد ئیدی نەگەڕایەوە و ٤٥ ساڵی لەوەبەدوای ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە ك گ. ب. (دەزگای جاسووسیی سۆڤییەت) تەرخان کردبوو."

د. ڕەحیم قازی لە بانەمەڕی ١٣٥٨ واتە نزیکەی ٣ مانگ پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویی گەڕایەوە ئێران. لە کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران لە ڕێبەندانی ١٣٥٨ وەك ئەندامی کومیتەی ناوەندی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا. د. ڕەحیم یەکێك لەوانەی بوو لە جۆزەردانی ١٣٥٩ بە ناوی پێڕەوانی کۆنگرەی ٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە حیزبی دیموکرات جیا بۆوە و لەوەدەچێ لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٦١ دا گەڕابێتەوە بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەتی.

ڕەحیم قازی نووسەرێکی بە توانا بوو و ڕۆمانی 'پێشمەرگە' و کتێبی 'بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی گەلی کورد و قازی محەمەد'، هەروەها زۆر وتاری نەتەوایەتی ئەو لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپی باکۆ، بەشیکن لە خزمەتی ئەو لە بواری سیاسی و وێژەی بە گەلەکەی. دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول لە پێشەکی ڕۆمانی 'پێشمەرگە'دا، ڕەحیم قازی وەکو 'خوێندەوارێك' پێناسە دەکات کە "*هۆش و بیری کوردایەتییەکەی بە بیری نوێ لە خاکی سۆڤیەتدا پەروەردە کردوە و ئێستا سەربازێکی ڕۆشنبیری پڕ باوەڕە لە کۆڕی خەباتی گەلە نەبەزەکەماندا*" [پێشمەرگە ل ١٢] و مامۆستا حەسەن قزڵجی، باس لە ڕەحیمی قازی وەکو '*هێندی کەسی دڵسۆز دەکات بە هەر جۆرێك بووبێت نەتەوەی خۆیان لە بیر نەچووتەوە و کروکاشێکیان هەر بۆ کردووە، یەکێ لەوانە کاك 'ڕەحیمی قازی' یە کە چیرۆکی پێشمەرگەی نووسیوە. ... کە بە ڕاستی ئەمە خشتێکی گرنگە لە کۆشکی ئەدەبی کوردیا و خزمەتێکی بە نرخە بە زمان و مێژووی نەتەوەکەمان*"[پێشمەرگە ل ١٧ و ١٦]

دوکتۆر کامل حسن البصیر ئەدیب و ڕەخنەگری ئەبی بە ناو بانگی کورد، باس لە د. ڕەحیم قازی وەکو '*مرۆڤێکی بیرڕووناك دەکات کە ڕابووردویەکی جوانی هەیە لە تیکوشان، وە ئیستاش هەر لە هەوڵدایە بۆ*

خزمەت کردنی نەتەوەی کورد و مرۆڤایەتی'. البصیر بەم چەشنە باسی گەلی کورد لە کتێبی پێشمەرگە دەکات:

گەلی کورد، بەم سێ ڕەوشتەیەوە کەوا لە چیرۆکی پێشمەرگەدا باسی کراوە، تێئەکوشی لە پێناوی سەربەخوبی و ئازادیا، خەباتەکەشی خەباتیکی نەتەوایەتییە کە لە جەرگەی کومەلانی خەڵکەوە هەلقوولاوە. لەبەر ئەوە دکتور قازی هیچ ریبازیکی ئێران چێتی نەگرتوەتە بەر، بەڵکو ریبازەکەی ریبازیکی کوردستانییەتە، ئەم ریبازەش لە لایەن دکتوریکەوە کە لە یەکێتی سوڤیت ئەژی وەکو دکتور ڕەحیمی قازی، هەلوێستیکی ڕاست و ڕەوان وەدەرئەخا کە پێویستە پەیڕەو بکری لە مەسەلەی کوردا لە ئەنجامدا بانگی بیرکەرەوانی(مفکرین) گەلی کورد ئەکەم بە تایبەتی نوسەرەکانمان کە بە وردی و سەرنجەوە ئەم چیرۆکە بخوێننەوەو باش تێی بگەن، چونکە ئەمە نموونەیەکی نوێیە بو پیشاندانی بزووتنەوە کورد، وە چاکترین شێوەیە بو ئاراستە کردنی کومەلانی خەلکی کوردستان لەبەر ئەوە پر بە دل پیرۆزبایی لە دکتور ڕەحیمی قازی ئەکەین کە ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی دەست کەوت لە چیرۆکی پێشمەرگەدا. [البصیر. ل٩٧ و ٨٦](لە باری ڕێنووسییەوە دەس لەم پاراگرافە نەدراوە)

چالاکی و بەرهەمەکانی ڕەحیم قازی لەوەدەچێ نەك لە بەرژوەندیی ك. گ. ب، بەڵکوو لە خزمەت بە گەل و نیشتمانی خۆی بووەبێ. نووسینی بابەتێکی وەها لە لایەن سەرنووسەری 'مامۆستای کورد' یان هەر

کەسێکی دیکەوە، زۆرتر نیشانەی نەبوونی زانیاریی و بەرپرسایەتی ئەوانە و لە قورسایەتی گۆڤارەکە کەم دەکاتەوە کاتێ زانیاریی ناڕاست دەخاتە بەردەم خوێنەر.

٧. لە پێوەندیی لەگەڵ تاوانبار کردنی عەلی گەلاوێژ لە لایەن چەند کەسێك وەکو جهانشاهلو، شەمیدە و تا ڕادەیەك د. قادر مەحمودزادە بە سیخوڕی کردن لە بارزانییەکان، کورتە ئاماژەیەك لە کۆتایی ئەم بابەتەدا بە دژوازی قسەکانی ئەوان لە باری لۆژیکەوە دەکەین و دەبینین چەندە ئەم قسانە ساویلکانە و بێ بنەمان.

عەلی گەلاوێژ کاپیتانی کۆماری کوردستان و کوڕی برایم سەلاح یەکێك لە فەرماندە ناسراوەکانی سپای کوردستان بوو. گەلاوێژ لە باکۆ یەکێك لە کوردە ناسراوە و چالاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و بێگومان وەك ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەیزانی ئەگەر کارێکی وەها لەگەڵ بارزانییەکان بکات ئەوەڵ و ئاخر بەرەوڕووی بارزانی دەبێتەوە و دەناسرێتەوە. لە لایەکێشەوە کەسانێك وەك عەزیز شەمزینی و خوێندکارە کوردەکانی دیکە کە لە پێوەندیی لەگەڵ بارزانییەکاندا بوون، دەیانتوانێ سەرچاوەی زانیاریی لەسەر کەسایەتی گەلاوێژ بن. بەم پێیە بڵێی گەلاوێژ ئامادە بووبێ بەو ساکارییە کەسایەتی خۆی بخاتە مەترسییەوە؟ ئایا لە هیچ شوێنێك بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەم چەشنە تاوانە بینراوە؟

لە لایەکی دیکەوە، شاراوە نییە کەسایەتییەك وەکو مامۆستا هەژار کە گەلێك لە بارزانی نزیك و، موراید و موخلیسی ئەو بوو، پێش گەڕانەوەی بۆ ئێران، لەو دوو جار سەفەرەی بۆ باکۆدا، چاوی بە گەلاوێژ کەوتبوو. چەند ساڵ پاش گیانبەختکردنی گەلاوێژ لە خەرمانانی ١٣٦٧ لە

بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەژار لە چێشتی مجێور دا کە لە پاریس چاپ کرا، نەك قەت بە خراپە باسی گەڵاوێژی نەکرد، بەڵکوو گەلاوێژی وەك "**مەولانای ڕۆمی زەمانی شەمسی تەبریزی**" پێناسە کرد:

لە یەکەم دیتنەوەیدا، زانایی و عیلمێکی وام لێ هەست نەکرد کە بەرچاو بێ. بەڵام کە عەلی گەلاوێژم دیت، وای بۆ چووم کە عەلی وەك مەولانای ڕۆمی زمانی شەمسی تەبرێزییە و بە دەردی بەشیر موشیری بەغدایە گوتەنی: «تۆ بنووسە و من تەئلیفی دەکەم!»، عەلی هەم شاعیر، هەم نووسەر، هەم کوردیزانی باش، دوکتۆرای لە ئیقتیسادی سیاسی هەبوو. [هەژار ٣٤٤]

هەڵبەت هەر لەم کتێبەدا بە پێی قسەی ئەم و ئەو و یەکیان غوڵام یەحیا دانیشیان بە باشی باسی د. ڕەحیمی قازی نەکردوە. هەژار لە پێوەندیی لەگەڵ د. ڕەحیمدا دەنووسێ:

- لە قسەکانی[ڕ. قازی] بۆنی ئەوە دەهات کە لەجێی پێشەوا بکرێتە سەرۆکی کورد.
- ئازەربایجانی و کورد باشیان باس نەدەکرد. دەیانگوت پیاوی دەوڵەتی مەرکەزییە و زۆر **کەس لە هاووڵاتیانی ئازەربایجانی بەگرتن داوە کە لە حەبسدا فەوتاون. ژنەکەی جوولەکەیەکی ڕووسە؛ ئابڕووبەرەیە.**
- غوڵام یەحیا لە د. ڕەحیم ترساوە و زۆری دەردی دڵ لە حیزبی تووده هەڵڕشتوە: «**ئەگەر جارێکی دیکە بگەمەوە ئێران و چەکێکم بە دەستەوە بێ، هەر چی بڵێ تووەم بۆ بابی تەنبێ دەکەم.** چەند پەیامێکی بۆ مەلا مستەفا نارد.

- وەکو بێژی د، ڕەحیم بەشێکی بەرچاوی لە پارەی حەقی نووسینی هەژاری خواردبێ. [هەژار ٣٤٣]

لەوەدەچێ کۆمەڵێك خاڵ لەسەر داوەریکردنی هەژار کاریگەریان بووبێ:

- بێگومان نەدەکرا بە پێی بیر و باوەڕی هەژار و زۆر کەسی دیکە، نەك ڕ. قازی بەڵکوو هیچ کەسی دیکە لە کوردستان لە بوونی بارزانیدا، خۆی بۆ سەرۆکایەتی گەلی کورد دابنێ. بە پێی ئەو خۆشەویستییەی هەژار بۆ بارزانی بووی، هەروەها پێگە و پلەی بارزانی پاش خوڵقاندنی حەماسە مێژوویییەکەی بڕێنی چەند سنووری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەتا گەیشتنە خاکی ئازەربایجانی سۆڤیەتی، هەروەها ڕۆڵی حاشا لێنەکراوی ئەو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە تایبەتی پاش ڕووخانی حکومەتی پاشایی ملك فیصل - ی دووهەم لە ساڵی ١٩٥٨، لە کردەوەدا کەس نەیدەتوانی ئەم ئیدعایە بکات و ئەم ڕۆڵە لە هیچ بەشێکی کوردستان بگێڕێ. کەسایەتییەکان بەرهەمی بارودۆخی سەردەمی خۆیانن و بەو پێیەش، ئاستی بەرپرسایەتیان زۆرتر و ڕۆڵی ئەرێنی و نەرینیشیان بەرچاوترە و، کەسیش ناتوانێ بە چەشنێکی خوازیار ببێتە ڕێبەری نەتەوەیەك.
- لە پێوەندیی لەگەڵ بوختانی ئەوەی ڕەحیم قازی **'هاوولاتییانی ئازەربایجانی بەگرتن داوە کە لە حەبسدا فەوتاون'** لە ڕاستیدا ئەمە گێڕانەوەی نابەرپرسانەی قسەی بێ بەڵگەی ئەم و ئەوە، و کەسێکی بەرپرسیار بۆی نییە بەم هاسانییە تۆمەتێکی نەسەلمێندراو وەپاڵ کەسێکی دیکەی بدات، هەتا ئەگەر بە نەیاری خۆشی بزانێ.

- یەکێك له دیارده ناشیرینەکانی پاشماوەی فەرهەنگی پاشکەوتوو له سۆڤیەت و به تایبەتی له کۆماری ئازەربایجان دژایەتی لەگەل جولەکە و ئەرمەنییەکان بوو، هەر ئەم حاڵەتەش لەباسکردنی کەسانێك سەبارەت به خێزانی د. ڕەحیم قازی ڕەنگ دەداتەوە و جوولەکەبوونی **ژنە ڕووسەکەی د. ڕەحیم وەکو خاڵێکی نەرێنی کە مایەی ئابڕووچونیش بووبێ، لەبەر چاو گیراوە.** له ڕاستیدا گێڕانەوەی ئەم چەشنە قسەوباسانە تەنانەت ئەگەر نووسەریش قەبوولّی نەبووبێ، له جێی خۆیدا نییە و به چەشنێك بۆ شکاندنی کەسایەتی نەیارەکە بەکار دەبرێ.
- له یەکیەتی سۆڤیەتی بەرپرسانی بەرزی حیزبێکی پەنابەر له چەشنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، حیزبی تودەی ئێران یان هەر حیزبێکی نائێرانی له پێوەندیی لەگەڵ کارو باری ژیانی ئەندامەکانیان، یان بۆ ڕاوێژکاریی سیاسیی، پێوەندیان لەگەڵ کەسانی دەسەڵاتداری دەوڵەتی و حیزبی دەبوو و ناکرێ ئەم پێوەندیانە به سیخوڕی و پیاوی دەوڵەت بوون له قەڵەم بدرێ. پێوەندی کەسانێك وەکو خودی دانیشیان، چشم‌آذر و جهانشاهلو به پێی ئازەربایجانی بوون و بەرپرسایەتیان له فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان زۆر نزیکتر و بەرچاوتریش بووە. لەوەش ناچێ غوڵام یەحیا دانیشیان که له سەرەتای دامەزرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حکومەتی میللی ئازەربایجان هەمیشه یەکێك له به تواناترین و بەرچاوترین ڕێبەڕانی فیرقەکه بوو، و دوای یەکگرتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران له هاوینی ساڵی ١٣٣٩ هەتاویی هەتا پلینۆمی ١٦ی حیزبی تودە ئێران له ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ ئەندامێکی به هێزی

ڕێبەریی حیزبی تودەی ئێران و سکرتێری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، ترسێکی وەهای لە ڕەحیم قازی بووبێ.[٥]

[٥] پیویستە ئاماژە بکرێ، لە سەردەمێکدا د. ڕەحیم قازی بە هۆی بەرپرسایەتی بەرز وەك جێگیری سەرۆك ڕۆڵی بەرچاوی لە کارو باری ڕێکخراوەیی و سیاسیی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان گێراوە. ئەمیر عەلی لاهرودی (١٣٠٢ – ١٣٩٣)یەکێك لە سکرتێرەکانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و ڕێبەرانی بەرچاوی حیزبی تودەی ئێران، باس لە شێوەی دانانی ڕەحیم قازی لە بەهاری ١٩٥٤ لە سەر پۆستی جێگری سەرۆك لە لایەن کادر و ئەندامانی ئەو کاتەی فیرقەوە دەکات: "لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤ زایینی بەشێك لە کادرە دانیشتووەکانی شاری باکۆ و خوێندکارە ئێرانییەکانی مەدرەسەی حیزبیان لە ساڵۆنی مەدرەسەیەك بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی کۆکردەوە. کامبەخش کۆبوونەوەکەی کردەوە و لیستی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی تازەی ڕاگەیاند. غولام یەحیا دانیشیان وەك سەرۆك و کامبەخش وەك جێگیری سەرۆك ناسێندران. سادق پادگان، جهانشاهلو، ژنرال کاویان و کەسانێکی دیکە لە ئەندامەتی کۆمیتە ناوەندی ئازەربایجان لابردران. کۆبوونەوەکە بە چەپڵە لیدانی بەشداربووان کۆتایی پێ هات.

لابردنی کەسانێك لە ڕێبەریی و بە تایبەتی سادق پادگان لە سەرۆکایەتی و ئەندامەتی کۆمیتە ناوەندی بوو بە هۆی کۆبوونەوەی بەشێك لە کادرەکانی فیرقەی دیموکرات لەبەرامبەر کۆمیتە ناوەندی و دەربڕینی نارەزایەتی ئەوان لەم ئاکارە نادیموکراتیانە. پانتایی ئەم دەنگ و هەرایە تا ئەو جێیە پەرەی سەند کە غولام یەحیا دانیشیان، نوسرەتوڵڵا جهانشاهلو و ژنرال میلاینان – یان بۆ خوێندن نارده مەدرەسەی باڵای حیزبی و عەبدولسەمەد کامبەخشیان نارده ئاکادیمی زانستی کۆمەڵایەتی مۆسکۆ.

ڕێبەرایەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە شێوەی دانراو بە میر قاسم چشم آذر(سەرۆك) و ڕەحیم قازی (جێگری سەرۆك و میر ڕەحیم وەلایی (بەرپرسی کارو باری بانگەشەیی) سپێردرا. [لاهرودی ١١٢] لە پایزی هەر ئەو ساڵەدا، یەکەم کۆنفرانسی سەرانسەری فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ٩ ساڵ دوای کۆنگرەی یەکەمی فیرقە لە ساڵی ١٣٢٤، گیرا و بە دەنگدانی بەشداران کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەڵبژێردرا. چشم آذر

- کاتێك بەشی بەرچاوی کارو باری ژۆژانەی پەنابەرێك لە یەکیەتی سۆڤیەتی لە کانالّی حیزبییەوە تێپەڕ دەبوو، هەمیشە وێچوونی کەڵك وەرگرتنی نادروست و نابەجێ لە لایەن بەرپرسانی حیزبییەوە دژ بە نەیاران، بیرجیاوازان و لایەنگرانی باڵەکانی دیکەی نێو ئەم حیزبانە بووە، و بێگومان کەسانێك بوون، کە بەهەر هۆیەك بێ، هەستیان بە ناحەقی کردنی بەرپرسە حیزبییەکان و یەك لەوان د. ڕەحیم قازی سەبارەت بە خۆیان کردبێ. ئەمەش مافی ئەوانە ڕەخنە لەو یان هەر کەسی دیکە بگرن، بەڵام تۆمەتی بە گرت و کوشتدانی کەسێك ئەگەر نەسەلمێندرابێ، بۆخۆی تاوانێکی گەورە و نائەخلاقییە و یارمەتییەکی خوێندنەوەی دروستی میژو نادات.
- مامۆستا هەژار بە هەر هۆیەك بێ، پێی وابوو پارەی پێدراو کەمتر لەو ڕێژەیەیە کە بۆی دیاریکرابوو. لە نەبوونی هەژار و قازی، هەروەها نەبوونی هیچ بەڵگەیەك لەم پێوەندییەدا، ناکرێ داوەرییەك لە ڕاستیی یان ناڕاستیی ئەم مەسەلەیە بکرێ. دەتوانێ

بوو بە سەرۆك، ڕەحیم قازی جێگری سەرۆك و، میر ڕەحیم وەلایی، عەبدولحوسێن ئاگاهی و بالاش ئازەر ئۆغلّو وەك ئەندامی کۆمیتەی کارگێری هەڵبژێردران.[لاهرودی ١١٧]

بۆ ماوەیەکی بەرچاو ڕەحیم قازی بە پێی هەڵبژاردنی لە لایەن زۆرینەی کادر و ئەندامە لاوەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە، ڕۆڵی بەرچاوی لە ژیانی ڕێکخراوەیی و سیاسیی ئەم حیزبەدا گێرا و بێگومان یار و نەیاری خۆی وەك دەستەبەندییەکانی هەر حیزبێکی دیکە بووە. نەیارانی، بە تایبەتی جهانشاهلو بە هۆی هەبوونی ڕق و کینەی کۆن، بۆ شکاندنی کەسایەتی د. ڕەحیم داستان وچێرۆکی ناڕاستیان هەڵبەست. مخابن ئەم دیاردەیە ئێستاشی لەگەڵ بێ، بۆتە ڕەوتێکی ئاسایی لە ژیانی زۆربەی حیزبەکاندا.

ڕاست بێ و دەشکرێ بە هوی تێنەگەیشتنی دروست لە یەکتر، ئەم دڵ ئێشانە ڕووی دابێ.

لێرەدا پێویستە لە پێوەندیی لەگەڵ ناردنی سیخوڕ بۆ نێو بارزانییەکان، ئاماژە بە قسەکانی پاول سودۆپلاتۆف (١٩٠٧-١٩٩٦) ڕاسپێردراوی ئاسایشی سۆڤیەتی بکرێ کە لە ساڵی ١٩٤٧ سەردانی بارزانی کردبوو. ئەو لە کتێبەکەیدا تەنیا باس لە سیخوڕێك، ئەویش لە کاتی بوونی بارزانییەکان لە تاشکەند دەکات و دەنووسێ:

"هەوڵەکانمان بۆ دزەکردنی کەسانی خۆمان بۆ ناو بازنەی دەوروبەری بارزانی و دامەزراندنی یەکێك لە کوردەکان، بە سەرکەوتوویی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی ئەوانەوە پووچەڵکرایەوە. بەڵام زێمسکۆف کە ئەزموونێکی زۆری لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کورددا هەبوو، توانی یەکێك لە ئەفسەرە گەنجەکانی ئەو یەکەیە کە لە ئەکادیمیای نیزامی ئێمە خوێندبووی، دایمەزرێنی، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ تاشکەند، بێ هیچ ئاسەوارێك بە زوویی بزر بوو. نەمانتوانی بیدۆزینەوە. بەو ئەنجامە گەیشتین کە وێدەچێ بە فەرمانی بارزانی کوژرابێت." [سودۆپلاتۆف ٤٢٧]

ناردنی بارزانییەکان بۆ ئۆزبەکستان

هەر لەسەرەتای هاتنی بارزانی و هێزەکانی بۆ خاکی یەکیەتی سۆڤیەتی، کەسانێك وەکوو سێرگێی نیکیفۆرۆوویچ کروگلۆف لە وەزارەتی ناوخۆی یەکیەتی سۆڤیەتی، سێمێن دەنیسۆوویچ ئیگناتیف لە وەزارەتی ئاسایشی دەوڵەتی، میر جەعفەر عەباسۆویچ باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و درەنگتر عوسمان یوسوپۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئۆزبەکستان و شەخسی ستالین لە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بڕیاردان لەسەر ژیان و بەسەرهاتی بارزانی و هێزەکانی لە یەکیەتی سۆڤیەتدا بوون.[بۆگای ٣٣]

ئەوان بەرپرسانی سیاسەتێکی زەریف و ورد لە پێوەندیی لەگەڵ کورد و پلانانە دارشتراوەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی عێراق و ئێران بوون. لەم ڕەوتەدا سەرلەشکەر پاول سودۆپلاتۆف (١٩٩٦ — ١٩٠٧) یەکێك لە سەرۆکە سەرامە و بە ناوبانگەکانی دەزگای ئاسایشی یەکیەتی سۆڤیەتی بەشداری سەرەکی بوو. بە پێی بیرەوەری سودۆپلاتۆف، سێمێن ئیگناتیف وەزیری ئاسایشی دەوڵەتی بە هیوای ڕێکخستنی دەستەیەکی١٥٠٠ کەسی بۆ چالاکیی تێکدەرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە وتەیەکی دیکە لە عێراق بوو. ئەم زانیارییە لە وتوویژێك لەگەڵ گێنادی ئیگناتیف کوڕی وەزیری ئاسایشی دەوڵەتییەوە پشتراست کراوەتەوە [کە سالانی زۆر لە ئەنیستیتوی مێژووی یەکیەتی

سۆڤیەتی پێشوو (ئەنستیتوی مێژووی ڕووسیەی ئاکادێمیای زانستیی ڕووسیە ئەمرۆ) کاری دەکرد. بۆگای ٣٤]

پاش ئەوەی لە ١٥ی نوامبری ١٩٤٧ بارزانی بە نووسینی نامەیەك ناڕەزایی خۆی لە بارودۆخی بارزانییەکان بۆ ستالین دەردەبڕێ کاربەدەستانی مۆسکۆ ژنرال پاول سودۆپلاتۆف دەنێرنە لای بارزانی. [ژیگالینا١١٢-١١١]

سودۆپلاتۆف بەم چەشنە باسی چاوپێکەوتنی لەگەڵ بارزانی و ڕەوتی ناردنی کوردە پەنابەرەکانی باشووری کوردستان بۆ ئۆزبەکستان دەکات:

'ئێمە خولیای ئەوە بووین لە کورد بۆ لاوازکردنی نفوزی ئینگلیز و ئەمریکاییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هاوسنوور بوون لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی کەڵك وەرگرین. بارزانیم ئاگادار کردەوە کە لایەنی سۆڤیەت ڕێککەوتووە کە خۆی و بەشێك لە ئەفسەرەکانی لە فێرگە و ئاکادیمیەکانی نیزامیی ڕاهێنانی تایبەت وەربگرن. هەروەها دڵنیام کردەوە کە نیشتەجێبوونیان لە ئاسیای ناوەڕاست کاتیی دەبێ و، تا ئەو کاتەی بارودۆخ بۆ گەڕانەوەیان بۆ کوردستان جێبەجێ دەکرێ، درێژەی دەبێ.

ئاباکومۆف[ویکتۆر سیمینۆوویچ وەزیری ئاسایشی دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتی لە نێوان ساڵانی ١٩٥١ – ١٩٤٦] فەرمانی پێدام کە باقرۆف سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە ناوەڕۆکی ئەم وتوویژانە لەگەڵ بارزانی و بەتایبەتی پێکهاتنی ستالین بۆ ڕاهێنانی ئەفسەری کورد لە دامەزراوەکانی ڕاهێنانی نیزامی سۆڤیەتی ئاگادار نەکەمەوە. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە باقرۆف بەنیازی ئەوە بوو لە بارزانی و هێزەکانی بۆ تێکدانی

سەقامگیری دۆخی ئازەربایجانی ئێران کەڵك وەربگرێ. بەڵام مۆسکۆ پێیوابوو بارزانی دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگتر لە ڕووخاندنی ڕژێمی لایەنگری بەریتانیا لە عێراقدا بگێڕێ. هەڕوەها بە هاوکاری کورد ئیمکانی تێکدانی دریژخایەنی دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق (لە موسڵ)ی هەیە، کە لەوکاتە دا گرنگییەکی هەنووکەیی هەبوو لە دابینکردنی بەڕەمە نەوتییەکان بۆ هێزە نیزامییەکانی ئینگلیز- ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سپی ناوەڕاست[مدیترانە].

دوای وتوویژ لەگەڵ بارزانی، بە فرۆکە چوومە تاشکەند و دەسەڵاتدارانی ئۆزبەکستانم لە هاتنی بەو زووانەی بارزانی ئاگادار کردەوە. پاشان گەڕامەوە بۆ مۆسکۆ. بارزانی لەگەڵ هێزە چەك کراوەکان و ئەندامانی بنەماڵەکەیان[تێبینی: بارزانییەکان لە ژن و منداڵیان لەگەڵ نەبوو] ڕەوانەی ئۆزبەکستان کران. [سودۆپلاتۆف. ل ٤٢٥ - ٤٢٤]

بەڵام لەسەرەتادا بە پێشنیاری میر جەعفەر عەباسۆویچ باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بە دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەتی کە لە باری ناوڕۆکەوە کورت بووە، ئەم دەستەیە لە یەکێك لە ئوردوگاکانی قەراغ بەحری خەزەر جێگیر کران، خۆراك، پێداویستییەکان و ڕاهێنانی ئەم کەسانە لە کاروبار نیزامیدا ڕێکخرا.[بۆگای ٣٤]

کوردەکانی باشووری کوردستان هەتا مانگی ئاگوستی ١٩٤٨ لە باکۆ ماونەتەوە. لەم ماوەیەشدا 'گرووپی مەلا مستەفا بارزانی وێرای بوونیان لە ڕیزی کۆمیتەی کورد واتە سەرۆکایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری ئەوتۆیان لە کاری کۆمیتەکە نەکردوە، خودی مەلا مستەفاش

گرنگی بە پێکهاتە ڕێکخراوییەکان نەداوە، زۆربەیان لە بارودۆخی خۆیان ڕازی نەبوون و میر حاج ئەحمەد خوازیاری گواستنەوە بۆ ناوچەی دیکەی یەکیەتی سۆڤیەتی بووە. [بڕوانە بەڵگەی ژمارەی ٨] دەوڵەتی ئێرانیش بەردەوام بە ناردنی نامە ناڕەزایەتی خۆی لەبوونی ئەوان لە ئازەربایجان دەربڕیوە. [ژیگالینا ١١٥]

لە لایەکی دیکەشەوە بە پێی ڕاپۆرتگەلێك گوایە مەلا مستەفا بە هیوای دروستکردنی 'شازادە نشین'ێکی کورد لە هۆزە کوردەکان بە ڕێبەریی خۆی بووە، هەروەها پێشنیاری دامەزراندنی ناوچەیەکی خودموختاری کوردستانی لە ناوچەی نۆراشێن[٦] لە باکووری کۆماری خودموختاری

[٦] لە ٢٠ی سپتامبری ١٩٤٩ واتە ساڵێك دوای گەیشتنی بارزانییەکان بە ئۆزبەکستان و نیشتەجێ بوونیان، لە نامەیەکی باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا بۆ باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران باسی دامەزراندنی 'حکومەتی ئازادی کوردستان' لە لایەن بارزانییەوە لە ئازەربایجان کراوە و پایتەختەکەشی شاری تفلیس (تبلیسی) پایتەختی گورجستان بوو.

(باڵوێزخانەی بەریتانی،

بەغدا، ڕۆژی ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٤٩،

ژمارەی ١٨٥ /٤٩/٤٤،

نهێنی.

باڵوێزی خۆشەویست.

وەزارتی هەندەران ئاگاداری کردووین کەوا بە پێی ڕاپۆرتێك مەلا مستەفا حوکمەتێکی لە ئازەربایجان دامەزراندووە و ناوی لێناوە"حوکمەتی ئازادی کوردستان". ئەو لەسەری دەروات و دەڵێ مەلا مستەفا شاری تفلیسی کردۆتە پایتەختی حوکمەتەکەی و ڕووسەکان لەوێ مەشق بە پێنج هەزار سوارە [ی کورد – ك. م.] دەکەن. بەم زووانە مەلا مستەفا هەوالّی دامەزراندنی حوکمەتە سەربەخۆکەی ڕادەگەیێنێ و ئالایەکیش بۆ ئەو حوکمەتە هەڵدەبژێرن، بەڵام تاوەکو ئێستا شێوەی ئەو ئالایە دەستنیشان نەکراوە.

ئێمە هیچ هەوالێکی تەواومان دەربارەی ئەو مەسەلەیە لا نییە و نازانین ئایا ئەو ڕاپۆرتە ئەساسی هەیە یاوەخود نا، بەختەوەر دەبین هەوالێکمان بگاتێ پشتی ئەو ڕاپۆرتە بگرێ یاوەخود بە درۆی بخاتەوە. ئێمە پرسیارێکمان دەربارەی ئەو بابەتە ناردووە بۆ وەزارتی هەندەرانی حوکمەتی عیراقی.

نەخجەوان واتە لە سنووری ئازەربایجان لەگەڵ ئەرمەنستان و تورکیای بە بەرپرسانی ئازەربایجان داوە و ئەمە بۆتە هۆی نائارامیی بەرپرسە ناوخۆییەکان [ئازەربایجان]. [بۆگای ٣٥] و ئەم بیرۆکەیە لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و ڕێبەرەکەی میر جەعفەر عەباسۆوویچ باقرۆف پێشوازیی لێ نەکراوە. لەم پێوەندییەدا باقرۆف بەپەلە پێوەندیی بە ناوەند [مۆسکۆ] دەکات و ئەم پرسە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی یەکیەتی سۆڤیەتی بە وردی تاوتوێ دەکرێ و دەستبەجێ بریارێك لە پیوەندیی لەگەڵ ئەم پرسە هەستیارە دەدرێ. [ن. ئێف. بۆگای، ١٨٢ – ١٨٣] ' لە ڕاستیدا، ڕەنگە لەم کاتەدا باقرۆف لە خەونی نوێکردنەوەی ڕژێمی تەوریز، واتە پرۆژەی دڵخوازی خۆی کە ڕەنگە پیاوەکانی بارزانی وەك نوێنەری ئەو لە شەڕدا ڕۆڵی بۆ بگێڕێن، دەستبەردار بووبێ. کاتێك ئەو جۆرە هیوایانە بە دوور لە ڕاستیی دەرچوو، بوونی بارزانی نەك هەر بە ئیمتیازێك دانەدەندرا، بەڵکو هۆکاری نیگەرانییش بوو.'[عسمەت شەریفوانلی ل ١٦٤]

بە پێی بڕیاری ٩ی ئاگوستی ١٩٤٨ شورای وەزیرانی یەکیەتی سۆڤییەت، ژمارەی ٢٩٤٣ – ١٢١(تەواو نهێنی) وەزارەتی ناوخۆی یەکیەتی سۆڤییەتی، [لە ڕۆژی ٢٧ /١٩٤٨/٨] کوردەکانی باشووری کوردستان بۆ ئۆزبەکستان بەڕێ دەکرێن و لە ئوردوگای پێشووی وەزارتی ناوخۆ (ئیستگای کامسۆمۆلسکای سەروو) ڕێگا ئاسنی تاشکەند نیشتەجێ

وێنەی ئەم نامەیەش دەنێرین بە بەشی ڕۆژهەڵاتی وەزارتی هەندەران و بۆ کەرکووك.

هەمیشە دڵسۆزتان.

باڵوێز

(بۆ باڵوێزخانەی بەریتانی لە تاران). [کەمال مەزهەر ل ٣٤٩]

دەکرێن، بۆئەوەی لەم شوێنەدا جێگیر و بۆ کاری سپایی ئامادە بکرێن. [ن. ئێف. بۆگای، ١٨٢ – ١٨٣]

ئێوارەی ٩ی سپتامبر بارزانی و هێزەکانی دەگەنە تاشکەند، لە ویستگەی جەرچیك سترۆی دایاندەبەزێنن. [زرار سلێمان ١٦٧ – ١٦٦]

لە ڕاپۆرتێکی س. کرۆگلۆف بۆ ستالین لە ١٠ فوریەی ١٩٤٩ ئاماژە بە حەزی بارزانی بۆ دروستکردنی شازادەنشینی کورد، پێشنیاری دامەزراندنی حکومەتی خودموختاری کوردستان لە باکووری نەخجەوان، بە کاتیی زانینی مانەوەی خۆی لە سۆڤیەتی و بە ئەستۆ نەگرتنی هیچ بەرپرسیارییەك' کراوە[ن. ئێف. بۆگای ١٨٣]

ستالین [عوسمان] یوسوپۆف[سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئوزبەکستان] دەکات بە بەرپرسی ئامادەکردنی یەکە نیزامییەکانی کورد لە ئۆزبەکستان بۆ عەمەلیاتەکانی داهاتوی خۆیان لە تورکیا و ئێران. [بوگای. ل٣٦]

بارزانییەکان هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٤٩ لە ئۆردوگا و فێرگە سپاییەکانی ئۆزبەکستان خەریکی ڕاهێنان بوون. سەرەڕای ئەوەش بارزانییەکان لە بارودۆخی خۆیان ڕازی نەبوون و مەلا مستەفاش لە دیداری خۆی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨دا، لەگەڵ عوسمان یوسوپۆف ناڕەزایی خۆی لە دۆخی هێزەکانی دەردەبڕی، داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ ستالین، ناردنی ٥ ئەفسەری خۆی بۆ خوێندن لە مەدرەسەی حیزبی تاشکەند و خوێندنی پێشمەرگەکانی لە بواری جوراوجۆری نیزامی وەکو فروکەوانی، تانك و هتد دەکات. لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەش دەکات ئەگەر ئیزنی سەفەری بۆ مۆسکۆ پێنەدەن، خۆی دەکوژێ. [بوگای ل ٣٦]

بە پێی زانیارییەکان، تێچووی ڕاگرتن و ڕاهێنانی هێزەکانی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٩ بە گشتی ٦،٦٦٢،٤٦٧ ڕوبڵ بووە. ئەم بابەتە لە وەزارەتی ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەتی و دامەزراوە پێوەندیدارەکانی دیکە

بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابوو. 'وەزارتی ناوخۆی یەکیەتی سۆڤییەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، دریژە پێدان بە ڕاگرتنی یەکەکانی کوردی مستەفا بارزانی لەم بارودۆخەدا ڕەنگە ببێتە هۆی ڕەفتاری نەخوازراو لە لایەن ئەوانەوە، پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەستەگەلە و بڵاوکردنەوەیان دەکات بە گرووپی بچوك لە گوندەکانی ئۆزبەکستان و بەرگریکردن لە هەر چەشنە پێوندی گرتنی ئەوان لەگەڵ ئەو کوردانەی وا لەو بەری قەفقازەوە لە نیوەی دووەمی ساڵەکانی ١٩٣٠ - نوامبر هەتا دیسامبری ١٩٤٤ بۆ ئۆزبەکستان دوور خرابوونەوە. دەسەڵاتی خۆجێی ناچار دەبێ کوردەکان لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کۆمار[ی ئوزبەکستان] دابمەزرێنێ. چاودێریی ئیداری بەسەر کورددا بەتەواوەتی بە پێکهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئۆزبەکستان سپێردرا. ئەم کارانە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئۆزبەکستان(بە سەرۆکایەتی عوسمان یوسوپۆف) هەماهەنگ کرابوون، هەروەها ڕەزامەندیی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیساری گەلی یەکێتی سۆڤیەتی، ڤیاچێسلاو مۆلۆتۆف‌یش وەرگیرابوو.' [بوگای. ل ٣٧]

***

لە پێوەندیی لەگەڵ هۆی ڕاگواستنی کوردەکانی باشووری کوردستان لە ئازەربایجانەوە بۆ ئوزبەکستان لە نێو ئێرانییەکان وەکو جهانشاهلو و شەمیدە یان کوردەکان وەکو زرار سلێمان، مەسعود بارزانی و قادر مەحمودزادە باسەکان تەنیا لە ئاستی دەنگۆ و بیسراو و تا ئاستێکی نزم وەکو 'توند قسە کردنی بارزانی لەگەڵ ئاتاشیف یان باقرۆف، هەروەها سیخوڕیی چەند کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە خوارەوە و هۆی سەرەکی پێدانی پەنابەری بە بارزانی و هێزەکانی، ئامادەکاریی نیزامی

ئەفسەر و پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان لە باکۆ و تاشکەند، ناتەبایی پلانە دریژخایەکانەکانی مۆسکۆ و باکۆ بۆ کاریگەریان لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی عێراق و ئازەربایجانی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە شەرڤانە دڵێر و بە ئەزموونەکانی کورد، هەروەها ناڕەزایەتی تاران لە بوونی ئەوان لە ئازەربایجان و گوشارە بەردەوامەکانیان بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی لەبیر دەچێتەوە.

زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی وەکوو یەکێك لەو کەسانەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە، گواستنەوەی بارزانی و هێزەکانی بۆ ئۆزبەکستان لە 'ئەنجامی مشتومڕی کاربەدەستانی ئازەربایجان و مەڵا مستەفا' دەزانێ و دەنووسێ:

*'وەك بە دیار کەوت لەدوای سەرنەکەوتنی ئەنجومەنی دەستنیشان کراو بۆ کوردەکان [کۆبوونەوەکەی ژانویەی ١٩٤٨]، ناکۆکی کەوتە نێوان کاربەدەستانی ئازربیجان و مەلا مستەفا، ناکۆکیەکە بەوە گەیشت مەلا مستەفا زۆر بە **تووندی لەگەڵ وەزیری ناوخۆی ئازربیجان ژەنەرال(ئاتاشیڤ) دوابوو،** ئەو زویری و لالوتییەی نیوانیان بەوە گەیشت کە وەزعەکە ئالۆز بیت. ڕۆژ بە ڕۆژ ساردی و ناخۆشی زیادی دەکرد لە نێوان بارزانی و کاربەدەستانی ئازربیجانی، ئەو ناکۆکیەی نیوانیان زیانی گەیاندە ڕێڕەوی کورد و بەرەو دواوەی پاڵنا.' [زرار سلێمان١٦٣- ١٦٤]*

مەسعود بارزانیش هۆی ناردنی بارزانییەکان دەگەڕێنێتەوە سەر چیرۆکی دەمەقاڵە تونده‌که‌ی بارزانی و باقرۆف، فیزی ڕەگەزایەتیی باقرۆف که گوایە:

'دەیویست بە هۆی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە سەر سەرکردایەتیی کوردیدا، وای لێ بکا بچێتە ژێر فەرمانی ئەو سەرکردایەتییەی ئازەربایجانەوە، کە ئەویش هەمان دەردی کوردی بەسەر هاتبوو. دەیویست هەمان شێوە بە کار بهێنێ کە لەگەڵ قازی محەمەد و کۆماری کوردستاندا بە کاری هێنابوو، بەڵام بارزانی نەچووە ژێر تین هێنانەکەی باقرۆف و زۆر بە تونديی بەرپەرچی دایەوە بە جۆرێك رق و تورەیی باقرۆفی جووڵاند و ئەمەی بە تێپەڕین زانی بۆ دەسەڵاتی خۆی'. [بارزانی. بەرگی ١. ل ٢٣٥]

'پێویستە بە داخەوە ئەوەش بڵێین کە کەسانێکی ناسراو لە کوردستانی ئێران کە ئەندامی سەرکردایەتیی سیاسیش بوون، دەورێکی شەرماوییان لەم بارەیەوە گێڕا و بە تەنگ ئەرکی نیشتمانیی خۆیانەوە نەهاتن. بوون بە داردەستی باقرۆف و دەزگا نهێنییەکانی تا بە ئارەزووی خۆی بیانجووڵێنێ و بیانکاتە ئامێری لێکدابڕین و ناتەبایی. [بارزانی بەرگی ١ ل ٢٣٦]

و لە کۆتایی بەم ئاکامە دەگات کە:

ئەم چاوپێکەوتنەی بارزانی و باقرۆف و ئەم دەمەقاڵییە تونده‌ی لە نێوانیاندا ڕووی دا، بووە هۆی چەوسانەوە و کوێرەوەرییەکی زۆر بۆ بارزانی و هاوڕێکانی و کۆتایی

هاتنی ئەو سەرکردایەتییە سیاسییەی پێك هاتبوو. چونکە پاش ئەوەی ئەو هەلپەرەستانە ملکەچیی تەواوی خۆیانیان بۆ ئازەربایجانییەکان و گۆی لە مستیی کوێرانەیان بۆ باقرۆف دەربڕی، لە سەرکردایەتیی سیاسیش کشانەوە.[بارزانی ل. ٢٣٦]

لە پیوەندیی لەگەڵ قسەکانی کاك مەسعوودا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگ بکرێ:

١. لە نووسراوەی مەسعود بارزانی مەبەست لە بەکار هێنانی 'هەمان شێوەی باقرۆف لەگەڵ قازی محەمەد و کۆماری کوردستاندا' ڕوون نییە، و ناکرێ لە نەبوونی هیچ بەڵگە و ڕوونکردنەوەیەك لە ڕوانگەی لۆژیك و مێژوویییەوە پشتی پێ ببەسترێ، تەنانەت ئەم چەشنە بۆچوون و لێکدانەوانە لەوەدەچی وەك گەورە کردنەوەی خۆڕاگریی مەلا مستەفا بارزانی لە بەرامبەر باقرۆف، بە پێچەوانەی گوێڕایەڵی پێشەوا قازی محەمەد لەقەڵەم بدرێ. واتە پێشەوا وەك سەرۆکی کۆماری کوردستان، ملی بە ویستەکانی باقرۆف دا، بەڵام بارزانی سەرەڕای پەنابەربوونی لە یەکیەتی سۆڤیەتی، ئەویش لە سەردەمی فەزای پولیسی ستالین و باقرۆفدا، لەبەر ئەوەی نەیدەویست کورد لە نێو نەتەوەی ئازەریدا بتوێتەوە بە تورەیی بەرپەرچی باقرۆفی داوتەوە. تەواوی ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستدان بە باشی پیشان دەدەن کە پێشەوا بە پێچەوانەی لێکدانەوەی گوماناویی مەسعود بارزانی قەت بە پێی فەرمان و ویستی باقرۆف ئیزنی توانەوەی کوردی لە نێو

حکومەتی ئازەربایجان نەدا و تەنانەت ڕاگەیاندنی 'کۆماری کوردستان' دوو مانگ و نیو پاش دامەزرانی حکومەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە تەورێز، بە پێچەوانەی ویستی یەکیەتی سۆڤیەتی و فیرقە بوو کە دەیانویست کوردستان وەک بەشێک لە حکومەتی ئازەربایجان مافی نەتەوەیەکی کەمینەی پێ بدەن. هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدانییە کە بیسەلمێنێ پێشەوا قازی محەمەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان، بە پێی گوشاری باقرۆف گوێڕایەڵی ئەو و حکومەتی میللی ئازەربایجان بووبێ.[٧]

[٧] مەناف کەریمی وەزیری فەرهەنگی کۆماری کوردستان لەم پێوەندییەدا ئاماژە دەکات: حکوومەتی ئازەربایجان دەیەویست مەڵبەندی موکریان بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی و کاتێک دەیانەویست مەجلیسی میللی خۆیان پێک بهێنن وەکوو شارەکانی دیکەی ئازەربایجان لە مهابادیشیان گێڕابووەوە. بۆ نوێنەرایەتی مهاباد لەو مەجلیسە دا حاجی مستەفای داودی، کەریمی ئەحمەدەین، وەهابی بلووریان، من و عەلی ڕیحانی هەڵبژێردراین. لە ڕۆژی کرانەوەی مەجلیسەکە دا نوێنەرانی شارەکانی ئازەربایجان یەک یەک قسەیان کرد و پیرۆزبایی خۆیان ڕاگەیاند و دوایە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنیان وا بەچێ دەهێنا کە فیدایی و سەرلەپێناوی ئازەربایجان بن و کاتێک نۆرە گەیشتە نوێنەری مهاباد؛ حاجی مستەفای داودی هەستا سەرپێیان و ڕایگەیاند ئێمە پشتیوانی نەتەوەی ئازەربایجان دەبین بەڵام سوێندی نەخوارد کە فیدایی و سەرلەپێناوی ئازەربایجان بێ. بۆ بەیانییەکەی بێ ئاگاداری حکوومەتی ئازەربایجان لە تەبریزەوە [تەورێز] گەڕاینەوە مهاباد و لە مهابادەوە نامەیەکمان بۆ تەورێز نارد و ڕامان گەیاند ئێمە بەشێک نین لە ئازەربایجان و دەمانەوێ خۆمان سەربەخۆ بین. هەڵبەت دوای پێکهێنانی مەجلیسی میللی، ئەوان دەستەی وەزیرانی خۆشیان ڕاگەیاندبوو و ڕوونووسی نێوی وەزیرەکانیان بۆ تاران و مهاباد و بۆ حیزبی تووده ناردبوو. ئێمەش لە مهاباد دانیشتوویەکی [دانیشتنێکی] نائاساییمان پێک هێنا و لەو کۆبوونەوەیە دا دەستەی وەزیرانی خۆمانمان هەڵبژارد و هەڵبژاردنی وەزیرەکان بە تەواوی بە پێی ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بوو. بۆ وێنە مەحموودی وەلیزادە کە دیپلۆمی کشتوکاڵی لە کەرەج وەرگرتبوو بە پێی ڕاوێژی ئەندامانی ئامادە لە کۆبوونەوەکە دا، وەکوو وەزیری کشتوکاڵ هەلبژێردرا . ئێمەش ڕوونووسێک لە بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوە و لیستی وەزیرە هەڵبژێردراوەکانمان بۆ تاران و ورمێ و تەبریز [تەورێز] نارد."

سەرچاوە: فصلنامەی روانگە، شمارە ١٥، مرداد ١٣٨٢ ، کۆماری کوردستان لە ڕوانگەی وەزیری فەرهەنگەکەیەوە، وتوویژ لە گەڵ مەنافی کەریمی، ئامادە کردنی: سمایلی مستەفازادە، وەرگێڕان لە فارسییەوە :حەسەنی قازی

له لایەکی دیکەشەوە پێشەوا قازی محەمەد و ڕێبەرانی ئەو کاتەی کورد، هەرچەند پاش داگیرکرانی ئێران له لایەن هێزەکانی هاوپەیمان له خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویی (ئاگوستی ١٩٤١) بۆ ئێران و تێکشکانی فەزای سەرەڕۆیی پاشایەتی، سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و نیزامی، بێدەسەڵاتیی تاران و گۆڕانکارییەکی بەرچاو له پێکهاتەی هێزەکانی سیاسی له ئێراندا، سیاسەتەکانیان زۆرتر بۆلای هێزە پێشکەوتنخوازەکانی چەپ و دیموکراتی ئەو کاتە وەکو حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان له ئاستی نێوخۆیی و، یەکیەتی سۆڤیەتی له ئاستی جیهانیدا دەشکایەوە، بەڵام بە پێی بەڵگەکان، بەرپرسانی سۆڤیەتی نەك له هەڵسوکەوتەکانی قازی محەمەد وەکو چاوپێکەتنەکانی لەگەڵ نوێنەری ئەمریکا ڕازی نەبوون، بەڵکو له پشتگیری کردنی ئەویش له حاڵی پاشگەز بوونەوەدا بوون. له یەکێك له ڕاپۆرتەکانی دوهێر، جێگری کونسوولی ئەمریکا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکەوتی ٢٦ی ئاوریلی ١٩٤٦(٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥) باسی دیداری لەگەڵ قازی محەمەد و پێشوازیی پێشەوا له بەکارهێنانی نفووز و دەسەڵاتی ئەمریکا بۆ گۆڕینی ئێران بۆ دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و، پێشوازیی کوردەکان له خۆتێهەڵقورتانی ئەمریکا لەم ڕەوتەدا کراوە. دوهێر له ڕاپۆرتێکی دیکەش له پازدەی ژانویە، واتە ١٥ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی دیسان ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکا و دەنووسێ:

'کوردەکان له هۆگریی ئەمریکاییەکان له کاروباری خۆیان پێشوازی دەکەن. ئەوپەڕی دڵخوازیی کوردەکان دیموکراسی له چەشنی ئەمریکییە. دوهێر هەروەها له ڕاپۆرتێك له ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦ کە بۆ جۆرج وی ئالێن، باڵوێزی ئەمریکا له تارانی ناردوە، له پێوەندی لەگەڵ بەشك‌بوونی بەرپرسانی سۆڤیەتی له قازی محەممەد دەنووسێ: بەرپرسانی سۆڤیەتی ئێستاکە بە هەڵسوکەوتی قازی محەممەد لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی زۆر گوماناوین و تەواوی ڕاپۆرتەکان باس لەوە

دەکەن کە سۆڤیەتەکان لە پشتگیریی خۆیان لە قازی پاشگەز بوونەتەوە و ڕوویان لە زێرۆبەگ کردوە.' [گوزارشەکانی باڵوێزی ئەمریکا لە تەورێز، ل ٥٣،٥٤ و ٧٨ و ٩٤]

٢. کاك مەسعود هەروەها کاتێك باسی دەوری شەرماوێنی "کەسانێکی ناسراو لە کوردستانی ئێران دەکات کە وێرای ئەندامی سەرکردایەتیی سیاسی بوون، بە تەنگ ئەرکی نیشتمانیی خۆیانەوە نەهاتن و بوون بە داردەستی باقرۆف و دەزگا نهێنییەکانی تا بە ئارەزووی خۆی بیانجووڵێنێ و بیانکاتە ئامێری لێکدابڕین و ناتەبایی"؛ ناوی هیچ کەس نایەنێ و ڕوونیشی ناکاتەوە بە کام پێوەر و بەڵگە ئەم کەسانە دەورێکی وەهایان گێڕاوە و چ کاتێك و چۆن 'لە سەرکردایەتی سیاسیش کشاونەتەوە'؟!

بڕیا کاك مەسعود و ئەوانەی مێژوو بۆ کورد دەنووسن کەمێك بە بەرپرساییەتیەوە چیرۆکەکانی خۆیان نووسیبا. سەبارەت بە کشانەوە لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش، ئەگەر بیرەوورییەکانی نەمر زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی وەکو سەرچاوە بێنینەوە، ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ وەکو نوێنەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش دەست کێشانەوەی میرحاج و عبدالرحمان مفتی و محمد نجیب بەرواری و سلێمان بەگ ئاخرین کەس بوون کۆشکی ئەنجومەنیان[لە ژانویەی ١٩٤٧] بە جێ هێشتبوو.[زرار سلێمان 'ل ١٦٣] لە لایەکی دیکەوە بە پێی ئەو دەرفەتی کە بۆ چەند کوردی ڕۆژهەڵاتی لە کۆماری ئازەربایجان خولقابوو، بە پێچەوانەی بارزانی کە بایەخی بە کاری ڕێکخراوەیی نەدەدا و پێی وابوو'شەرکردن لە بێکاریی باشترە'[بۆگای ٣٦] و نوێنەرانی دیکەی باشووریش کە کار لەم کۆمیتەیەیان بە جیدی وەرنەدەگرت،

تاکاتی ناردنی کوردەکانی باشووری کوردستان بۆ ئۆزبەکستان لە هاوینی ١٩٤٨ و پاش ئەو ڕێکەوتەش بە دەرکردنی ڕۆژنامەی 'کوردستان' هەتا ساڵی ١٣٣٩ هەتاویی/ ١٩٦٠ی زایینی، بەرێوەبردنی بەشی کوردی ڕادیۆ فیرقە و پەیکی ئێران، بەرهەم هێنانی بەکەڵک لە بواری میژوو، ئابووری، وێژەیی و زمانەوانی وێرای تەواوی کۆسپکەکانی سەر ڕێگایان، دریژەیان بە کاری خۆیان دا و بە پێی تواناییان خزمەتی بە نرخیان بە گەلەکەیان کرد. عەلی گەلاوێژ لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ بە دەست پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سێدارە دراوە و ڕەحیم قازیێش پاش گەڕانەوەی دووبارەی بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٧٠ لە تاراوگە کۆچی دوایی کرد.

بێگومان بەسەرهاتی بارزانییەکان پاش گەیشتنیان بە ئوزبەکستان هەتا گەڕانەوەیان لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ عێراق و باشووری کوردستان پێویستی بە توێژینەوەیەکی دیکە هەیە. ئەرکی ئەم بابەتە باس لە چۆنیایەتی ژیانی ئەوان لە ئازەربایجان و کاری هاوبەشی کوردی ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان لە باکۆیە. بابەتەکانی سەرێ لە باری لۆژیکەوە نیشان دەدەن کە تاوانبار کردنی کەسانێکی ناسراو لە کوردستانی ئێران وەك هۆی 'چەوسانەوە و کوێرەوەرییەکی زۆر بۆ بارزانی و هاوڕێکانی'، هیچ شتێك بێجگە لە سادە کردنەوەی هۆی ڕووداوەکان و بوختانێکی بێ بەڵگە نیە. بێگومان کەسانێك وەکو بەڕێز مەسعود بارزانی دەبێ زۆر بەرپرسانەتر بڕوانن ئەو بابەتانەی لەسەر میژوی کوردی دەنووسن و، ڕق و تووڕەیی شەخسیی خۆیان تێکەڵاوی نووسراوەکانیان نەکەن. بە داخەوە کاك مەسعود ئەم چەشنە میژوو نووسین و چەواشەکارییەی خۆی لە 'بەشی میژووی کوردستانی ڕۆژهەڵات'ی کتێبی 'بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد(١٩٧٥ – ١٩٩٠)' لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویی/٢٠٢١

زایینی دووپات کردوەتەوە. بێگومان ئەوە ئەرکی بەرپرسانی ئەورۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە وەڵامی ئەم چەشنە چەواشەکارییە و نووسینی دڵخوازی میژوی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەنەوە. مخابن بارودۆخی نالەباری ئەوان لە باشووری کوردستان لەوەدەچێ بەربەستێکی بەرچاو بێ بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە.

ئاوڕدانە لە چەند چەواشەکارییەک

لە دریژەی بابەتەکەدا بە کورتی ئاوڕێک دەدەینەوە سەر چەند نووسراوەیەک لە لایەن نەیارانی گەلاوێژ و ڕەحیمی قازی و ئەو تاوانانەی وەپاڵ ئەوانیان داوە.

دوکتۆر **' جهانشاهلوی ئەفشار'**، ئەندامی گرووپی ۵۳ کەسی لە سەردەمی ڕەزاشا، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی تودەی ئێران، جێگری سەید جەعفەر پیشەوەری سەرۆکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە سەردەمی حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و لە ڕێبەرانی سەرەکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە یەکیەتی سۆڤییەت بووە. ساڵی ۱۳۵۱ چۆتە ئاڵمانی ڕۆژئاوا و لە ساڵی ۱۳۹۱ لە بێرلین لە تەمەنی ۹۹ ساڵی کۆچی دوایی کردوە.

کورتەی قسەکانی جهانشاهلو:

- لە لایەن دەزگای ئاسایشی ڕووسەوە عەلی گەلاوێژ وەک ئەفسەرێکی ڕووس، بە جلوبەرگی ئەفسەریی میوانداری بارزانییەکان بووە و شەو و ڕۆژ لەگەڵ ئەوان لە شوێنێک بووە و بە لێزانی خۆی وەکو ڕووسێک نیشان داووە.
- بارزانی و هاوڕێیانی چونکە گەلاوێژیان نەناسیووە **و پێیان وابووە ڕووسە و کوردی و فارسی و تەنانەت تورکیش نازانێ** بە کەیفی خۆیان پێکەوە قسەیان کردوە و عەلی گەلاوێژیش

ڕۆژانە ڕاپۆرتی تەواوی وتوویژ، ڕەفتار و بیروبۆچوونی ئەوانەی لە بەردەست ڕێکخراوی ئاسایشی ڕووس داناوە. **بەڵام بۆ جهانشاهلوش ڕوون نییە عەلی گەلاوێژ چ جۆرە ڕاپۆرتێکی لەوان بە ڕێکخراوی ئاسایشی ڕووس داوە!**

- پاشماوەکانی ڕێکخراوی دیمۆکراتی کوردستان و لەوانە عەلی گەلاوێژ نەك هەر دڵێکی خۆشیان لە کوردە بارزانییەکان نەبووە بەڵکوو قینیان لێ هەڵگرتوون و تا کاتی **کوژرانی پیشەوەری [هاوینی ١٩٤٧] و دامەزراندنەوەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ئەم کوردە بارزانییانە بە جیا و نهێنی ژیاون**، تەنیا چەند کەسێك لە فیرقەییەکان لە بوونی ئەوان لە سناتۆریۆمێك ئاگادار بوون، بەڵام چاویان پێیان نەکەوتووە. [جهانشاهلو، بەرگی ٢. ل٣٢ و ٣٠]
- بە دوای دامەزراندنەوەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و دەزگای بانگەشەی ئەو، هەر لەو ساختومانەی ئەواندا ڕێکخراوێکی بچووك بە ناوی فیرقەی دیموکراتی کوردستان ساز کراوە، مەلا مستەفا بارزانی و هاوخەباتەکانی کە تا ئەو کاتە نهێنی بوون، لەو کاتەوە ئاشکرا کراون و کۆمیتەیەکیان بە ناوی کۆمیتەی فیرقەی دیموکراتی کوردستان دامەزراندوە. ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە، تا ئەو جێگایەی لە بیری جهانشاهلو ماوە، بریتی بوون لە مەلا مستەفا بارزانی و دوو کەس لە هاوڕێیانی و گۆیا موراد ڕەزم ئاوەر(سەروانی تۆپخانە و ئەندامی ڕێکخراوی ئەفسەریی حیزبی تودە و کوردی کرمانشا) بەردەستی ڕێکخراوی ئاسایشی ڕووس و ڕەحیمی سەیفی قازی برازای[ئامۆزای] ئاغای قازی محەمەد و عەلی گەلاوێژی

مەهابادی. **لەو سەردەمەدایە ئیتر بارزانی و هاوخەباتەکانی زانیویانە ئەو کەسەی چەندین مانگ وەکو ئەفسەرێکی ڕووس میوانیداری ئەوان بووە کەسێك نییە بێجگە لە عەلی گەلاوێژی مەهابادی.**

- **مەلا مستەفا و هاورێیانی هەر لەسەردەمی یەکسالّەی فەرمانڕەوایی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە هاوکارییان لەگەڵ ئاغای قازی مەحمەد و کەسوکاری نەکردوە و لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوان ڕاسپاردەی سیاسەتی ئیستعماریی ئینگلیزن.**
- تەمەنی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی کوردستان زۆر کورت بووە و لە سەردەمی هاوکاریی ئاشکرای ڕەحیم سەیفی قازی و عەلی گەلاوێژ لەگەڵ بارزانی، وازیان لە خراپەبێژی و قسەبەری لە پیاوە دڵپاکەکانی بارزانی نەهێناوە و لە ئاکامی تەواوی ئەم ناپیاوی و دووڕوویانەدا پاش چەند مانگێك وای لێ هات هیچ کەس مەلا مستەفا بارزانی و هاوخەباتییەکانی لە باکۆ نەبینیوەتەوە. **جهانشاهلو و جەماعەتی فیرقە بە هۆی کورتە قسەیەکی ژنرال ئاتاکشیۆڤ زانیویانە کە <u>بارزانییەکان بێ سەر وشوێن کراون،</u> و ڕێك لەو کاتەدا ڕێبەڕانی سۆڤیەتی ڕایان سپاردوە بە هۆی نەمانی شتێك بە ناوی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی کوردستان ڕەحیم سەیفی قازی و عەلی گەلاوێژ وەکو ئەندامی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وەرگیرێن** [جهانشاهلو، بەرگی ٢. ل٥٤ و ٥٢]

تێبینی:

١. بە پێی زانیارییەکان هەر لەسەرەتاوە "کازیمۆف" بەرپرسی کاروباری بارزانییەکان بووە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم بۆچوونە کە گەلاوێژ وەکوو کەسێکی ڕووس کە نەك زمانی کوردی و فارسی تەنانەت تورکیش نازانێ نێردراوەتە نێو بارزانییەکان، دوور لە لۆژیکە. زۆربەی زۆری بارزانییەکان هەتا کۆتاییەکانی مانگی دیسامبری ١٩٤٧ لە شوێنێك نەبوون و لە گوند و کاڵخۆزەکان بڵاوکرابوونەوە و ناکرێ گەلاوێژ وەکو ئەفسەرێکی پایەبەرز و بەرپرس، بێ هەبوونی وەرگێرێك پێوەندی لەگەڵ خەڵك بگرێ و لە بەیانی هەتا ئێوارێ دەستی لە گیرفانی بخات و بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە، لە گوندێك بۆ گوندێکی دیکە و لای کەسێکەوە بۆ لای کەسێکی دیکە بڕوات و بزانێ ئەوان باسی چی دەکەن و پاشان ڕاپۆرتیان لێ بدات.

٢. جهانشاهلو کە هیچ ڕاپۆرتێکی بە چاوی خۆی نەدیوە، چۆن دەتوانێ بێ هەبوونی بەڵگەیەك داوەری لەسەر قسەو ڕاپۆرتەکانی گەلاوێژ بکات؟

٣. ئەم بوختانەش کە مەلا مستەفا لە سەردەمی کۆماری کوردستان پێشوا قازی محەمەدی بە ڕاسپێردراوی ئیستێعماری ئینگلیز زانیبێ و خۆی لە هاوکاری لەگەڵ ئەو کێشابێتەوە، زۆرتر لە گاڵتەجاری دەچێ و هیچ بنەمایەکی سەلمێنراوی نییە.

٤. ناسینی گەلاوێژیش لە لایەن بارزانییەوە دوای دامەزراندنەوەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و سازکرانی فیرقەی دیموکراتی کوردستان لە باکۆ، تەبایی لەگەڵ کرۆنۆلۆژی ڕووداوەکان نییە. هەر وەك پێشتریش ئاماژە کرا، یەکەمین کۆبوونەوەی بەشێك لە ئەندامانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و کۆمیتەی کۆچبەران ڕۆژی جومعە ٢٦ نوامبری ساڵی

١٩٤٧ پێکهاتووه و له ٦ی ژانویه ١٩٤٨ کۆمیتەی کۆچبەران خۆی وەکو کۆمیته ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان پێناسه کردوه.[لاهرودی ل ٩٩ – ٩٨]. کۆمیتەی کوردیش که گەلاوێژ وەکو هەڵبژاردەی لیستی بارزانی یەکیان بوو، له کۆبونەوەیەکی ١٩ی ژانویه ١٩٤٨ دا پێکهاتووه و لەو کاتەوه کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی و باشووریی به سەرۆکایەتی مەلا مستەفا دەستیان به چالاکی له ژێرناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان کردوه.

٥. بێ سەرو شوێن کردنی بارزانی و هاوڕێیانی به پێی ڕاپۆرتی قازی و گەلاوێژ و، وەرگیرانی ئەوان ڕێك لەو سات و کاتەدا به هۆی نەمانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، **وەکو ئەندامی کۆمیته ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان** لەگەڵ راستییەکان نایەتەوه. له کۆبوونەوەی ڕێبەریی فیرقەی دیموکرات له ١٢ی فێووریەی ١٩٤٨ ڕەحیم قازی و عەلی گەڵاوێژ بۆ کۆمیته ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەڵبژێردراون.[لاهرودی ل ٩٩]. ڕاپۆرتی حەسەن حەسەنۆف له مارسی ١٩٤٨ بۆ باقرۆف[بەڵگەی ژمارە ٨] دریژەی کاری کۆمیتەکەی کورد سەرەڕای هەڵبژاردنی گەلاوێژ و قازی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان پشتراست دەکاتەوه. له لایەکی دیکەشەوه، بارزانی و هاوڕێیانی له کۆتاییەکانی مانگی ئاوگوست ١٩٤٨ نێردراونەتە ئوزبەکستان.

٦. داوەری کەسانێك وەکو جهانشاهلو و غولام یەحیا دانیشیان لەسەر ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ ناتوانی بێ پێوەندیی لەگەڵ دەستەبەندییەکانی ناو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و ململانێی کادرە لاوەکانی فیرقه له ساڵی ١٩٥٤، لابردنی ئەوان له ڕێبەرایەتی و

هەڵبژاردنی کەسێکی کورد وەکو ڕەحیم قازی لە لایەن ئەندامانی فیرقە وەك جێگیری سەرۆك بووبێ. [هەروەها بڕوانە ژێرنووسی ژمارە ٣]

***

عەلی شەمیدە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی تودەی ئێران و ڕێبەرایەتیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە تاراوگە بووە. کاتی بوونی لە ئێران چالاکی بەرچاوی لە بزووتنەوەی کرێکاریدا بووە.
عەلی شەمیدە لە ژیاننامەکەی دا تەنیا بە پێی ئەو شتانەی لەم و ئەوی بیستووە ئاوا باسی ئەم ڕووداوانە دەکات:

- *<u>**ئەوجۆرەی بیستم**</u> گەلاوێژ بە جل و بەرگی ئەفسەرییەوە بۆ لای مەلا[مستەفا بارزانی] چووبوو و <u>ڕەنگە</u> ڕاپۆرتی وەزعی کوردەکانی بە مەقامات دابێ.*
- *<u>پاش ئەوەی مەلایان بۆ ئاسیای ناوەڕاست دوور خستۆتەوە بەوێ زانیووە گەلاوێژ کوردە</u> و سوێند دەخوات لە هەر کوێ ببینێ بیکوژێ، هەر لەبەر ئەوەش گەلاوێژ خاڵێ نێوان برۆکانی بە نەشتەرگەریی لادەبات تا نەیناسنەوە؟؟ [شەمیدە ٢٩٠ -٢٨٠]*

باوەڕ ناکەم ئەم دوو خاڵە پێویستی بە نووسینی شتێك بۆ پەرچدانەوەی بێ.

***

کورتەی قسەکانی د. قادر مەحمودزادە (ئاسۆ)

قادر مەحمودزادە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ نزیك بە ٦٠ لاوی کورد بۆ خۆێندن لە فێرگەی سپایی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە نێردرابوە کۆماری ئازەربایجان، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە سەرماوەزی ١٣٢٦ دەگەڕێتەوە ئێران بەڵام لە ساڵی ١٣٢٩ دیسان ئێران بە جێ دێڵێ و دەگەڕیتەوە یەکیەتی سۆڤیەتی، واتە لەسەردەمی بوونی بارزانی لە ئازەربایجان، لەوێ نەبووە و پاشتر ئەم خاڵانەی خوارەوەی دەربارەی گەلاوێژ و قازی دروست یان غەڵەت بیستووە:

- مەلا مستەفا دلێکی خۆشی لە ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ نەبوو، یەکەم ڕەحیم قازی لافی بەرابەریی لەگەڵ ئەو لێداوە و لە هەندێك شوێن قسەی ناشیرینی کردبوو، کە بە گوێی گەیشتبۆوە.
- کاتێك سنووریان بەزاندوە، عەلی گەلاوێژ و مورادڕەزم ئاوەریان وەکو نێوانچی لە نێوان بارزانییەکان و کاربەدەستانی بەرپرسی یەکیەتی سۆڤیەتی، بۆ چارەسەرکردنی پێداویستیی، کێشە و ناڕەحەتیەکانیان بۆ لای ئەوان ناردبوو. بەڵام بە عەلی گەلاوێژیان گوتبوو باس لە میللیەتی خۆی نەکات و هەرچی ئەوان دەیلێن دەقاودەق بۆ ئەوانی بگێرێتەوە. عەلی گەلاوێژ لە ڕایەڕاندنی ئەرك و ویژدانی خۆی لاینەداوە و زۆرێك لە کێشەکانی ئەوانی چارەسەر کردوە. بەڵام بە ناوێکی ساختەوە خۆی بە مەلا مستەفا ناساندوە.
- بارزانی پێوابووە گەلاوێژ یەکێکە لەو بەرپرسانەی ئازەربایجانی سۆڤیەتی [بە پێچەوانەی قسەکەی جهانشاهلو کە باس لە ڕووس بوون دەکات]کە ئاوا باش بە زمانی تورکی قسە دەکات.

- له کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە لە باکۆ بەڕێوەدەچێت و مەلا مستەفا بەشداری بووە، بە هەڵکەوت لە کۆریدۆرەکەدا تووشی گەلاوێژ دەبێ کە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی بووە، دەیەوێت لەبارەی شتێکەوە بە زمانی فارسی ڕاوێژی لەگەڵ بکات، بەڵام گەلاوێژ پشۆکاوە و بە بیانوویەك خۆی دوور کردۆتەوە. مەلا مستەفاش لە ڕێگای موراد ڕەزم ئاوەڕەوە زانیویەتی گەلاوێژ کورد و خەڵکی مەهابادە!
- موراد ڕەزم ئاوەر ئەمە دەڵێت بۆ ئەوەی خۆی لە مەلا نزیکتر و موخلیس‌تر نیشان بدات. لە کاتێکدا بۆ هەموان ئاشکرا بوو، موراد سیخوڕێکی نیشانکراوی ڕێکخراوی ك. گ. ب بوو و پاشانیش بوو بە خەفیەی ئینگلیز و عێراق.
- گوایە، بە پێی قسەکانی مەلا مستەفا، گەلاوێژ قسەی ئەوانی بە دزییەوە نووسیووتەوە و ڕۆڵی لە چارەنووسی تاڵی ئەواندا بووە. [د. ئاسۆ ل٣٥٠ – ٣٤٩]

تێبینی:

وڵامی زۆربەی ئەو خاڵانەی کە د. ئاسۆ باسی دەکات لە ناوەڕۆکی بابەتەکە و وەڵامی جهانشاهلو دراوەتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێوستە باسی چەند خاڵێك بکەین.

١. کات و هۆی کۆبوونەوە بە پەلەکەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان نادیارە، ڕوون نییە ئەگەر مەلا مستەفا پێیوابووبێ گەلاوێژ ئازەربایجانی‌یە

و تورکی باش دەزانێ بۆ دەیەوێ بە فارسی ڕاوێژی پێ بکات، ئەویش ڕاست لەو ساتەدا کە دەبێ لە کۆبوونەوەکەدا بن.

٢. بە پێی ئەم ئیدعایە، گەلاوێژ دەبوو ئەندامی دەستەی کارگێڕیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بووبێ. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی فیرقەی دیموکرات پاش ڕووخانی حکومەتی ئازەربایجان و هاتنی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و هتدێ ئەم حیزبە بۆ ئازەربایجان بدەینەوە، دەبینین: یەکەمین کۆبوونەوەی بەشێك لە ئەندامانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و کۆمیتە کۆچبەران ڕۆژی جومعە ٢٦ نوامبری ساڵی ١٩٤٧ سەعات ١١ بە بەشداریی پادگان، ژنرال پناهیان، ژنرال میلانیان، محەمەد جەلیلی، بی‌ریا، کاویان، قیامی، ئیلهامی، دانیشیان، ژنرال ئازەر و جهانشاهلو پێکهاتووە و مانگێك پاشتر لە ٦ی ژانویە ١٩٤٨ کۆمیتەی کۆچبەران خۆی وەکو کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات ئازەربایجان پێناسە کردوە. [کۆبوونەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی لە ١٩ی ژانویەی ١٩٤٨ لە باکۆ بووە] لە کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتیی فیرقەی دیموکرات لە ١٢ی فێووریەی ١٩٤٨ ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ بۆ کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەڵبژێردراون.[لاهرودی ل ٩٩ – ٩٨]. بەم پێیە ئەستەمە لە کۆبوونەوەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە جارێ گەلاوێژ وەکو ئەندامی ڕێبەریی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەڵنەبژێرداوە وەك ئەندامی دەستەی کارگێڕی بەشداریی کردبێ یان بە گشتی جێی گومانە کۆبوونەوەیەکی وەهاش پێکهاتبێ.

٣. د. ئاسۆ زۆرجار باس لە پێوەندیی زۆر نزیکی لەگەڵ مەلا مستەفا دەکات و تەنانەت لە بیرەوریيەکەیدا بە وردی باسی ناردنەوەی خۆی بۆ ئێران دەکات لەسەر داوای مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری نەتەوەیی کورد لە لایەن ك. گ. ب لە جۆزەردانی ١٩٥٢ /١٣٣٤ بۆ بە جێ هێنانی ئەرکێکی مەترسیدار و هێنانی ژن و منداڵەکەی بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی [د. ئاسۆ٣١١ هەتا ٣٤٢] و هاوکاتیش تۆمەتی سیخوڕێکی نیشانکراوی ك. گ. ب و پاشانیش خوفیەی ئینگلیز و عێراق لە موراد ڕەزمئاوەر دەدات. بێ گومان دەکرێ ئەم پرسیارە بکرێ، د. ئاسۆ کە پێوەندییەکی ئاوا نزیکی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بووە و، بۆ بەجێ هێنانی ویستی ئەو ڕیسکێکی ئاوا مەترسیداری کردوە، بۆ مەلا مستەفای لە سیخوڕ بوونی ڕەزمئاوەر ئاگادار نەکردۆتەوە هەتا لەگەڵ خۆی بۆ عێراقی نەبات و تەنانەت لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە ساڵی ١٩٥٩ نەیکات بە کۆمیتە ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان!؟ [مێژووی پارتی. بەرگی یەکەم ل ١٠٢]

کۆبەندیی

ڕووداني شۆڕشی ئۆکتۆبر له ساڵی ١٩١٧ له ڕووسیه و پێکهاتنی جیهانی دوو جەمسەریی کاریگەریی لەسەر تەواوی زەحمەتکێشانی جیهان و نەتەوە بن دەستەکان و یەك لەوان گەلی کورد بوو. زۆربەی ڕێبەران و بەشێکی بەرچاوی ڕووناکبیرانی چەپ و دیموکراتی کورد بەو هیوایە بوون کە بە پشتیوانی یەکیەتی سۆڤیەتی بە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بگەن.

دامەزرانی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان له ساڵی ١٩٤٥ ئەم هیوایەی پتەوتر کرد، مخابن هەرەسهێنانی ئەو دوو حکومەتە و داگیرکرانی ئازەربایجان و کوردستان له سەرماوەزی ١٩٤٦ له لای سپای ئێرانەوە، له سێ دارە درانی ڕێبەرانی کورد و کوژران و گیرانی دەیان کادر و ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەروەها کوشتاری سەدان کەس له شۆڕشگێڕان و خەڵکی ئازەربایجان له لایەن سپای ئێران و کۆنەپەرستانی سەر بەوانەوە، بوو بە هۆی پاشەکشەی کاتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئازەریی.

مەلا مستەفای بارزانی و بەشێکی بەرچاوی هێزەکانی، کە له سەردەمی کۆماری کوردستان کۆڵەکەی بە هێزی بزووتنەوەی کورد بوون، ناچار بوون ڕێگایەکی دوور و پڕ مەترسی ببڕن و بەو باوەڕەوە کە یەکیەتی

سۆڤیەتی تەنیا هیوا و پشتیوانی کورده، لە جۆزەردانی ١٩٤٧دا خۆیان بگەیەننە خاکی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی.

مەلا مستەفای بارزانی و هاوڕێیانی لە سەردەمی پاش شەری جیهانی دووەم، بە هۆی کۆڵێك کێشەی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکیەتی سۆڤیەتی کە بەرهەمی شەڕێکی خوێناوی چەند ساڵە لەگەڵ فاشیزمی هیتلێری بوو، لەو وڵاتەدا کەوتنە نێو بارودۆخێکی نەخوازراو. ئەوان لە سیمای دەوڵەتی سۆڤیەتدا دۆست، پشتیوان و هاوڕێ جێ متمانەیان دەدێ و یەکیەتی سۆڤیەتی ئەوانی وەکو ئامرازێك بۆ وەدیهێنانی پلانە ستراتێژیکەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی لە ئاست عێراق و ئازەربایجانی ئێران لەبەرچاو گرتبوو. هەر بەم هۆیەش، لە سەرەتای هاتنیان بۆ ئازەربایجان، ڕێبەریی یەکیەتی سۆڤیەتی ئەوانی بە وردی خستە ژێر چاودێری خۆی و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، دەستی بە ڕاهێنانی سپایی ئەوان لە سەرەتادا لە ئازەربایجان و پاشان لە ئوزبەکستان کرد. لەم نێوانەدا باقرۆف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان کە بە هیوای کەلك وەرگرتن لە ٥٠٠ شەرڤانی بە ئەزموون و ئازای کورد لە دەرفەتێکی گونجاو لە ئازەربایجانی ئێران بوو، بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لە ناوچەکە، نارەزایەتی و گوشاری حکومەتی ئێران، شك و گومانی لە مەلا مستەفا کە گوایە بیرۆکەی زیندووکردنەوەی کۆماری سووری کوردستانی لە ئازەربایجان هەیە، هەروەها نەبوونی قازانجێك لە بوونی بارزانی و هاوڕێیانی بۆ بەرنامە دریژخایەنەکانی لە ئازەربایجانی ئێران، پێشنیاری دوو کردنەوەی ئەوانی لە سنووورەکانی ئێران دا.

مۆسکۆش کە لەسەرەتاوە بەرنامەی تایبەتی خۆی بۆ بارزانی و هێزەکانی لە عیراق دژ بە حکومەتی سەر بە ئینگلیزی مەلیك فەیسەڵی دووەمی

دارشتبوو، و تەنانەت پاول سودۆپلاتۆف ڕاسپێردراوی بەناوبانگی ئاسایشی یەکیەتی سۆڤیەتی لە چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ بارزانی پیی ڕاگەیاندبوو هەتا گونجاو بوونی بارودۆخ بۆ گەڕانەوەیان بە کوردستان، بۆ ماوەیەکی کاتیی ئەوان بۆ ئاسیای ناوەڕاست دەنێردرێن، لە ئاگوستی ساڵی ١٩٤٨ بە بڕیاری وەزارتی ناوخۆی یەکیەتی سۆڤیەتی، بۆ ئۆزبەکستانیان بەڕێ کردن و پاش نیشتەجێ بوونیان لەوێ، لە لایەن کاربەدەستانی سۆڤیەتەوە دریژە بە ڕاهێنانی سپایی و سیاسییان درا.

بارزانی و بەشێك لە هاوڕێیانی لە ماوەی بوونیان لە ئازەربایجان، هاوکارییان لەگەڵ ڕێژەیەکی کەم لە کوردانی ڕۆژهەڵات بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکرد. کار و چالاکی سیاسیی ئەوان لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕادیۆ لە پێوەندیی و هاوکارییەکی ڕاستەخۆ و نزیك لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بوو. پاش ناردنی کوردەکانی باشوور بۆ ئۆزبەکستان ئەم پێوەندییە لەیەك پچرا و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێرای خوێندن و خۆ پێگەیاندنی سیاسی و زانستی، بە پێی ئەو دەرفەتەی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەو کاتەی یەکیەتی سۆڤیەتی بۆیان دەگونجا، لەگەڵ تەواوی کۆسپ و ئاستەنگییەکانیش، درێژەیان بە کار و چالاکی خۆیان لە ژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا. هاوکاری شان بە شانی ئەوان لەگەڵ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و تەنانەت بەشداریی دوو کەس لەوان، واتە ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ لە ئاستی ڕێبەریی، بەستێنێ پێویستی بۆ دریژەپێدان بە چالاکی وخەباتی ئەوان وەك کورد پێکهێنا.

ڕێژەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات ئەستەم دەگەیشتە سەرەوەی دە کەس و بێگومان لەو حاڵەتەدا وەرگرتنی دەرەتان بۆ کاری سیاسی و فەرهەنگی لە دەوڵەتی ئازەربایجان بە تایبەتی لە سەردەمی باقرۆف و ستالیندا،

کارێکی هاسان نەبوو. مخابن وەکو هەموو وڵاتێکی پاشکەوتوو کە هەڵبەستنی بوختان و تۆمەت لێدانی بێ بەڵگە بە هۆی ناتەبایی سیاسی، ململانێی فیکری و ڕێکخراوەیی، هەروەها کێشەی شەخسی و هتد... دەبێتە بەشێك لە دەروونی ئەو کۆمەڵ و حیزبانە، لە لایەن کەسانێکی دیارەوە، هێندێك لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك د. ڕەحیمی سەیفی قازی، د. عەلی گەلاوێژ بە مەبەستێکی تایبەت، تۆمەتی سیخوڕی و هاوکاریی لەگەڵ باقرۆف و هتدیان دژ بە بارزانی و هێزەکانی لێدرا.

ئەم چەشنە تۆمەت لێدان ومیژوونووسینانە بە تایبەتی ئەگەر لە لایەن کەسایەتیەکی کوردەوە بێ، نەك قازانجێکی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نابێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی پەرەپێدان بە ناتەبایی نێوان هێزەکانی کورد، چاندنی تووی دووبەرەکی، هەروەها یارمەتیدان بە پێکهاتنی فەرهەنگێکی نەشیاو و ناشیرین بۆ خراپکردنی کەسانی بیرجیاواز لەڕێگای تۆمەت لێدانی بێ بنەما و بێ بەڵگەوە.

د. ڕەحیم قازی و د. عەلی گەلاوێژ کەسانێکی نیشتمان پەروەر، ئارمانخواز، چەپ و دیموکرات بوون و بێگومان وەك هەر کەسی دیکەش، لە سەردەمی بوونیان لە یەکیەتی سۆڤیەتی یان لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ئێران پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان لە ڕێبەندانی ١٣٥٧، بە دوور لە هەڵەی سیاسی و تەنانەت شەخسیش نەبوون. ئەوان پێیان وابوو بەو سیاسەت و ڕێبازەی هەڵیانبژاردوە، خزمەت بە نەتەوەکەیان دەکەن. ڕەوا نییە بە بە جێگای ڕەخنەیەکی بنیاتنەر، بە هۆی جیاباوەڕی سیاسیی و فەلسەفی، هەڵەگەلێکی سیاسیی کە بەرهەمی شێوەی لێکدانەوەی بارودۆخێکی ئاڵۆز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بە تایبەتە، تەواوی ژیانی سیاسی کەسێك بخرێتە ژێر پرسیارو تەنانەت تاوانی سیخوڕی و خەیانەتی لێ بدرێ.

لەم پێناوەدا ئەرکی ڕووناکبیر، ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگیی پێشکەوتنخوازانە، هەوڵدانە بۆ ناساندن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و شێوازی ڕەخنەگرتنی بنیاتنەر، نەك بۆ دوژمنایەتی و سووك و چرووك نیشاندانی ڕەخنە لێگیراو.

بۆ وەدیهێنانی ئەم مەبەستە، پێویستە بۆ ناسین و چارەسەر کردنی ناتەباییەکان لە ئامڕازی ڕەخنە، هەر وەکوو مارکس بە دروستی وەك "**چەکی ڕەخنە**" ناوی دەبا، کەڵك وەربگیری. ئەو ڕەخنەیەی کە بە سوود نەبێ لە گەوهەری خۆیدا دەتوانێ ڕووخێنەر و زیانبار بێ. لە وڵاتێکدا کە فەرهەنگی ڕەخنەگرتن باو نەبێ و مرۆڤ نەتوانێ ژیربێژانە و ڕاستەوخۆ بیروڕای خۆی دەربڕێ، ناتوانێ لە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا ڕێگای خۆی بەرەو ژیانێکی هێمنانە و ئەمڕۆیی بدۆزێتەوە.

***

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا سپاسی بەڕێزان ئەنوەر سوڵتانی بۆ پێداچوونەوەی بابەتەکە، سیاوش رنجبر دائمی و حەسەنی قازی دەکەم کە بە دڵگەورەییەوە بەشێکی زۆر لە بەڵگە و وتاری پێویستیان لەبەر دەستنام. سەرچاوەی بەڵگەکان بە زمانی ڕووسی، بەشێك لە ئارشیوی نەتەوەیی کۆماری ئازەربایجان پاریزراوە لە ئارشیوی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی ئێرانناسی لە ئامستردام، هەروەها بابەت و بەڵگەی جۆراوجۆری ناو ئارشیوی ڕووسیەن، کە لە بەشی سەرچاوەی ئەم بابەتەدا ئاماژەیان پێکراوە.

پاشکۆ

بەڵگەی ژمارەی ١. ڕاپۆرتی ئا. گوسکۆف، سەرۆکی کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەتی شورای وەزیرانی کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی

تەواو نهێنی

سەبارەت بە پەنابەری سیاسی کەریم ئەیووبی کوڕی ڕەحمان،
لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٤، خەڵکی شاری مەهاباد (ئێران)
کورد، ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ناشارومەند

کەریم ئەیوبی لە بنەماڵەیەکی بازرگانە.
لە ئاگوستی ١٩٤٦ لە لایەن دەوڵەتی دیموکراتیکی کوردستانی ئێرانەوە بۆ ڕاهێنانی نیزامی نێردرا بۆ باکۆ.
عەزیز ئاسەفی شوگرێت[٨] مەئموری ئاشکرابووی دەزگای ئاسایشی ئێران کە بە شێوەیەکی نهێنی هاتۆتە یەکیەتی سۆڤیەتی، لە دانپێدانانەکانیدا ئاماژەی بە کەریم ئەیوبی کردوە.

---

[٨] *Шогрет* . لە نێوە تورکەکاندا ناوی شوگرت بەرچاو دەکەوێ، بەڵام هۆی نووسینی ئەم ناوە لە بەرامبەر عەزیز ئاسەفی ڕوون نییە.
د. ڕەحمان حەلەویی سەبارەت بە کەسایەتی عەزیز ئاسەفی دەنووسێ'لە ئوردووگای بایکانور، لە هەموو میللەتێکی تێدا بوو، تەنانەت خەڵکی بیانییش. هەمووش بە زمانی هاوبەشی ڕووسی یەکترمان دەدواند. ...ژمارەی کوردەکانی ئەم ویستگەیە، هەر پێنج کەس بوون، یەکیان عەزیز بوو کوردی قووچان بوو، دوو کوردەکەی دیکە جەلالیی لای ماکۆ بوون بە ناوەکانی گوزەل و ئێکیت. عەزیزی ئاسەفی هاوولاتیی خۆم و منیش. لە نێو ئەواندا ئەوی لە هەموان لەڕ و لاوازتر بوو، کاك عەزیز ئاسەف بوو، کە دەیتگوت هەموو ماوەی زیندانییەکەی لە سیبریا بووە و، وەکی دەیگێڕاوە، لەگەڵ

ئەو [ئاسەفی] ڕایگەیاندوە خوسرەۆ زولفەقاری دامەزرێنەری بووە، وێرای دیاریکردنی شێوەی پێوەندگرتن، باسی ئەو کوردانەی کردوە کە لە باکۆ دەژین، لەم نێوەشدا ئاماژەی بە ناوی چەند بنەماڵە و لەوانە ئەیوبی کردوە کە نامە گۆڕینەوەیان لەگەڵ خزم و کەسوکاریان هەیە کە لە ئێران دەژین.

عەزیز ئاسەفی شۆگرێت دەبوو بە یارمەتی ئەم کەسانە دەرفەتێك بدۆزێتەوە بۆ ناردنی زانیارییە سیخوڕییەکان بۆ ئێران و لە نەبوونی ئەم دەرفەتە، دەبوو زانیارییە کۆکراوەکانی، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، بگەیەنێتە زولفەقاری.

بە پێی بەڵگەکانی "کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەتی" ئەیووبی نێونجیگەری بۆ نامەگۆڕینەوەی نێوان شێخ سەعید عەبدوڵڵا قادر کە لە ئێران دەژی و گومانی سەر بە ڕێکخراوەی ئاسایشی ئینگلیز بوونی لەسەرە لەگەڵ کوڕەکەی – سەید [عەزیز] شەمزینی هەیە کە لە تاشکەند دەژێ.

لە ساڵی ١٩٤٥ دا، شەمزینییان لە ئێرانەوە بە بیانووی ڕاهێنانی سپایی بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی نارد تا پێش بە هەنگاوە چالاکەکانی باوکی لە دژی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات بگرن.


محەمەدی شیرازی ڕایان کردبوو بۆ سۆڤیەتی. ئەنجوومەنی تایبەتی، یەکی ٢٥ ساڵ بێگاریی لە ئوردووگاکاندا بۆ بڕیبوونەوە.

ئاسەف، گەنجێکی تا بڵێی بە ئەدەب و گرانوسەنگین بوو. جاری وابوو ئەوەندە بە هێمنی قسەی دەکرد، کە گوێم لە دەنگی نەدەبوو. زۆریش نیگەران بوو. لە سێبەری خۆی دەترسا. هەر جارێکی دەمگوت کچێ مەترسە، قاقای دەکێشا. بەستەزمانە هاتبوو لە بەهەشتی بەڵێنپێدراو میوەیەك لە داری تووبا لێ بکاتەوە. بەڵێ میوەکەی زۆر تاڵ بوو، ٢٥ ساڵ مەحکوومییەت بوو. زۆربەی جار دەهاتە نووسینگەکەی من و پێکەوە دادەنیشتینە قسەکردن'.[حەلەوی. ل ٢٥٦، ٢٩٥ -٢٩٤]

عەزیز ئاسەفی و ڕەحمان حەلەویی ماویەك پاش مردنی ستالین لە ٥ی مارسی ١٩٥٣، ئازاد و ڕادەستی ئێران کرانەوە.

هیچ بەڵگیەکی دیکە لەسەر ئەیووبی کەریم لەبەر دەستدا نییە.

سەرۆکی کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەتی شورای وەزیرانی کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی
واژۆ (ئا. گوسکۆف) دیسامبری ساڵی ١٩٥٤



2-АШ/2

СОВЕРШЕННО СЕКРЕТНО

экз.№__

С П Р А В К А

на политэмигранта ЭЮБИ КЕРИМА РАХМАН оглы, 1924 года рождения, уроженца города Мехабада (Иран), курда, члена АДП, лица без гражданства.

ЭЮБИ КЕРИМ происходит из семьи купца.

В августе 1946 года был послан в Баку демократическим правительством Иранского Курдистана для получения военного образования.

ЭЮБИ КЕРИМ проходит по показаниям нелегально перешедшего из Ирана в СССР разоблаченного агента иранской разведки АЗИЗ АСАФИ ШОГРЕТА.

Последний показал, что его вероовщик ХУСРОВ Зульфугари, обуславливая с ним способ связи, указал, что в Баку проживают курды, назвав при этом несколько фамилий, в том числе и ЭЮБИ, которые поддерживают письменную связь со своими родственниками, проживающими

45

2.-

в Иране. С помощью этих лиц АЗИЗ АСАФИ ШОГРЕТ дол - жен был изыскать возможности для переправы шпионских сведений в Иран, а при отсутствии у них такой воз - можности добытые данные должен был передать ЗУЛЬФУ- ГАРИ лично, после возвращения в Иран.

Из материалов " ПК" усматривается, что ЭЮБИ является посредником в переписке между ШЕЙХ САИДОМ АБДУЛЛА КАДЫР, проживающим в Иране, подозреваемым в принадлежности к английской разведке и сыном послед- него - ШАМЗИНИ САИДОМ, проживающим в Ташкенте.

ШАМЗИНИ в 1945 году был вывезен из Ирана в СССР под видом получения военного образования для того, чтобы сдержать его отца от активных действий против руководителей демократической партии.

Другими материалами на ЭЮБИ КЕРИМА не распола - гаем.

ПРЕДСЕДАТЕЛЬ КОМИТЕТА
ГОСБЕЗОПАСНОСТИ ПРИ СОВЕТЕ МИНИСТРОВ
Азербайджанской ССР

(А.ГУСЬКОВ)

" 1 " февраля 1954 года

بەڵگەی ژمارەی ٢. نامەی ڕەحیم قازی و عەلی گەلاوێژ بۆ میرجەعفەر باقرۆف بە ئازەری و ڕووسی

بۆ هاوڕێ میر جەعفەر باقرۆف
ڕێبەری پارتیی کۆمۆنیستی ئازەربایجان (بالشویکەکان)

وەرگێڕان لە تورکی ئازەرییەوە: حەسەن قازیی

بە حورمەتەوە سەرنجتان بۆ ئەم بابەتانەی لەم عەریزەیە دا نووسراون ڕادەکێشین
ئێمە دوو لاوین، دوو ساڵ لەمەوبەر لە لایەن حکوومەتی نەتەوەیی کوردستانەوە بۆ خوێندن لە خوێندنگەی نیزامی هاتووین بۆ شاری باکۆ. دوای ئەوەی هێزەکانی حکوومەتی کۆنەپەرستی ئیران گەڕانەوە نیشتمانمان، لەبەر ئەوەی ئیدی مومکین نەبوو بگەڕێینەوە کوردستان، لە خاکی سۆڤییەت دا ماوینەوە.
هەتا ئێستاش ئاواتی ئێمە بریتییە لە ئازادی گەڵەکەمان و خەباتی دیمۆکراتەکانی جیهان و لەو ڕێبازە دا قوربانی بوونی بنەماڵە و سەروەتمان شاهیدی ئەو ڕاستییەیە.
ئێستاش، تەنیا ئاواتێکمان هەیە، ئەویش ئازادیی گەلی کورد لە پێناو ژیانێکی بە شکۆ و بەردەوامی خەبات و سەرکەوتنێتی.
بۆ گەیشتن بەو ئاواتەمان حکوومەتی مەزنی سۆڤییەت تاقە پاڵپشتی هەتاهەتایی، پتەو و نەچەماوەمانە، بە تایبەتی لەو پەروەردەیەی لە حیزبی

لێنین – ستالین دیتوومانە، بە هەتاوێکی دەزانین لە ڕێگای خەباتی داهاتوومانداد. بۆ بەختەوەریی گەلەکەمان و دەست خستنی ژیانێکی گەش بەو پەروەدە مەزنە بالشویکییەی دیتوومانە و، خەباتی تەشکیلاتی حیزبەکەمان لە سەر بنەمای ئەزموونەکانی خەباتی حیزبی لێنین – ستالین و لە ئاکامی ئەوانە دا باوەڕمان وایە گەلی کورد لە ئیستیعمار و چەوسانەوە و لەهەموو زنجیر و کۆتێك ڕزگاری دەبێ.

بنەماڵەی ستالین، یانی گەلی قارەمانی سۆڤییەت بە جێگرەوەی بنەماڵەکەمان دادەنێین کە لە پێناو خەبات دا قوربانی بوون، و ئێوەش وەکوو ڕێبەری هەڵکەوتووی گەلانی ڕۆژهەڵات، بۆ ئێمە ڕێبەرێکی خۆشەویست و مێهرەوان و خێرخوان: هەر بۆیەش بەخۆمان دەپەڕموویین داوخوازەکانمان لەگەڵ ئێوە بهێنینە گۆڕێ:

١. پێویست بە گوتن نییە، شاری مۆسکۆ، هیوای زەحمەتکێشانی جیهان و دڵی هەموو ئینسانە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکانی جیهانە، هەر وەك چۆن موسڵوڵمانەکان و دین پەرستەکان هەر کامەیان دەچنە زیارەتی مەکە، ئێمەش وەك ئەندامانی جەماوەری ئازادیخواز ئاواتی دیتنی شاری مۆسکۆمان هەیە و دەمانەوی چێژی ڕووحی لەو دیدار ببینین.

٢. لە بەر ئەوەی لە کوردستان لە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکدا بەشداریمان کرد لە لایەن وەزارەتی هێزی حکوومەتی نەتەوەیی کوردستانەوە پلەی ئەفسەریان بە ئێمە دا، پاشان لە "خوێندنگەی نیزامی باکۆش‌دا خوێندوومانە، بۆیە داوخوازمان ئەوەیە یونیفۆرمی نیزامی و پلەی ئەفسەریمان، وەك یادگارێکی حکوومەتی نەتەوەییمان وەك یونیفۆرمی ئەرتەشی سوور بۆمان بپارێزدری.

٣. ئێمە ئێستا لە شوێنی مانەوەی گشتیدا دەژین، بەڵام بەرژوەندی سیاسیی حیزبی دیموکرات پێویستیی بەوە هەیە ئێمە چالاکییەکانمان بە نهێنی بێ. لەبەر ئەوەش، داوا دەکەین فەرمانی پێکهێنانی باردودۆخی پێویست بۆ ئێمە بدەن.
٤. ئێمە هیچ گومانمان لەوە نییە کە حیزبی دیموکراتی ئێستای ئێمە ناوکی چەشنێکی نوێ حیزب لەداهاتوودایە، هەرلەبەر ئەوەش داواتان لێ دەکەین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ ژیانی حیزبی ئاشنا بین و بە چەشنێکی قوولتر لە بالشویزم تێبگەین، شانازی وەرگیرانمان بە ئەندامیەتی پارتیی قارەمانی کۆمۆنیست (بالشەویکەکان) پێ بدرێ.

بە لەبەر چاوگرتنی وەزعییەتی ئێمە و ئەرکی پیرۆزی خزمەتکردن بە گەلی کورد لە داهاتوودا، ئێمە ئامادەی ڕاپەڕاندنی هەر چەشنە مەرجێکین بۆ قوبوولکردنمان لە حیزبی کۆمۆنیست.

بە هیوای پەسندکردنی داواکانمان لە لایەن باوکی بەڕێزمان و پێشکێش کردنی ڕێز و حورمەت بۆ مەقامی بەرزتان.

ڕەحیم سەیف قازی
عەلی گەلاوێژ

ئەم داخوازییە بە تورکی ئازەربایجانی نووسراوە و لە ڕێبەندانی ١٩٤٨ لە لایەن د. جەعفەرۆف وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ڕووسی.

ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیست (بالشەویك)ی ئازەربایجان هاوڕێ م. ج. باقرۆف

وەرگێڕانی دەقە ڕووسیەکەی

بەڕۆ پەڕی ڕێزەوە سەرنجی ئێوە بۆ مەسەلەکانی نێو ئەم داواکارییە ڕادەکێشین.

دوو ساڵ لەمەوبەر حکوومەتی نەتەوەیی کوردستان، ئێمە دوو لاوی کوردی بۆ خوێندن لە مەدرەسەی سپایی نارد بۆ باکۆ. بە دوای هێرشی هێزەکانی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تاران بۆ کوردستان، ئێمە نەمانتوانێ بگەڕێینەوە نیشتمانی خۆمان و بەم پێیە بڕیاری مانەوەمان لە خاکی سۆڤیەت دا.

تا ئێستا، ئاواتی گەورەی ئێمە خەبات بۆ ڕزگاریی گەلەکەمان و سەرکەوتنی دیمۆکراسی لە تەواوی جیهاندا بووە. لە پێناوی ئەم ئاواتەدا ئێمە لەئاست مەرگی خاو و خێزان و تێچوونی تەواویی سامان و داراییمان ددانمان بە جەرگماندا گرتووە. تەنیا ئاواتمان ئێستا دریژە پێدان بە خەبات بۆ ڕزگاریی و گەشەکردنی گەلی کورد و گەیاندنی ئەم خەباتە بە ئاکامێکی سەرکەوتووانەیە.

ئێمە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتەمان، یەکیەتیی سۆڤیەت بە تاکە پشتیوانی هەتاهەتایی و شێلگیر دەزانین. ئەو پەروەردەیەی ئێمە ئێستا لە حیزبی لێنین – ستالینی وەردەگرین، وەك خۆر ڕووناککەرەوی ڕێگای خەباتی ئێمەیە. ڕێك بەهۆی ئەم پەروەردەکردنە ژیرانەیەی حیزبی بالشویکە، کە ئێمە باوەڕمان بە داهاتووی بەختەوەرانە و گەشی گەلەکەمان لەدەست نادەین. ئێمە دەبینین و تێدەگەین کە ئەو خەباتەی حیزبی ئێمە بەڕێوەی دەبات بەپێی ئەزمونی خەباتی حیزبی لێنین و ستالین بەهێز دەبێ و هەر

بەم هۆیەشەوە ئێمە باوەڕمان بە ڕزگاریی گەلی کورد لە زنجیری هەر چەشنە چەوسانەوە و زۆرداریيەکە. ئێمەکە بنەماڵەی خۆمان لەپێناوی گەلەکەماندا لەدەست داوە، بنەماڵەی ستالین واتە بنەماڵەی گەلە قارەمانەکانی سۆڤیەت بە بنەماڵەی خۆمان دەزانین.

بەم هۆیەش، ئیزنمان بدەن داخوازیی خومان ئاراستەی ئێوە بکەین:

١. پێویست بە گوتن ناکا کە شاری مۆسکۆ، هیوای زەحمەتکێشانی تەواوی جیهان و دڵی هەموو خەڵکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی جیهانە؛ ئێمە وەك نوێنەری جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز لە مۆسکۆ دەڕوانین، هەر وەك ئەو موسوڵمانانە کە ڕوویان لە مەککەیە. بۆ ئیلهاموەرگرتنی زۆرتر، ئێمە ئاواتی وەدیهاتنی دیداری مۆسکۆمان هەیە.

٢. لە لایەن وەزارەتی سوپای حکوومەتی کوردستانەوە بە هۆی بەشداریمان لە بزووتنەوەی دیموکراتیك لە کوردستاندا، پلەی سپاییمان پێبەخشرا، پاشان لە مەدرەسەی پیادە نیزامی باکۆش دەرسمان خوێند. ئێمە ئاواتەخوازین پلە و یونیفۆرمی سپایی خۆمان وەك یادگاری حکوومەتی نەتەوەییمان شانبەشانی پلە و یۆنیفۆرمی سپای سۆڤیەت بپارێزین.

٣. ئێمە ئێستا لە نووستنگە دەژین، بەڵام بەرژوەندی سیاسیی حیزبی دیموکرات پێویستیی بەوە هەیە ئێمە چالاکییەکانمان بە نهێنی بێ؛ لەبەر ئەوەش، داوا دەکەین فەرمانی دابینکردنی باردودۆخی پێویست بۆ ئێمە بدەن.

٤. ئێمە هیچ گومانمان لەوەدا نییە کە حیزبی دیموکراتی ئێستای ئێمە، ناوکەی چەشنە حیزبێکی نوێ لەداهاتوودایە، هەرلەبەر ئەوەش داواتان لێدەکەین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ ژیانی

حیزبیی ئاشنا بین و بە چەشنێکی قوولْتر لە بالشویزم تێبگەین، شانازی وەرگیرانمان بە ئەندامەتی پارتی قارەمانی کۆمۆنیست (بالشەویکەکان) پێ بدرێ.

بە لەبەر چاوگرتنی وەزعییەتی ئێمە و ئەرکی پیرۆزی خزمەتکردنمان لە داهاتوو بە گەلی کورد، ئێمە ئامادەی ڕاپەڕاندنی هەر چەشنە مەرجێك بۆ قەبوولکردنمان لە حیزبی کۆمۆنیستین.

ئێمە لە ئێوە باوکی هێژا، داوا دەکەین، ئەم ئاواتەی ئێمە بە جێ بێنن. تکایە ئەو ڕێز و حورمەتەی ئێمەی کە شایستەی ڕێزدارتانە قەبوولْ بکەن.

.

ڕەحیم سەیفی قازی
عەلی گەلاوێژ

جەعفەرۆف، د. لە ئازەربایجانییەوە وەریگێڕاوەتە[سەر زمانی ڕووسی]
فێوریەی ١٩٤٨

I
8

آذربایجان کومونیست (بولشیویکلر) پارتیاسینین رهبری
میرجعفر . باغروف یولداشا .

هرمتلب سیزین نظر دیقتیزی عریضه ده یازیلان مسئله لره جلب ایدیریک :

بیز ایکی دفعه گنج ، کوردستان ملی حکومتی طرفیندن حربی مکتبده اوخوماق اوچون ایکی یوزدن اول باکی شهرینه گلمیشیک . ارتجاعی تهران حکومتینین قوشونلاری وطنیمیزه ایندن سونرا کوردستانا ثابید ما غیمیز ممکن اولمادیغی اوچون سوویت توپراغیندا قالدیق .

ایندیه قدر بیزیم بیر آرزو موز اولوبدور ، اودا خلقیمیزین آزادلیغی و دنیا دیموکراتیا مبارزه دن عبارت دیر و بویولدا عایله وشرو تیمیزین قربان اولماسینا حقیقت شاهدیر .

بیر آرزو موز واردیر ، اودا کورد خلقینین آزادلیغی وشن حیاتی اوغروندا کی مبارزه نین دوام و اونون عالیتله سونا یی تیریلمه سیندن عبارت دیر .

بو آرزو موزا نایل اولماق اوچون بویوک سوویت حکومتی تکیه ، ایدی ، محکم و سارسیلماجیمیز دیر ، خصوصیله آلدیغیمیز لنین ـ ستالین پارتیاسینین تربیه سینی گله جک مبارزلو اوستونده ایشیقلی بیر گوشی کیمی گورورروک . خلقیمیزین خوشبختلیغینی وحیاتینین یاشاماغینی دا آلدیغیمیز قوجامان بولشیویکلی تربیه سینده ، فرقه وی مبارزه میزین لنین ـ پارتیاسینین مبارزه تجربه لری اساسیندا اولدیغیندا و بونلارین نتیجه سینده کورد خلقی استعمار استثمار و بوقوتین بویونوروقلاردان وزنجیرلردن خلاص اولاجاغیندا گورورروک .

ستالین عایله سینی ، یعنی قهرمان سوویت خلقینی مبارزه یولوندا قربان اولان عایله یه بینده قویوب ، سیزلره نیه که شرق خلقلارینین شاعلی رهبری ، اورزو موز اوچون عزیز و قدیر خیرخواه رهبر پیلیریک ، بوناگوره آرزو لاریمیزی سیزه عرض ایلمگه جسارت ایدیریک :

9 II

۱ـ • بوندن دیگه احتیاج یوخدور که، موسکووا شهری دنیا زحمتکشلرینین ا
بوتون آزادیخواه وترقی پرور انسانلارین اورک سوزو دور ؛ نیچه که مسلمانلار کله یه
دین پرستلر هر بیری بیر طرف اوز چیویرر ، بیزده آزادیخواه کیتله لرین عضوی اولار
شهرینه اوز چیویرمیشیک ؛ اورانی گورمک و داغ آرتیق زوحلانماق آرزوسیندا ییق

۲ـ کوردستاندا دیموکراتیک نهضتده اشتراک ایتدیگیمیزه گوره کوردستان ملی ح
حربی ناظر لیگی طرفیندن بیزه افسرلیک درجه سی ویریلمیشدی و عینی زماندا هوباکی حربی پ
کتبینی ده اوخومو شوق ، بوناگوره حربی فورما و افسرلیک درجه میزی ، ملی حکومتیمیزین د
بیر یادگاری اولاراق قبول اوردو فورماسیندا گیمگی آرزو ایدیریک .

۳ـ بیز برگوده عمومی یاشایشی ایدینده یاشایبریق ، لکن دیموکرات فرقه میزین سیا
بیله ایجاب ایدیرکه، بیزیم فعالیتمیز تمایلات عمومی نظردن مخفی اولسون ، بوناگوره خصوصی بیر
یاشاماق اوچون لازم و مناسب وسیله لرین اختیاریمیزدا قویدیلماسی ضروری آرزو موزدور .

۴ـ بیز بوگونکو دیموکراتیک فرقه میزین گه جگده انکشاف ایدیب یاراناجاق یئی تیپ
فرقه نین ایلک رهبرلیگی اولدیغیندا شبهه میز یوخدور ، بوناگوره فرقه حیاتینا یا خیندان تانیشی
بولشیویزمه داغ آرتیق احترام لمک اوچون آرزو ایدیریک که، بیزی قهرمان کومونیست (بولشیویک)
پارتیاسینا قبول ایتمکله فخر لندیره سینیز .

بیزیم خصوصیاتیمیزی، کورد خلقینه گه جگده خدمت ایتمکی اولدیغینی و عموده بیزه گوتوردوگو
مقدس وظیفه لری نظره آلاراق ، پارتیایا داخل اولماق اوچون هر آنسی شرایطی لازم گلورسه دانیشیق
اولاراق او شرایطی قبول ایتمکه حاضریق .

آرزولاریمیزین قبول ایدیلمه سینی خرستلی آنا میزدان خواهش ایدیریک . یوکسک مقامینیزا لایق اولان
احتراماتی تقدیم ایدیریک .

رحیم . سیف قاضی علی گلاویژ

5

РУКОВОДИТЕЛЮ КОММУНИСТИЧЕСКОЙ ПАРТИИ (большевиков)
АЗЕРБАЙДЖАНА тов.М.Д.БАГИРОВУ.

С глубоким к Вам уважением обращаем Ваше внимание на изложенные в этом заявлении вопросы.

Два года тому назад национальное правительство Курдистана направило нас, двух молодых курдов, в Баку учиться в военной школе. После вторжения войск реакционного тегеранского правительства в Курдистан, возвращение на родину стало для нас невозможным и мы решили остаться на советской земле.

Нами до сих пор руководило горячее желание бороться за освобождение своего народа и торжество демократии во всем мире. Во имя этого желания мы помирились с гибелью нашей семьи со всем нашим состоянием. И теперь у нас только одно желание - продолжать борьбу за освобождение и процветание курдского народа и довести эту борьбу до победного конца.

Для исполнения этого нашего желания единственным, вечным и непобедимым оплотом мы считаем Советский Союз. Воспитание, которое дает теперь нам ленинско-сталинская партия, как солнце освещает путь нашей борьбы. И именно благодаря этому воспитанию мудрой большевистской партии мы не теряем веры в счастливое, светлое будущее нашего народа. Мы видим и понимаем, что борьба, которую ведет наша

партия питается опытом борьбы партии Ленина-Сталина и в силу этого мы верим в освобождение курдского народа от цепей всякой эксплоатации и насилия. В сталинской семье т.е. в семье героических советских народов мы обрели свою семью, погибшую в борьбе за наш народ; [redacted].

Поэтому разрешите изложить Вам наши пожелания:

1. Нет нужды сказать, что Москва - это надежда трудящихся всего мира, это бьющееся сердце всех свободолюбивых, прогрессивных людей. Как представитель массы свободолюбивых людей мы обращаем наши взоры на Москву, подобно тому как мусульмане обращаются на Мекку. Для большего еще вдохновления мы исполнены желания видеть Москву.

2. Будучи участниками демократического движения в Курдистане нам было присвоено военным Министерством Курдистана военное звание. Затем мы учились в Бакинской пехотной школе. Нам хотелось бы сохранить наше военное звание и форму как память от национального правительства, в соответствующем звании и форме Советской Армии.

3. В настоящее время мы живем в общежитии, но интересы политики демократической партии требуют, чтобы мы конспирировали свою деятельность и поэтому просим Вашего указания о создании необходимых нам условий.

4. Мы не сомневаемся, что нынешняя наша демократическая партия является ядром будущей партии нового типа, поэтому просим Вас осчастливить нас принятием в коммунис-

?

3.-

тическую партию большевиков дабы мы ближе узнали партийную жизнь и глубже усвоили большевизм.

Учитывая наше положение и нашу священную обязанность служить в будущем курдскому народу, мы готовы выполнить любые условия, какие потребуются для принятия нас в коммунистическую партию.

Мы просим Вас, глубокоуважаемый отец, удовлетворить наши пожелания.

Примите и достойные Вашему высочеству наше уважение.


Рагим Сейфи Гази.

Али Галавиж.

Перевел с азербайджанского
Джафаров Д.

" " февраля 1946г.

بەڵگەی ژمارەی ٣. دەقی ڕووسی فەرمانی مستەفایێف سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە پێوەندیی یاسای خۆتۆمارکردن و سەفەری پەنابەران لە یەکیەتی سۆڤیەتی



30 Проект

Сов.секретно


83

ОТДЕЛ ЦК КПСС

Согласно существующим в органах МВД СССР положениям иностранные подданные и лица безгражданства, проживающие на территории Советского Союза, обязаны через каждые три месяца являться в органы милиции по месту их жительства для перерегистрации. Кроме того, въезд этих лиц в города Москва, Ленинград, Сочи и Ялта допускается лишь по специальному разрешению Главного Управления Милиции МВД СССР.

Эти положения полностью распространяются и на политических иммигрантов из Ирана, прибывших в СССР в связи с подавлением в конце 1946 года демократического движения в Южном (иранском) Азербайджане. Между тем политические иммигранты из Ирана, подавляющая масса которых проживает на территории Азербайджанской ССР, находятся в несколько иных условиях, чем другие иностранцы. Иранские политиммигранты наравне с советскими гражданами вовлечены в активную работу в различных отраслях народного хозяйства республики, обучаются в учебных заведениях. За годы нахождения их в Азербайджане многие из них обзавелись семьями, вступив в брак с советскими гражданками, обращаются с официальными заявлениями о приеме их в советское гражданство.

При этих обстоятельствах ~~полное~~ распространение положений об иностранцах на политиммигрантов из Ирана создают ряд затруднений. Во-первых, ввиду многочисленности политиммигрантов из Ирана, органы милиции практически не успевают своевременно провести перерегистрацию через каждые три месяца, а частые вызовы последних в районные отделения милиции для этой цели порождают нездоровое настроение среди политиммигрантов. Во-вторых, при существующем порядке оформления разрешений на въезд в города Москва, Ленинград, Сочи и Ялта, как



3/

2.-


правило, затягивается оформление въездных документов. В результате, политиммигранты из Ирана часто не могут своевременно выезжать ни на научные командировки для консультаций и сбора необходимых материалов к своим диссертационным работам, ни на лечение по путевкам, выдаваемым им по месту работы на курорты Сочи, Крыма и Подмосковья.

ЦК КП Азербайджана считает, что, учитывая особое положение политиммигрантов из Ирана, целесообразно пересмотреть существующие положения об иностранцах в смысле их распространения на политиммигрантов из Ирана. По мнению ЦК КП Азербайджана перерегистрацию политиммигрантов из Ирана, проживающих на территории Азербайджанской ССР, достаточно проводить один раз в год, а вопросы, связанные с временными выездами их в города Москва, Ленинград, Сочи и Ялта могло разрешать на месте МВД Азербайджанской ССР по согласованию с КГБ при Совете Министров Азербайджанской ССР

Секретарь ЦК КП
Азербайджана (Мустафаев)

Изъятие
в письме это
письма вносил

بەڵگەی ژمارەی ٤. دەقی فارسی 'هەنگاوەکان بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی ڕێکخراوەیی و سیاسیی لە پارێزگاکانی باکووری ئێران دژ بە کۆنەپەرستیی



36

۳

۳۲

دیالوگ دیرین دنیای کار بیانگر انعطاف گرفتن جام گسیختگی ارتباط دیگر تاکتیک نیست و بدون سازمانهای ایجاد شده هم میتواند کار خود را با شرایط انعطاف ادامه دهد.

این کار بعبارت خواهد بود از ایجاد سازمانی بنام سندی مخفی و دیرزمینی هم بتواند در بحران توده ها نفوذ کند، ارتباطهای از دست رفته را تجدید نماید و بوسیله اوراق و مطبوعات وظائف حزب را در سطح توده ها روشن نماید و بدین ترتیب بدون اتلاف وقت راه را برای تشکیل حزب آماده نماید.

دیالوگ دیگر

دیالوگ دیگر ایران از تشکل و ارتباط مستمر نمانده. مرتجعین ایران و پشتیبان آنها امپریالیستها و بورژوازی نیز همیشه سعی کرده اند فاصله را که بین توده ها و حزب کمونیست وجود دارد هر چه بیشتر کنند. فعالیت پنهانی حزب توده ایران و ارتباط خود را عمیقا با توده ها گذارده است. شعارهای حزب توده قدرتهای وسیع کارگران و دهقانان را در روشنفکران را بوجود آورده بود. دیکتاتوری و دیکتاتوری به آنها نان داد.

از همین ارتباط ها - که اکنون تشکیلات حزب توده هم هزارها نفر را هر چند گرداورده بود از طرف حکومت ایران بوجود آمده بود - فقط ظاهری از حزب بطور پنهانی در کرکوک باقی ماند و شعب آن یا از طرف خود حزب منحل و یا از طرف دولت و دستجات بیشتر نابود شده است. گرایش بتشکیلات توده پنهان شده و قادر بوده است قدرتهای طاقت فرسای خود را از نو برقرار سازد. ایجاد سازمانهای مخفی نیز در وضعیت برای این حزب امکان پذیر نیست زیرا در صورتی که این سازمانها بنام حزب توده خوانده نشود و نخستین اقدامی هم برای شناساندن آن بوسیله نخواهد آمد سازمانهای آشکار در زیر ضربه قرار خواهد گرفت و حال آنکه این امکان برای فعالیت آشکار و همزمان با بوجود آوردن وسیع تشکیلات توده پنهان گردد.

بنابراین با توجه باینکه هنوز فعالیت حزب توده در خاطره ها باقی است و ارتباطهای از دست رفته و بقایای حزب هنوز از هم نپاشیده و متشکل گشته است و بعنی اینکه توده ها در کردستان آمادگی بیشتری به فعالیت آغاز میکنند در سالهای اول دوره انقلاب ملی در ایران: شیوه مبارزه حزب توده در کردستان عراق و ترکیه - نظیر بسیاری از سازمانهای مخفی دیرزمینی که در کردستان ایران و ترکیه و عراق فعالیت میکنند.

ولی این حزب را نمیتوان حزب طبقه کارگر نامید زیرا این نام را اکنون حزب های دیگری بر دوش خود گذارده و دنیا بر این است که در حقیقت امر غیر خواهد بود. لذا بهتر آن خواهد بود که نام دیگری انتخاب شود: «ازادیخواهان»

در عین حال با در نظر گرفتن خصوصیات دیدت مختلف در قسمتهای ترکستان هم وظایف با مطالبات متفاوتی روبرو میشود.

همچنین با در نظر گرفتن شرائط کار مخفی این حزب به چند سازمان مستقل تقسیم خواهد شد:

۱- شیوه مبارزه در ایران
۲- حزب ترکیه
۳- عراق

۳۷

رهبری کنونی این سازمان را در اختیار گرفته و فرقهٔ دمکرات آذربایجان است. نمونهٔ کمیتهٔ مرکزی حزب توده در شعبهٔ ترکی حزب و درباره آن توضیح داده شد. همچنین در این قسمت گزارش داده شد:

۱. هیئت تحریریه روزنامه
۲. شعبه تبلیغات و نشر
۳. شعبه نظامی یا ارتش
۴. شعبه امور ولایات
۵. شعبه امور زنان


ضمناً هیئت تحریریه یا ارگان روزنامه فعالیت عمده خود را در گسترش نفوذ فرقهٔ دمکرات آذربایجان، و کار بخش در جهت دیگر سازمانها متمرکز خواهد داد.

شعارها

I - شعار فرقهٔ دمکرات آذربایجان، یعنی در صدر برنامه و شعارهای حزب توده در آذربایجان قرار گرفته و نظم گرفتن ثبات آن. معنی آنرا: مبارزه برضد ظلم و ستم پادشاهی سابق در ایران وجود دارد، برضد تمرکز و اتمام اقتدار به تهران است تا تعقیب زبان مادری و به دست گرفتن کار ملت آذربایجان خودشان فقط اجرا میشود. در همین حال حزب اوضاع جهانی را بوجود آمده بنفع سیاست خارجی شوروی میداند و چنین شرح میدهد: پیروزی انقلاب در شوروی و سقوط فاشیسم در آلمان و ژاپن، تشکیل سازمان ملل متحد، و در حقیقت امر سیاست خارجی شوروی در ایران، و بالاخره تشکیل فرقهٔ دمکرات آذربایجان، همه برای آزادی ملتها و دموکراسی در جهان بوده است. در همین زمینه گفته شد که در حقیقت امر بجز فرقهٔ دمکرات آذربایجان، سایر احزاب و دستجات در آذربایجان وجود نداشته و نیز درباره وضع نیروهای مرتجعین فعال در قبال تحولات اخیر در آذربایجان توضیح داده شد.

II - و اما در باره وظایف دیگر سازمانها فعالیت خود را با شعارهای زیر دنبال خواهند نمود:

۱) مبارزه برضد دخالت امپریالیستها در کارهای ایران
۲) تشکیل و تحکیم جبههٔ متحد ملی و آزادیخواه و دموکراتیک برای برقرار ساختن دموکراسی واقعی
۳) دولت ملی کردستان و تکیه بر نظم و قانون اساسی
۴) تحریم بیش از پیش هرگونه ارتباط با بیرون آزادی ایران و انتخابات غیر دموکراتیک
۵) انتخاب مجلس ایالتی و ولایتی و برقراری انتخابات آزاد و دموکراتیک
۶) تقسیم عادلانه اراضی از بین دهاقین بصورت حق مالکیت
۷) کوتاه کردن دست مالکین و خانها و تقسیم اراضی به دهقانان



۴

39

۸) مبارزه در راه حفظ استقلال آزادی خویش آزادی بطور مطلق مجامع و سازمانهای دموکراتیک برای ملت

۹) استقلال و آزادی بیقید و شرط احزاب و تشکیل جمعیتها بنابر انها در چهارچوب مشروطیت به رسمیت شناختن حقوق ملت به رسمیت

۱۰) تدریس در مدارس ترکستان جنوبی آزربایجان بزبان ملی

۱۱) تعمیر ساختمان زبان ها در ادارات ترکستان در مدارس و در رسمیت زبان رسمی خواهان فارسی است.

۱۲) تثبیت حق اتحادیه ها ایران در حدود قانون تشکیلات بین المللی تعیین نموده است.

۱۳) مبارزه در راه تامین حق اتحادیه ها و کوشش در ساختن وحدت عمل و حزب همفکر اتحادیه ها

۱۴) مبارزه در راه رفع بیکاری و ترقی صنایع ملی

۱۵) قطع روابط سیاسی با دولتی که مالکین تعیین نماینده در رفع ظلم و قطع روابط با آنان

سازمان

۱) هیئت (چهارنفری) که مرکب از چهار نفر نماینده در ایالات [illegible] جلسات خود را به نقاط معین اعزام

داشته و یا در محل تعیین خواهد کرد بدین ترتیب:

الف - برای شهرهای مهم دارای یک نفر (هیئت شهرستان)

ب - برای شهرهای فرعی و دهات که در حدود حال داوای مرکزیت میباشد که نفر

این کارکنان اعزامی با دریافت دستورهای مستقیم از دفتر مرکزی شبکه خود را بتناسب در بین شهرهای و محل در نسبت به وظایف

دارا بوده تعیین و وسعت خواهد داد.


نسبت هیئت ها و افراد شرح ذیل خواهد بود:

الف) آزربایجان:

تبریز	۴ نفر	میانه	۱ نفر
اردبیل	۴ "	هیئت	۱ "
خوی	۴ "	خلخال	۱ "
ارومیه	۴ "	زنجان	۱ "
مراغه	۴ "	سهران	۱ "
ورزقان	۴ "		
قزوین	۱ "		
اهر	۱ "		
گرمی	۱ "		
مراب	۱ "		
[illegible]	۱ "		
مامقر	۱ "		
مرند	۱ "		

هیئت ۱۸ نفر
۲ نفر کارکن

39



۵ 40

ب) گنبدان ـ مازندران :

رشت	۴ نفر	بهشهر	۱ نفر	جمعاً ۹ مهر ۱۵ کارمن هزار
انزلی	۴ "	زیراب	۱ "	
ساری	۴ "	بابل	۱ "	
چالوس	۱ "	بابلسر	۱ "	
شاهی	۱ "			

ج) ترکمنستان :

گرگان	۴ نفر	گنبدان	۱ نفر	جمعاً ۹ مهر ۸ کارمن هزار
بندرشاه	۱ "	شاهرود	۱ "	
گنبدکاوس	۱ "	سمنان	۱ "	

د) خراسان :

مشهد	۴ نفر	جمعاً ۴ مهر ۴ کارمن هزار
دوجز	۱ "	
قوچان	۱ "	
سبزوار	۱ "	

برای ارتباط محکمتر خراسان با ستاد چهارنفری یک نفر کارمن دائمی نماینده داشته ۴ مهر اعانات در عشق آباد خواهد بود

وظائف سازمان :

۱) تقسیم هزینه های خرمن زیر زمینی از بین اعضاء قسمی خرب و یا بنحو مترقی هم چه با سازمان جلب میگردد.
این هزینه ها هم تعداد انرا بسیار محدود خواهد بود باید هر چه ممکن صمیمی تر بین توده ها رفته کنند.

۲) هزینه ها وظیفه دار خواهد بود سازمان را بطریقه بسیار ساده روح سپارنده حفظ را تقویت کنند و نسبت به پنهان ماندن اسرار اهمیت دهد.


۳) افشار و نظریات هر عضو خواهد بود تا در دوره مقاومت اهتمام بیشتر منظم و غیره بین توده مردم.

۴) در صورت ایمان ستاد چهارنفری کار، این سیر خرمن را دیدی فرقه در دوره آذر بایجان را تعبیه خواهد کرد.

طرز عمل

[illegible] خواهد بود با ستاد چهارنفری در باکو اعانات داشته و یک نفر نماینده در عشق آباد خواهد
وفعالیت خود را در بین همراهان خود بعمل خواهد آورد با در نظر داشتن این موضوع که در اداره بنگاه مهر اعانات خود

40



۷

42

بەڵگەی ژمارەی ٥. لاپەڕەی ١ و ٢ و ٥ ی 'هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کارە ڕێکخراویی و سیاسییەکان لە باکووری ئێران' بە ڕووسی

وەرگێڕدراوی بەشی سەرکی ئەو سێ لاپەڕەیەی بەڵگەی ژمارەی ٥.

هەنگاوە سەرەتاییەکان

بۆ ڕاپەڕاندنی کارە ڕێکخراویی و سیاسییەکان لە باکووری ئێران

ڕێبەرایەتی

بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی فرەنەتەوەیی دانیشتوانی ئێران و ئەرکەکانی بەردەم ڕێکخراوی داهاتوومان (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و ڕێکخراوەی ئازادیخوازان)، سەرکردایەتیی ڕێکخراوەکە، کاروباری گشتی بە حەوت کەسەکە دەسپێردرێ، کە پێکهاتوون لە: ١) سێ چالاکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، کە یەکێکیان کوردە ٢ (سێ تودەیی پێشوو کە هاودەنگی پلاتفۆرمەکەمانن ٣) یەکێك لە هاوڕێیانی تورکمان.

بەڕێوەبەران:

بە پێی پێویستیی چالاکییە بەرفراوان و فرەلایەنە سیاسی و ڕێکخراوەیی – بانگەشەییەکانی بەرەو ڕووماں، ئەم هاوڕێیانەی خوارەوە وەك حەوت کەسەکە [ڕێبەرایەتی] لەبەرچاو گیراون:

١. له فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە:

ئا. پیشەوەری سەید جەعفەر

ب. دانیشیان غولاّم یەحیا

پ. هاوڕێی کورد، جارێ دیاریی نەکراوە(بڕوانە ڕوونکردنەوە کە لە خوارەوەدا هاتووە)*

٢. له تودەییەکانی پێشوو:

ئا. کامبەخش، عەبدولسەمەد

ب. قاسمی، ئەحمەد

پ. قورەیشی، ئەمانوڵڵا

٣. له تورکمانەکان:

ئا. ئەنساری [سافار]

له دریژەدا باسی تایبەتمەندیی ئەم کەسایەتییانە، دابەشکردنی ئەرکەکان و ... دەکرێ.

*

له لاپەڕەی ٥ دا باسی ئەو کوردە واتە ڕەحیم قازی دەکرێ کە بۆ ئەم ڕێبەرییە لەبەرچاو گیراوە:

ناوی ئەو هاوڕێیەی کە پێویستە له کوردەکانی ئازەربایجانی [بۆ ڕێبەرایەتی*]ی وەربگرین، هێشتا نەنووسراوە. مەبەست قازییە، خوێندکارێکە کە لێرە دەژی و تاکو ئێستا نەخراوەتە ناو ڕیزی سەرکردایەتی. چونکە ئەو:

ئا. گەنجە؛

ب. لاوازییەکانی دوای ڕووداوەکەی ئازەربایجان، ئەو پێداگری لەسەرگەڕانەوەی بۆ ئێران نیشان داوە؛ تەنیا کاتێك ئاگاداری کوشتنی برایانی قازی بووە، نەچۆتەوە [ئێران].

پ. لەنێو خوێندکارانێك دەژی، کە زۆربەیان پێوەندییان لەگەڵ کونسوڵخانەی ئێران هەیە و بەهۆی بێئەزموونییەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی ئاشکرابوونی چالاکییەکەمان.

پێویستە [بە باشی] بناسرێت، ئامادە بکرێت و لە ئەگەری نەدۆزینەوەی یەکێکی گونجاوتر، دوای دڵنیابوون لەوەی کە بە تەواوی ئامادەیی هەیە، بێتە ناو ڕیزی سەرکردایەتییەوە.

* لە بەشی دابەشکردنی ئەرکی ڕێبەری دەربارەی هاوڕێی کورددا هاتووە: چالاکیی ڕێکخراوەیی سیاسی لە ژێر ڕێبەریی و یارمەتیی هاوڕێ پیشەوەریدا.

23

ПЕРВИЧНЫЕ МЕРОПРИЯТИЯ

ПО ПРОВЕДЕНИЮ ОРГАНИЗАЦИОННО-ПОЛИТИЧЕСКОЙ РАБОТЫ НА СЕВЕРЕ ИРАНА.

РУКОВОДСТВО.

Принимая во внимание многонациональный состав населения Ирана и задачи, стоящие перед нашей будущей организацией (Азербайджанская демократическая партия и организации "Азади-Хахан"), руководство по организации и общей работой возлагается на семерку, состоящую из: 1) трех деятелей Азербайджанской демократической партии, причем один из них - КУРД, 2)трех бив.народников, разделяющих нашу платформу и 3) одного из туркменских товарищей.

ЛИЧНЫЙ СОСТАВ РУКОВОДСТВА.

Исходя из широких и многосторонних политических и организационно-пропагандистских потребностей развертываемой работы,в состав семерки намечены следующие товарищи:

1. От Азербайджанской демократической партии:
   а) ПИШЕВАРИ Сеид Джафар
   б) ДАШНЯН Гулам Яхья
   в) курдский товарищ - пока вакантное (см.ниже).

23

2. От внешних народников: 24

а) ХАМБАХШ АБДУССАМАД

б) НАСЕМИ АХМЕД

в) КОРЕЙШИ АМАНУЛЛА.

3. От Туркмен:

а) АНСАРИ.

Даём пояснения и характеристику в отношении тех товарищей, которые не состояли в первичной инициативной группе:

1. НАСЕМИ Ахмед.Член ЦК Народной партии.Молодой писатель.30-35 лет.Талантливый журналист с марксистскими знаниями. Бывший редактор Центрального органа Народной партии - газеты "Рахбар", а затем руководитель и секретарь парторганизации Горгана и Туркменской степи.Хороший организатор и пропагандист.В Народной партии общепризнано, что, находившаяся под руководством НАСЕМИ, парторганизация Горгана и Туркменской степи, была самой образцовой. НАСЕМИ - организатор первой в Туркмении газеты на туркменском языке "Туркмен сеси".

Сплоченность и активная борьба парторганизации Туркменской степи, послужили причиной ареста НАСЕМИ военными властями,которые долгое время держали его и некоторых других туркменских товарищей под арестом без пред"явления обвинения.После того как НАСЕМИ был переброшен в Тегеранскую тюрьму и просидел некоторое время без каких бы то ни было законных против него улик, был освобожден под поруки.

24

بەڵگەی ژمارەی٦. پرسی کورد

پرۆتۆکۆل
ژمارەی کۆبوونەوە: "حەوت"
٢٣ی ژوئەنی ١٩٤٧
ئامادەبووان: سائیب، گودەرز، عەرەب‌زادە[٩]
گوێیان لێ بوو:

١ . پرسی کورد

هاوڕێیان یەك دەنگ پێیان وابوو لە کاتی هەڵگرتنی هەنگاوەکان، بە تایبەت لە ئازەربایجانی ئێراندا، ناکرێ بە هیچ شێوەیەك پرسی کوردی ئازەربایجان پشتگوێ بخرێ. ئەمەش لە پرۆتۆکۆلە سەرەتاییەکاندا لەبەرچاو گیراوە و بۆ وەدیهێنانی هاوکارییەکی نزیك، پێویستە نوێنەری کوردانی ئازەربایجان بخرێتە نێو [ڕێکخراوی] 'حەوت'ەکانەوە.
تا ئێستا نەتوانراوە پێوەندی لەگەڵ کوردانی ئازەربایجان بگیرێ کە باشترین و بەناوبانگترین سەرکردەکانیان لەسێدارە دراون. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کوردانی بارزانی لە ژێر ڕێبەریی مەلا مستەفای سەرکردەی خۆیان، سەردەمێك شان بە شانی کوردی ئازەربایجان و گەلی ئازەربایجان لە دژی حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێران خەباتیان کردوە، ئێستاش کۆمەڵێك لە هێزەکانیان چوونەتە نێو خاکی یەکێتی

[٩] نازناوەکان: سائیب (سەید جەعفەر پیشەوەری) گودەرز(عەبدولسەمەد کامبەخش)، عەرب‌زادە (غوڵام یەحیا دانیشیان)

سۆڤیەت، " حەوت" بەم باوەڕەوە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە دووەمیان[بارزانییەکان] دەردەبڕێ.

بەهۆی نەبوونی زانیاریی پێویست، باسکردن لەسەر کەسایەتیی مەلا مستەفا بارزانی ئەستەمە. تەنیا دەتوانین ئاماژە بە ڕاستییە ناسراوەکان (وەك حوکمی لەسێدارەدانی لە عێراق، هەڵاتنی بۆ ئێران، شەڕی لەگەڵ حکومەتی ئێران، بەزاندنی سنووری عێراق، هاتنە ناوەوەی دووبارەی بۆ نێو ئێران، و ڕێگەبڕینی لێهاتووانەی بۆ سنووری سۆڤیەت) بکەین. هەروەها ئەو بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییانەی لە ئێراندا پێکهاتوون (ئەو بە دوژمنێکی ڕاستەقینەی ئینگلیزەکان دادەنرێ) وەبیر بێنینەوە. بێگومان ناکرێ بە پشتبەستن بەمانە هەڵوێستی کۆتایی سەبارەت بە بارزانی دەربڕین، بەڵام ئەم ڕاستییانەی خوارەوەش لە بەرژەوەندی ئەون:

١. بارزانییەکان لە هەستیارترین ساتدا کە حکومەتی ئێران پێویستی بە کۆتاییهێنان بە پرسی ئازەربایجان بەبێ هیچ کێشەیەك بوو، چەکەکانیان دانەنا.

٢. لە خەباتی مەترسیدار لەگەڵ حکوومەتی ئێران، سەرەڕای ئەوەی بەتەواوی تەنیا مابوونەوە، زیانێکی زۆری مەعنەوی و ماددییان [بە حکومەتی ئێران] گەیاند، و ناکرێ پێمان وابێت کە مەلا مستەفا لەم دۆخە تێنەگەیشتبوو کە چالاکیی حکومەتی ئێران لەم حاڵەتەدا لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی ئینگلیز-ئەمریکادایە و هاوکات خەباتەکەی زیان بە سیاسەتەکانی بەریتانیا و ئەمریکا لە ئێراندا دەگەیەنێ.

٣. پێویستە وا گریمانە بکرێ کە بەرژەوەندییەکانی حکومەتی ئێران، هەروەها بەرژەوەندییەکانی ئەنگلۆساکسۆنەکان، لە ئێستادا پێویستی بە زاڵبوونی ئارامییەکی تەواو لە ئازەربایجان هەیە و، هەر جموجۆڵێك کە نائارامی لەنێو خەڵکدا دروست بکات و هیوایەك بۆ ڕزگاربوون لە

چەوسانەوەی ئارایی لە ئازەربایجاندا بخولقێنێ، بۆ ئەوان دیاردەیەکی نەخوازراوە. گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە عێراق توانی ڕێك ببێتە هۆی ئەم چەشنە نائارامییە.

٤ .سەرۆکی ستادی سپای ئێران، ژەنراڵ ڕەزم ئارا بە فەرمی ڕایگەیاند کە پێوەندی لەنێوان هێزەکانی ئێران و تورکیا بۆ گرتنی مەلا مستەفا دروست بووە. لەم نێوەدا ڕوونە کە حکومەتی تورکیا لە ئێستادا ناتوانێ بڕیارێکی سەربەخۆ بدات.

٥. نابێ چاوپۆشی لەو دڵەڕاوکێ بەهێزە بکرێ کە مەلا مستەفا بۆ شای خولقاند و بوو بەهۆی دەرچوونی فەرمانە چارەنووسسازەکانی شا بۆ گرتنی ئەو [بارزانی].

هەموو ئەم ڕاستیانە، تەنانەت بەبێ ئەوەی باس لەوەش بکەین کە دواییین کارەکانی بارزانی لەگەڵ ئەو کارانەی کە بڕیار بوو ئێمە بیکەین، گونجاو بوون، بە قازانجی بارزانی دەشکێنەوە.

بۆیە پێشنیار دەکەین بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەم زانیارییانە، ئەگەر فاکتێك بە پێچەوانەی ئەم لێدوانانە بەدەستەوە نییە،کوردە بارزانییەکان لە کارەکانی داهاتوومانداء وەك دەستەیەکی سەربەخۆ یان تێکەڵ لەگەڵ دەستە'فیدایی" یەکان بەکاربهێنرێن. ئەگەر ڕێکەوتنێکی بنەمایی لەسەر ئەم بابەتە هەبێ، دەکرێ پلانێکی تەواوکەر بۆ بەکارهێنانیان ئامادە بکرێ.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە:

١ .کوردە بارزانییەکان بۆ بەکارهێنان لە خەباتی پارتیزانیدا، شارەزاترینن. باشترین بەڵگە، ڕووداوەکانی ئەم دواییەن.

٢. بارزانیەکان دەتوانن پاڵپشتێکی باش بۆ ئەو کارانە بن کە بۆ دروستکردنی گرووپە پارتیزانەکان لە ئازەربایجان، پێویستن، چونکە زۆر

نموونەی وا هەیە کە ئەوان دوای چوون بۆ خاکی بێگانە، سەرلەنوێ گەڕاونەتەوە و لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ئێران شەڕیان کردوە.

٣. بەشداریی بارزانییەکان لە خەباتی ئێستادا دەتوانێ پاڵنەری زۆرێك لەو کوردانە بێ کە زیاتر لە هەمیشە هەستی نەتەوەییان خەوشدارکراوە، هەروەها هەستی نەتەوەییان زۆر بەهێز گەشەی کردوە و بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی تێدەکۆشن.

واژۆ:

سائیب

گودەرز

عەرەب زادە

5

ПРОТОКОЛ №...

Засецания "Семерки" от 23 июня 1947 года.
ПРИСУТСТВОВАЛИ: САИБ,ГУДАРЗ,АРБАБ ЗАДЕ.

СЛУШАЛИ:

1. Курдский вопрос

Высказывавшиеся товарищи единогласно считали,что в проводимых мероприятиях,особенно в Иранском Азербайджане,нельзя ни в коем случае обойти вопрос об азербайджанских курдах. Это предусмотрено первичными протоколами и,в целях реализации тесного сотрудничества,в состав "семерки" должен быть включен один представитель от азербайджанских курдов.

До сих пор не удается установить контакта с собственно азербайджанскими курдами,наилучшие и хорошо известные нам руководители коих казнены.

Но,принимая во внимание,что в свое время плечом к плечу с азербайджанскими курдами и азербайджанским народом привелось вести борьбу с реакционным иранским правительством также курдам БАРЗАНИ,под руководством своего вождя МУЛЛА МУСТАФА,ныне переведшим с группой своих ло-

дей на территорию СССР,- «Семерка» считает уместным высказать свое отношение к последнему.

В отношении личности МУЛЛА МУСТАФА БАРЗАНИ,ввиду отсутствия каких-бы то нибыло особых данных не представляется возможным.Можно лишь указать на общеизвестные факты(его приговоренность к расстрелу в Ираке,бегство в Иран,борьба с иранским правительством,форсирование иракской границы,вторичный переход в Иран,где он мастерски пробился к сов.границе) и на сложившееся само собою в Иране общественное мнение(его считают непримиримым врагом англичан).

Базироваться только на этом,для выявления своего окончательного отношения к БАРЗАНИ конечно нельзя,но в пользу него говорят еще следующие факты:

1.Барзанинцы не сложили оружия в самый острый момент когда иранскому правительству нужно было как можно безболезненнее покончить с азербайджанским вопросом.

2.В отчаянной борьбе с иранским правительством, несмотря на свою полную изолированность нанесли ему большой моральный и материальный ущерб и нельзя думать, что МОЛЛА МУСТАФА не понимал того обстоятельства,что иранское правительство в данном случае действует в интересах англо-американского империализма и его борьба приносит одновременно ущерб также английской и американской политике в Иране.

- 3 - 7

3.Следует предполагать,что интересы иранского правительства,а также и интересы англо-саксонцев в настоящее время требует,чтобы в Азербайджане царило полное спокойствие и что всякое движение,которое могло-бы создать брожение в народе и вселить в Азербайджане надежду на освобождение от существующего гнета является для них нежелательным.А возвращение МОЛЛА МУСТАФА из Ирака как раз и могло создать такое брожение.

4.Начальник Штаба иранской армии ген.РАЗМ АРА официально заявил,что между иранскими и турецкими войсками установлен контакт в целях поимки МОЛЛА МУСТАФА. Между тем ясно,что турецкое правительство в настоящее время самостоятельного решения не может иметь.

5.Нельзя пройти также мимо сильной тревоги,которая овладела Шахом и его категорических указаний о поимке МОЛЛА МУСТАФА.

Все эти факты говорят в пользу барзанинцев,не говоря уже о том,что его последние действия гармонировали тем мероприятиям,которые предполагали провести мы.

Поэтому предлагаем,по изучении всех материалов, если не окажется фактов,определенно говорящих не в его пользу,использовать барзанинских курдов в наших будущих мероприятиях или в качестве отдельного отряда или смешав с отрядами "федаи". План их использования может быть

7

8

- 4 -

разработан дополнительно,если будет на это принципиальное согласие.

Следует отметить,что:

1.Курды "Барзани" являются наиболее опытными для использования в партизанской борьбе.Лучшим доказательством являются последние события.

2.Барзанинцы могут быть хорошей ширмой для проводимых мероприятий по созданию партизанских групп в Азербайджане,ибо имеется много прецедентов,когда они, уходя на чужую территорию,вновь возвращались и воевали с иранскими вооруженными силами.


3.Участие барзанинцев в развертываемой борьбе может всколыхнуть многих курдов,национальное чувство коих ущемлено ныне,как никогда и у которых сильно развито национальное чувство и стремление к нац.свободе.

САИБ Саиб

ГУДАРЗ Гударз

АРБАБ ЗАДЕ Арбаб Зад

پاشکۆی ۱. لاپەڕەی ٢٣٤ی بەرگی یەکی کتێبی ' بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد'.



کوردەوە. دەیانویست ئەم پیاوانە بۆ ڕۆژێکی لەبار ساز بکرێن و دوا بەدوای ئەوش هەنگاوی زۆر گرینگی سیاسی لەم ڕووەوە هاتنە ناوێن.

هەنگاوی سیاسی:

پێکهێنانی سەرکردایەتیی سیاسی

کۆنفرانسێکی گشتی لە ١٩٤٨/١/١٩دا هاتە گرتن، کە نوێنەری هەموو کۆمەڵی کوردستانی عێراق و ئێران بەشداریان تێدا کرد. بارزانی لەم کۆبوونەوە گەورەیەدا ناخاوتنێکی گرینگی سێزووییی پێشکێش کرد هەنگاوەکانی لەمەوپاشی تێدا دەستنیشان کردبوو. (ئەم ناخاوتنە لەم کتێبەدا بە تەواوی بڵاو کراوەتەوە).

پاشان هەڵیژاردنی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردی لەناو تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق و ئێراندا بەم جۆرە پێک هات:

١- مستەفا بارزانی، سەرۆک.
٢- شێخ سولەیمان بارزانی.
٣- عەلی محەمەد سدیق.
٤- میرحاج ئەحمەد ئاکرەیی.
٥- سلێمان بەگ دەرگەلە.
٦- عەبدورەحمان مفتی ئامێدی.
٧- محەمەد ئەجیب بەرواری.

ئەمانە لە کوردستانی عێراق.

٨- سەید عەزیز سەید عەبدوڵڵا.
٩- ڕەحیمی قازی.
١٠- مستەفا سەڵماسی.
١١- حەسەن حیسامی.
١٢- ڕەحمان کەرمیانی.
١٣- سەید کەریم.
١٤- کاک مراد.

ئەمانە لە کوردستانی ئێران.

بەڵگەی ژمارەی ٧. نامەی میر جەعفەر باقروف بۆ ستالین

کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سەرانسەری سۆڤیەت(بالشویکەکان)
بۆ هاوڕێ ستالین. ژ. و

بە پێی فەرمانی ٢١ نوامبری ١٩٤٧ ئێوە، پەنابەرە سیاسییەکانی ئازەربایجانی ئێران لە دیسامبری ١٩٤٧ ەوە چاپی ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" و کاری ڕادیۆی "هەنگ"[١٠] یان دەست پێکردەوە.
ڕۆژنامەکە حەوتووی دوو جار و بە تیراژی دوو هەزار دانە چاپ دەکرێ و تەنیا لە نێوان پەنابەرە سیاسییەکانی نیشتەجێ ئازەربایجانی سۆڤیەتیدا بڵاو دەبێتەوە.
هەموو ژمارەیەکی ڕۆژنامەکەدا وتار و بابەتی سیاسی سەبارەت بە ژیان و ڕووداوەکانی ئێران بڵاودەکرێتەوە. لەم پێناوەدا، ڕۆژنامەکە زۆرتر لە بابەتەکانی تاس (TASS) کەلك وەردەگرێ.
تێگەیشتن لە [بابەتەکانی] ئەم ڕۆژنامەیە بە هۆی ناوەڕۆك و تایبەتمەندیی بابەتە چاپکراوەکانیەوە، بۆ کۆمەڵێکی بەرچاوی خەڵکی ئێران زۆر هاسانە، لەوەدەچی لە نێو ئەواندا سەرکەوتنێکی باشی دەست کەوتبێ. بەم پێیە، بە ئیزنی ئێوە، ئەگەر بارودۆخی پێکهاتووی ئێستا ڕێگەمان پێبدا، پێمان خۆشە لە ڕێگەی کەسانی متمانە پێکراو لە نێو پەنابەرە سیاسییەکاندا، بە شێوەیەکی نهێنی ناردنی ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" بۆ بڵابوونەوەی لە نێو خەڵکی ئازەربایجانی ئێران ڕێکبخەین.

---

[١٠] ٢ی دیسامبری ١٩٤٧ دەستی بە کار کرد و لە ١ی ئاگوستی ١٩٥٣ کوتایی بە کاری ئەم ڕادیۆیە هات.

ویستگەی ڕادیۆیی "هەنگ" بەرنامەکانی ڕۆژانە بە زمانی ئازەربایجانی، فارسی و کوردی بڵاو دەکاتەوە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی گەیشتۆتە دەستمان، خەڵکێکی زۆر گوێ لە بەرنامەکانی وێستگەی "هەنگ" دەگرن و بۆچوونی بەشێك لە خەڵکی پێشکەوتنخواز لەم بارەوە ئەرێنییە.

هەروەها کۆڕە کۆنەپەرستەکانی ئێرانیش گوێ لە وێستگەی "هەنگ" دەگرن و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر چین و تۆڕێکی بەرفروانی خەڵك، دەرباری شایی تووشی نیگەرانییەکی زۆر کردوە.

تا ئێستا بەرنامەکانی ویستگەی "هەنگ' تەنیا لە لایەن بێژەرەکانی "هەنگ" ەوە بڵاو بۆتەوە؛ باش دەبێ ئەگەر وا ڕێکبخرێ بە شێوەیەکی دەورەیی وتاردانی ڕێبەرانی پەنابەرە سیاسییەکان - سادق پادگان، دوکتۆر جهانشاهلو، غولاّم یەحیا دانیشیان ژنرالی دەستەکانی پێشووی پارتیزانی کە نێوەکەی ترس دەخاتە گیانی کۆنەپەرستانی ئێرانییەوە، بڵاو بێتەوە.

بە باوەڕێ ئێمە، وتاردانی کەسانی ناوبراو لە ڕادیۆ، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی هەستی دیموکراتیکی بەشێك لە خەڵك کە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆییان دژ بە کۆنەپەرستان خەبات دەکەن.

چاوەڕی فەرمانی ئێوەین.

باقرۆف م. ج.

ژوئیەی ١٩٤٩

43

Ц К В К П(б)

товарищу С Т А Л И Н У И.В.

В соответствии с Вашими указаниями от 21 ноября 1947 года, политэмигранты Иранского Азербайджана с декабря 1947 года возобновили издание газеты "Азербайджан" и работу радиостанции "ПЧЕЛА".

Газета выходит в неделю два раза, тиражом 2000 экземпляров и распространяется только среди политэмигрантов, проживающих на территории советского Азербайджана.

В каждом номере газеты печатаются политические статьи и материалы о жизни и событиях, происходящих в Иране. При этом газета, главным образом, пользуется материалами ТАСС.

По содержанию и характеру печатаемых в газете материалов она очень доступна для широких слоев населения Ирана, среди которых может иметь не малый успех. Поэтому нам хотелось бы, с Вашего разрешения, если сознавшаяся наша обстановка позволяет это, организовать через доверенных людей из числа политэмигрантов нелегальную переброску газеты "Азербайджан" или распространения ее среди населения Иранского Азербайджана.

Через радиостанцию "ПЧЕЛА" ежедневно организуется передача на азербайджанском, фарсидском и курдском языках.

44. 2.-

По полученным нами сведениям в Иране многие слушают радиостанцию "ПЧЕЛА", отзывы о ней со стороны прогрессивно настроенной части населения положительные.

Слушают радиостанцию "ПЧЕЛА" и реакционные круги Ирана, шахский двор и выражают большое беспокойство за то положительное влияние, которое оказывают радиопередачи на широкие слои населения.

До сих пор все передачи радиостанции "ПЧЕЛА" ведутся только дикторами, желательно было бы организовать периодические выступления по радио руководства политэмигрантов - САДЫХ ПАДЕГАНА, доктора ДЖАХАНШАХИ, генерала бывшего партизанского отряда ГУЛАМ ЯХЬЯ, имя которого навоит страх на иранских реакционеров.

Нам кажется, что выступление указанных лиц по радио будет воодушевлять демократически настроенную часть населения в борьбе с реакцией за свою свободу и независимость.


Прошу Ваших указаний.

БАГИРОВ М.Д.

" " июля 1949г.

№_____

بەڵگەی ژمارەی ٨. سەبارەت بە کاروباری کۆمیتەی کورد، دەقی ڕووسیی



14

СПРАВКА.-

О работе курдского комитета.

Курдский комитет состоит из 11 членов, из коих 4 являются иранскими курдами, остальные -иракские курды, во главе с МОЛЛА МУСТАФА БАРЗАНИ.

С момента создания комитета проведено несколько засецаний, на которых обсуждались в основном организационные вопросы.

Практическая деятельность комитета выражается в участии совместно с азербайджанскими демократами в выпуске газеты "Азербайджан" и составлении и распространении агитационно-пропагандистского материала на курдском языке. Вся эта работа проводится в основном иранскими курдами во главе с Рагимом Гази.

Группа МОЛЛА МУСТАФА в практической работе комитета участия почти не принимает.

Между МОЛЛА МУСТАФА и РАГИМ ГАЗИ взаимоотношения и поныне продолжают оставаться натянутыми, что повидимому является причиной нежелания МОЛЛА МУСТАФЫ принимать активное участие в работе комитета.

Один из числа приближенных МОЛЛА МУСТАФЫ- МИР ХАДЖ АХМЕД недовольный своим положением выражает намерение переехать в другие области Советского Союза, мотивируя тем, что ему не уделяется должного внимания с нашей стороны и не оказывается политического доверия.

Курдский комитет, ввиду создавшегося ненормального положения, нуждается в повседневной нашей практической помощи, а МОЛЛА МУСТАФЕ необходимо дать понять, чтобы улучшил свои взаимоотношения с РАГИМОМ ГАЗИ и включился в работу комитета.

Провести беседу с МИР ХАДЖЕМ АХМЕД для поднятия его настроения, одновременно заняться изучением его, как лица не внушающего доверия.

ПРИЛОЖЕНИЕ: список курдского комитета с характеристикой.

ГАСАНОВ Г.
ИБРАГИМОВ М.
ЯКУБОВ Т.
ЕМЕЛЬЯНОВ С.

..1948г.

15

С П И С О К

членов курдского комитета.

1.МОЛЛА МУСТАФА БАРЗАНИ - Председатель комитета.Ему установлен персональный оклад в размере 2.000 руб. в месяц.Занимается изучением русского языка.

Под его председательством проведено несколько заседаний комитета по оргвопросам.Сам к партийному строительству относится пренебрежительно,предпочитая активные боевые действия против иранской реакции.

Часто игнорирует члена комитета РАГИМ КАЗИ, как молодого,неопытного в жизни,а также как близкого родственника бывшего вождя курдов КАЗИ МАГОМЕДА,с которым МОЛЛА МУСТАФА был в натянутых отношениях.

МОЛЛА МУСТАФА за последнее время прекратил отрицательные высказывания о бедственном положении, как самого так и курдов его племени.

2.ШЕЙХ СУЛЕЙМАН БАРЗАНИ - Зам.Председателя комитета.Ему установлен персональный оклад в размере 1.500 рублей в месяц.Занимается усиленно изучением русского языка.Участвует на заседаниях комитета.Активности в работе не проявляет,находится всецело под влиянием МОЛЛА МУСТАФЫ.

3.КАЗИ РАГИМ - Зав.агитотделом комитета.Учится в партшколе,где получает стипендию в размере 1.200 руб. в месяц.Принимает активное участие в партийной работе,в частности в выпуске партийного органа-газеты "Азербайджан" (курдский отдел).

Молодой,еще не опытный,не имеет достаточного навыка в работе.Решающего веса в комитете не имеет, поскольку большинство комитета состоит из группы МОЛЛА МУСТАФЫ.

4.ШАМЗИНИ АЗИЗ - Зав.орготделом комитета.Ранее учился в медицинском институте.Ныне проводит занятия среди курдов племени Барзани.Пользуется бесплатным питанием.По начала 1948г. получал стипендию по линии Совета Министров в размере 500руб. в месяц.Ныне вопрос о продолжении выплаты ему стипендии находится в стадии разрешения.

5.МИР ХАДЖ АХМЕД - член комитета.Для него установлен персональный оклад в размере 1.500 рублей в месяц.

Принимает участие в работе комитета. Особенной активно не проявляет. Недоволен своим положением, открыто высказывает пожелания переехать в другие области Советского Союза считая, что здесь ему, якобы, не созцали нормальных условий жизни и не оказывают политического доверия.

5. ГАЛАВЕШ АЛИ – активные члены комитета. Повседневно ведут
7. ЭЙЮБИ КЕРИМ партийную работу, учатся в партшколе, получают стипендию и пользуются бесплатным питанием. В будущем оба перспективны.


8. МУФТИ АБДУРАХМАН
9. МАГОМЕД НАДЖИБ
10. АЛИ МАГОМЕД
11. СУЛЕЙМАНБЕК БЕКИР

члены комитета, активно в работе не проявляют. Находятся всецело под влиянием МОЛЛА МУСТАФЫ и действуют под его диктовку. Для них установлены оклады по 1000 руб. в месяц.

ГАСАНОВ Г.
ЕМЕЛЬЯНОВ С.
ЯКУБОВ Т.

"20/III ...1948г.

بەڵگەی ژمارەی ۹. نامەیەکی مەلا مستەفا لە فیۆریەی ۱۹۵۵ بۆ ڕەحیم قازی(وەرگیراو لە سایتی ڕوانگە)[11]



بوجنابی برور محترم رحیم قاضی

سوچ ۱۹/۱۱ ۵۵ تاریخه

له‌پاش سلام گرتن و أحوال پرسین ۷ غدی جنابتان به‌وه سڵم گه‌یشت وهه‌رچی فرموبتانه هه‌موم زانی به‌تواوی وبرور ممنون بوم به‌أحوال پرسین من وبرور تشکرتان ده‌کا وهالی من له‌سایه‌ی حکومتی عظیمی سۆڤیه‌ت وی برور برور باشه وهیچ قصوری له‌من نیه له‌هیچ لایه‌کەوه ولهر فی صحه‌تو سلامتیه‌وه ده‌کا‌ل سلامتی دام وهه‌روه‌ها تمنایی صحه‌تو سلامتی ایوه‌ده‌کم له‌هه‌موو فتبارا أما بو أوه‌ی که‌فرموبتانه فقط ده‌گه‌ل جیگایکی ۷ غدی جنابتا رامن نیم که‌ بنویسوبتانه و خوم شخصا لیاقتی نصیحت و تربیتم نیه ... ،، أوه حقیقته وهیچ معنایه‌کی تر نا ده‌ئ معلومه که‌خوم ده‌زانم که ملت کورد وکوردستان به‌إنسانیه‌تی خوبانه‌وه هرمتی من ده‌گرن أوه‌شی له‌روبی شرقی خوبانه نه‌وه‌که به‌لیاقتی من بیت أما دوباره تکراری ده‌کەم که‌لیاقتی نصیحه‌تو تربیتم نیه چنکی حقیقته وبه‌حقیقت هیچ که‌سی مخالف نابی وقصه‌کانی جنابتان به‌لاوه‌لیکی باش تعبیر ده‌کەم نه‌به‌خرابه وبومسئله‌ی مارکسیزم ولینینزم ترجمه بکریئ به‌زمانی کوردی أوه زور باشه له‌وه باشتر نابی بلام نازانم کی له‌هاوالی کوردان ده‌توانی أوه‌ی به‌عوهده‌ی خوی بگری اگه‌ر جنابتان بزانی او شخصه خوی کیبه أتوانی ناوی أو پیاوه بوم بنویسه وخوما ملاقاتی أو پیاوه ده‌کەین اگه‌ر له‌إمکانی أوکه‌سه دابی وبتوانی ترجمه بکات به‌قدر إمکانی خومان سعی ده‌کەین بو أوه‌ی که‌قبول بکریت وفرموبتانه ژماره‌ی تلفون (D-1-27-73) أمه تقدیم ده‌کەم بوجنابتان وله‌هه‌موهالو برایانی کورد سلام ده‌کەم وچاویان ماچ ده‌کەم وهه‌روه‌ها هه‌موهالانی آذربایجان سلامیان تقدیم ده‌کەم به‌احترامه‌وه

۱۹۵۵/۲/۷۵

برا تان بارزانی مصطفی

[11] https://ruwange.blogspot.com/2008/02/4.html

پاشکۆی ژمارەی ٢. ناکۆکی نێوان ناوەندی کوردە موهاجیرە سیاسییەکانی مەسکەو و باکۆ

جەمیل حەسەنلی

تێبینی

ئەم نووسینەی لە خوارەوە دەیخوێنەوە "ناکۆکی نێوان ناوەندی کوردە موهاجیرە سیاسییەکانی مەسکەو و باکۆ "بەشێکە لە کتێبێکی تازەی جەمیل حەسەنلی" لێبێرالیزمی سۆڤیەت لە ئازەربایجان دا، حاکمییەت. ڕووناکبیران. گەڵ (١٩٦٩ – ١٩٥٩)، کە ساڵی ٢٠١٨ بە زمانی تورکی ئازەربایجانی بڵاو بووەتەوە. جەمیل حەسەنلی هەم مێژوونووس و هەم سیاسەتمەدارە و لە دژبەرانی ڕێبەرایەتی ئێستای جمهووری ئازەربایجانە. لەم نووسینە دا حەسەنلی بە پاڵپشتی بەڵگەی ناو ئارشیوی ڕووسیا، ئازەربایجان و بیرەوەری کاربەدەستان تێشکی تازە دەخاتە سەرکار و پێوەندییەکانی ئەو کوردانەی کە دوای ڕووخانی جمهووری کوردستان لە سۆڤیەت ژیاون و خەباتیان کردووە.

بە زمانی کوردی لە سەر ئەو بڕگەیەی مێژووی هاوچەرخی کوردستان نەك هەر هیچ لێکۆڵینەوەی بابەتیانە نەکراوە ، بەڵکوو لە سەر بنەمای دەنگۆی بێ بنەما لایەنێکی ئەو چیرۆکە ناجوامێرانە تاوانی وەپاڵ دراوە. ئەم نووسینەی حەسەنلی تیشکێکی تازە دەخاتە سەر ئەو لایەنە و دەرفەتی داوەریی دروست دەدا بە خوێنەرەوە. هەرچەند هێندێك هەڵەی ئاشکرا کەوتوونەتە ئەو نووسینەوە، ئەویش لە بەر بێدیقەتی سەرچاوەکان و نەك نووسەر بەڵام ئەوانە لە قورسایی ڕوونکردنەوەکانی ئەو بەشەی کتێبەکەی حەسەنلی کەم ناکەنەوە.

نووسینەکە بەو پەڕی ئەمانەتەوە وەرگێڕدراوە و هەڵەی فاکتی لە ناو وەرگێڕانەکەدا بە نیشانەی # دیاریی کراون بۆ ئەوەی لەگەڵ ژێدەرەکانی نووسەر تێکەڵ نەبن. هەڵەکان لە پەراوێزی وتارەکە دا دەستنیشان کراون . وێنەکان لەگەڵ دەقی ماك نین و وەرگێر خستوونیەتە پاڵ ئەم وەرگێڕانە. سپاس بۆ هاوڕێ ئەژدەر شێخۆ بۆ وەرگێڕانی هێندێك لە ژێدەرەکان کە بە زمانی ڕووسی بوون.

حەسەن قازی

ئۆکتۆبری ٢٠١٨

٣. ناکۆکی نێوان ناوەندی کوردە موهاجیرە سیاسییەکانی مەسکەو و باکۆ

نووسەر : جەمیل حەسەنلی

وەرگێڕان لە تورکی ئازەربایجانییەوە و پەراوێز بۆ نووسین: حەسەن قازی

لە کۆنفڕانسی سێیەمی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان لە نێوان دێمۆکڕاتەکانی ئازەربایجان و حیزبی دێمۆکڕاتی کورد (KDP) #دا زنجێرەیەك دژایەتی هاتە گۆڕێ. سەرۆکی کوردە دێمۆکڕاتەکان ڕەحیم قازی لە ٦ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٦٠ سەبارەت بە کاری کۆنفڕانس و ڕەفتاری غولاّم یەحیا دانیشیان و سووکایەتی بە خۆی و بە کوردەکان لە کۆنفڕانس دا سکالاّنامەیەکی ٩ لاپەڕەیی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان نارد. ئەو لە نامەکەی دا نووسی: " لە کۆنفڕانس دا هێندێك لەو هاوڕێیانەی کە قسەیان کرد هەر سووکایەتیان بە من نەکرد بەڵکوو سووکایەتیان کرد

به برای کووژراوم و به گشتی به شەڕەفی گەلی کورد.ئەو جۆرە ڕەفتارە نیشانەی خەسڵەتی ناسیۆنالیستی یە و بە هیچ جۆر لەگەڵ ئامانجی ئێمە بۆ ساز کردنی حیزبێکی تاقانە، و لەگەڵ دروشمی ڕۆژانەمان بۆ پتەو کردنی چالاکی یەککگرتووی هەموو هێزە دێمۆکراتیکەکانی ئێران یەك ناگرێتەوە. بۆ وێنە هاوڕێ ئەسلانی گوتی: " ئازەربایجانییەکان پێویستییان بە پشتیوان نییە، ئێمە دەتوانین بۆ خۆمان خۆمان ئیدارە بکەین ... قازی کێیە؟ بە گشتی لە کوردستان هیچ کەس بنەماڵەکەی ناناسێ..." هاوڕێ چێشم ئازەر گوتی: " قازی لە بنەماڵەیەکی فێئۆدالەوە دێ، ئەو چۆن دەتوانێ کەسێکی خزمەتکاری لێ دەرچێ ...؟ هاوڕێ دانیشیان کە ئەو قسانەی دەبیست هیچی نەگوت و بێدەنگەی لێ ڕا کرد ،ئەو هاوڕێیەی کە گۆیا بۆ پێکهێنانی یەکێتیی هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران "حەول " دەدا ، بێدەنگ بوو." [١]

ڕەحیم قازی هەر لە قسەکانی لە کۆنفڕانسی دووهەمی فێرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان دا ناڕەزایی دەربڕیبوو کە بە شێوەیەکی بەکەلك سوود لە کادرە کوردەکان وەرناگیرێ و کاندیدای وەرگرتنی دوکتۆرا لە زانستی ئابووری ، و جێگری ڕێداکتۆری ڕۆژنامەی ئازەربایجان عەلی گەلاوێژی مەبەست بوو و نووسیبووی کاندیدایەکی زانستی ئابووری لە بەشی ئابووری ئاکادێمی کۆماری دێمۆکراتی ئازەربایجانی سۆسیالیستییان مەجبوور کرد لە سەر کتێبی " هۆپ هۆپ نامە" ی سابر شت بنووسێ. [٢]

پێوەندی نێوان ئەو حیزبە دێمۆکراتە کوردەی کە لە ئازەربایجان بوو و ڕێبەری کورد مەلا مستەفای بارزانی کە لە شاری مەسکەو بوو باش نەبوو، بارزانی زۆرجار لە مەڕ ئەوەی سەرۆکی کوردە دێمۆکراتەکان لە باکۆ ڕەحیم سەیفی قازی وەسیلەیەکە لە دەست حاکمییەتی ئازەربایجان

دا شکایەتنامەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی سۆڤییەت نووسیبوو. خزمی مەلا مستەفا ، مستەفا سەڵماسی # کە لە شاری مەسکەو دەیخوێند لە نامەیەك دا کە هەر لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ کوردە موهاجیرەکانی دانیشتووی باکۆ حەسەن حیسامی و ڕەحمان گەرمیانی نووسیبوو تەشویقی کردبوون لە دژی ڕەحیم قازی ئیمزا کۆ بکەنەوە و بۆ مەسکەوی بنێرن. ئەو نووسیبووی: " دەبێ لە نەزەر بگرین کە، ئەورۆکە ئێمە کارێکی گەورەمان لە پێشە ، ئەوەش لە بناغە هەڵکەندنی ڕەحیم و گەلاوێژە کە لە شاری باکۆ ڕیشەیەکی قوڵیان داهێشتووە ، بەڵام دیارە کە، ڕەحیم [و]عەلی ئەو بابەیان مردووە و وەکوو مامم # (مەبەست مەلا مستەفایە . ج .ح) دەڵێ ئەوانە نێویان کووژاوەتەوە . ئەمما ئێمە دەبێ ئیحتیات لە دەست نەدەین و لە خۆ نەچین و دوژمن بە فەقیر نەزانین چونکە مار وەختێك بە مردوو حیساب دەکرێت کە، سەری پان کرابێتەوە. ئێستا بۆ ئەوەی کە زووتر بە موەفەقییەت بگەین دەبێ تێبکۆشین کە لە ئێك جەبهە دا بەربەرەکانی بکەین و بە هیچ وەجە نەهێڵین کە، دوژمنانی ئێمە یەك کەون و یا جەبهەیەکی دیکە بە پێچەوانەی ئێمە بکەنەوە. مەسەلەن بۆ خۆتان لە تەسەوەری بێنن کە، ئەگەر لە جیاتی ٣ ئیمزا ئەو عەریزەیەی ئێمە ٥ ئیمزای پێوە بایە ٥٠٠ دەفعە بە نرخ تر و بە هێزتر دەبوو ... بۆ ئەو مەتڵەبە ئەمنیش یاریدەتان دەدەم و مەخسووسەن کاغەزی بە درۆتان بۆ دەنێرم کە، بەو مەقسەدە دە کار بێت. " [٣]

لە بناواندا مەلا مستەفا بۆ خۆشی ئەو کارەی پێ خۆش بوو و بۆ ئەوەی ببێ بە نوێنەری تاقانەی موهاجیرە کوردەکان لە یەکەتی سۆڤییە و بۆ ئەوەی حیزبی دێمۆکراتی کورد لە ئازەربایجان بکا بە پێڕەوی خۆی لەهەموو شتێك کەلکی وەر دەگرت. ئەو هەر لە ساڵی ١٩٥٤، لە کاتێك دا لە مەدرەسەی بەرزی حیزب وەك گوێگر ئامادە دەبوو کە لە نزیك

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت هەڵکەوتبوو، داوای دیداری کرد بوو لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و لە ١٣ی دیسامبری ئەو ساڵە دا کاربەدەستی کۆمیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی ف. و وولوشین چاوی پێی کەوتبوو. لە کاتی قسە کردن دا بارزانی بە تەئکیدەوە تکای لێکرد بوو ئەو زانیارییانەی کە لە سەر ڕەحیم قازی هەیەتی، کە لەو ڕۆژانەی دواییدا وەکوو جێگری سەدری فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان دیاری کراوە بگەیێنێتە هاوڕێیانی سۆڤیەت. مەلا مستەفا گوتبووی دوای ئەوەی ڕەحیم قازی ئەو ئەرکەی بە ئەستۆوە گرتووە، لە موهاجیرە کوردەکان لە باکۆ: سەڵماسی، ڕەحمان گەرمیانی، عەزیز شەمزینی، و حەسەن حیسامی یەوە نامەی بە دەست گەیشتوە. ئەوان تەئیید دەکەن ، کە دوای ئەوەی ئێران ڕێژیمە دێمۆکراتیکەکانی لە ئازەربایجان و کوردستان تێکومەکان دا و ئەو خەبەرە لە ١٩٤٧ گەیشتە باکۆ، هەر لەو کاتە دا ئەو هاوڕێ کوردانە لە خوێندنگەی نیزامی لە باکۆ دەیانخوێند، ڕەحیم قازی هاوڕێکانی کۆ کردووەتەوە و پێی گوتوون، "بمرێ یەکەتی سۆڤییەت، بژی قەواموسەلتەنە."

بە پێی زانیارییەکانی ئەوان هەر ئەو ڕۆژە ئەو چووەتە کۆنسولخانەی ئێران لە باکۆ و داوای کردووە ویزای بدەنێ بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ئێران و بۆ ئەو کارە هاوڕێیانی خۆشی هان داوە . وولوشین لە ڕاپۆرتەکەی دا بۆ بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی سەبارەت بە قسەکردنی لەگەڵ بارزانی دەنووسێ: " ئەو کوردانەی کە نامەیان بۆ بارزانی نووسیبوو و لەهەمان کاتدا بارزانی خۆشی وای دادەنێن کە دانانی ڕەحیم قازی لەو پلەیە دا لەبەر ئەوەیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیست سیمای ڕاستەقینەی ئەو کابرایە ناناسێ. گومانی بارزانی ئەوە

بوو کە، سەدری شووڕای بەرزی کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجان میرزا ئیبراهیمۆف ڕیی خۆش کردبێ بۆ ئەوەی ڕەحیم قازی ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێ. بە پێی زانیارییەکانی مەلا مستەفا، مامی ڕەحیم قازی، محەمەد قازی # لە ساڵانی ١٩٤٦ – ١٩٤٧ دیاری زۆر بە قیمەتی دابوو بە میرزا ئیبراهیمۆف." [٤] ناوەرۆکی قسەکانی ف.وولوشین لە گەڵ مەلا مستەفا ڕۆژێك دواتر لە لایەن جێگری بەڕێوەبەری بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت وینۆگرادۆفەوە ناردرا بۆ سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ئیمام مستەفاییف و بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەوەی گەلۆ قازیی محەمەد " دیاریی بە قیمەت "ی داوە بە میرزا ئیبڕاهیمۆف لە مەسکەو را کۆمیسیۆنێك ناردرا بۆ باکۆ . بەڵام لێکۆڵینەوەکان "گومانەکانی بارزانی" تەسدیق نەکرد بوو و وەدوایەی دابووەوە. [٥]

دژایەتی و پێوەندی ئەوتۆی مەلا مستەفا بارزانی لە گەڵ ڕێبەرایەتی ئازەربایجان و ئەو ژمارە کەمە لەو موهاجیرە کوردانەی کە لە ئازەربایجانی سۆڤیەت دەژیان زیاتر سەرچاوەکەی لە مەسکەوەوە بوو. ئۆرگانەکانی خزمەتی تایبەتی سۆڤیەت هەر لە ساڵی ١٩٤١ وە دەستیان کرد بوو بە چالاکی لە ناو کۆردەکانی ڕۆژهەڵاتی نیزیك. [٦] لە دوای شکانی حکوومەتی میللی لە مانگی دیسامبری ١٩٤٦ ماوەیەکی کورت دوای هاتنی ئازەربایجانیە دێمۆکڕاتەکان بۆ یەکەتی شوڕەوی سۆسیالیستی لە ١٧-١٨ی ژووەنی ١٩٤٧ لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی دا، ٤٩٩ سوارەی کورد# لە ناوچەی جولڤا دەربازی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوون. ئەو دەستەیە هەر چەند ١٥ ساڵ پێشتر لە عێڕاقیش بووبن هاتبوونە ناو ئێران و ژیانی کۆچبەرییان هەبوو و بە ڕێگای ڕێگری# چەرخی

ژیانی خۆیان هەڵدەسووڕاند. بارزانی هەر لە دوای هاتنی بۆ یەکەتی سۆڤیەت کاربەدەستانی ئاگادار کرد پێی خۆشە " بە دژی ئێران دریژە بدا بە خەباتی چەکدارانە ". [٧] بەڵام دەستەی بارزانی هەر کە گەیشتنە نەخجەوان چەك کران و لەوان ٣٠٣ تفەنگ، ٥ ئۆتۆمات ، ٥٥ دەمانچە ، ٥٤ نارنجۆك ، ١٣ دووربین ، و ١٣ هەزار فیشەك وەرگیرا. و بە پێی ئامۆژگاری وەزارەتی کاروباری ناوخۆیی کۆمارە سۆسیالیستیەکانی سۆڤیەت فەرماندەی هێزەکانی ئیدارەی سنووریی ئازەربایجان ژەنەڕاڵ مالیشێف کاتێك چاوی بە مەلا مستەفا کەوت مەلا مستەفا ڕایگەیاند ئامادەیە بە دژی کۆنەپەرستیی ئێران هەموو ئامۆژگارییەکانی حکوومەتی سوڤییەت جێ بە جێ بکا. [٨]

دەستەی بارزانی حەوتوویەك دوای هاتنیان بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەت لە کاتێکدا کە بەرەو ناوچەی جوڵفا دەچوون ، کۆمیساریای سنووری ئێران باقر زادە نامەیەکی بۆ ئیدارەی سنووریی یەکەتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤییەت لە نەخجەوان نووسی و ڕایگەیاند ئەوان ٢٠ ڕۆژ پێشتر لە خاکی تورکیاوە چوونەتە ناو خاکی ئێران و خەرێکی تاڵان بوون و داوای کرد نزیکەی ٤٠٠ کەس لە سواڕە کوردەکان بگێڕدرێنەوە بۆ ئێران. [٩] بەڵام بە پێی تەعلیماتی ڕێبەرایەتی سۆڤیەت ئیدارەی سنووریی نەخجەوان دەستی لەوە گێڕاوە دەست بە سینگی دەستە کوردەکانەوە بنێ و بیانگێڕێتەوە بۆ ئێران. بارزانی داوای لە حکوومەتی سۆڤیەت دەکرد ، دەستەکەی چەندمانگێك لە سۆڤیەت بحاوێندرێنەوە، تەعلیمات ببینن و دیسان ئیزن بدرێن بگەڕێنەوە ئێرانێ. بۆ ئەو مەبەستە میرجەعفەر باقرۆف پێشنیاری بە مەسکەو کرد بوو دەستەی بارزانی لە یەکێك لە کەمپەکانی کەناری دەریاچەی خەزەر دابمەزرێندرێن و لەوێ تەعلیماتی نیزامی بدرێن. بەڵام بە گوێرەی ئەو

زانیارییانەی وا لەبەر دەست ئۆرگانە ئیستیخباراتییەکانی سۆڤیەتدابوون و لێکدانەوەیان ئەوان بەو نەتیجەیە گەیشتن ئامانجی بارزانی بەر لە هەموو شت دامەزراندنی دەوڵەتێکی تاییفەیی – فیئۆدالی یە . [١٠]

بە پێی ئامۆژگاری وەزیری ئەمنیەتی دەوڵەتی یەکەتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت ویکتۆر ئاباکۆموف ئەوان لە خەڵکی خۆجێی نەخجەوان جیا کرانەوە. دوای دامەزرانیان لە نەخجەوان بارزانی پێشنیاری کرد لە سەر خاکی ناوچەی نۆراشەن کە دەکەوێتە باکووری ئەو ویلایەتە و لە سەر سنووری نێوان ئەرمەنستان و تورکیایە ئیدارەیەکی خودموختاری کورد دابمەزرێندرێ.[١١] میرجەعفەر باقرۆف بە تێگەیشتن لە نییەتی بارزانی بە پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی ئۆرگانەکانی یەکەتی سۆڤیەت مەسەلەی دوور خستنەوەی دەستە چەکدارە کوردەکانی لە سنوورەکانی ئێران لا برد. [١٢]

هەر لە ساڵی ١٩٤٧ دا، سەرۆکی ئیدارەی کەشفیات و دژی جاسووسی وەزارەتی ئەمنییەتی دەوڵەت ژەنەڕاڵ پاڤڵ سوداپۆلاتۆف کە بە ناوی ماتییێف وەکوو جێگری بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی تێلگرافی یەکەتی سۆڤیەت هاوڕێیەتی دەستە عەسکەرییە کوردەکانی کرد بوو کە هاتبوونە ناو خاکی سۆڤییەت ، لە لایەن ئاباکومۆف پێی ئەسپێردرا لەگەڵ بارزانی دانوستاندن بکا و بەڵێنی پەنابەریی سیاسی بداتێ و ئاگاداری بکا کە جەماعەتەکەی لە ئوزبەکستان دادەمەزرێندرێن. لە هەمان کاتدا بە ناوی ڕێبەرایەتی سۆڤیەت بە بارزانی ڕاگەیاندرا ، کە ئەو بۆخۆی، و بەشێك لە ئەفسەرەکانی لە خوێندنگە نیزامی و ئاکادێمییەکانی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤییەت دا دەکرێ بە شێوەی تایبەتی پەروەردە بکرین.[١٣]

پاڤل سوداپلۆتۆڤ له بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: " ئاباکومۆڤ لێی قەدەغە کردم ناوەرۆکی قسەکانم لەگەڵ بارزانی، بەتایبەتی ئەوەی کە ستالین ڕەزایەتی نیشان داوە ئەفسەرانی کورد لە داو دەستگا نیزامییەکانی ئێمە دا پەروەردە ببینن لەگەڵ ڕێبەری پارتیی کۆمۆنیست ئازەربایجان باقرۆڤ باس بکەم. ئەو مەسەلەیە لە بەر ئەوە بوو کە باقرۆڤ دەیویست حەول بدا بۆ کەلکوەرگرتن لە بارزانی و پیاوەکانی بۆ تێکدانی سەباتی ئازەربایجانی ئێران. بەڵام مەسکەو وای لێکدەداوە کە بارزانی دەتوانێ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئینگلیس پەرستی عێڕاق دەورێکی زۆر گرنگتر بگێڕێ، و لەوەش دەرچێ، بە تایبەتی هی هەرە گرنگ، بە یارمەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و دەریای ناوەڕاست (دەریای مدیترانە) دەمانتوانی دابین کردنی بەرهەمی نەوتی کانگاکانی نەوتی عێڕاق لە (مووسڵ) کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە دریژخایەن دا لە دەست گشت دەستەبەندییە نیزامییەکانی ئینگلیس – ئەمریکا دەر بهێنین."[١٤]

بەو مەبەستە وەزارەتی کاروباری ناوخۆی یەکەتی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت لە ٩-ی ئووتی ساڵی ١٩٤٨ بڕیاری دا بۆ ڕاگوێستنی دەستە بارزانییەکان بۆ ئوزبەکستان. لە دوای ڕاگوێزران بۆ ئوزبکستان بارزانی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٨ چاوی کەوت بە سکرتێری یەکەمی ئەو کۆمارە عوسمان یۆسپۆڤ و زنجیرەیەك داوخوازی لەگەڵ هێنا گۆڕێ. بارزانی داوخوازی کرد کە ٥ کەس لە ئەفسەرەکانی بنێردرێنە خوێندنگەی پارتی لە تاشکەند و پاشماوەی پێشمەرگە و ئەفسەرەکانیشی لە بواری فڕۆکەوانی، تانك ئاژۆتن و کاری سیخوڕی دەرفەتی پەروەردەیان بدرێتێ و زەمینەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ

ستالین بڕەخسێندرێ. بارزانی بە یۆسپۆڤ ی ڕاگەیاند بێتوو ئیزنی پێ نەدرێ بۆ چاوپێکەوتنی ستالین ، خۆی دەکووژێ.

لە ساڵی ١٩٤٩ دا بۆ بەڕێچوونی دەستە نیزامییەکانی بارزانی لە فۆندی نهێنی ٤٦٢،٦٦٧، ٦ مەنات خەرج کرا بوو . لە دوای ئەو داواکاریانەی بارزانی وەزیری کاروباری ناوخۆی یەکەتی کۆماری سۆسیالیستیەکانی سۆڤیەت سێرگێی کرۆگلۆڤ پێشنیاری بە ستالین کرد، کە ڕاگرتنی کوردەکان لە کەمپێك دا بە یەکەوە جێی مەترسییە و ئەوان دەبێ بە گرووپی پچووك پچووك دابەش بکرین و بنێردرێنە شوێنی جیاواز لە ئوزبەکستان. بە پێی بۆچوونی کرۆگلۆڤ ، بەو شێوەیە ئەوان لەیەك دادەبڕێن، و پێوەندی مەلا مستەفا لە گەڵ دەستە کوردەکان لاواز دەبێ و بارزانی ناتوانێ بە ناوی ئەوان چ داواکارییەك بکا. مۆڵۆتۆف سەبارەت بەو پێشنیارەی کرۆگلۆڤ ڕازی کرا بوو.[١٥]

هەڕەشە کردنی بارزانی لەو کەمایەتییە کوردەی کە فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان پەنای دا بوون و هەڕەشە لە ریبەرانی خۆ جێیی ئازەربایجان کە پشتیوانییان لێ دەکردن، لەو سۆنگەیەوە بوو کە لە ئاسۆی پرۆسەی تێکدانی سەباتی ڕۆژهەڵاتی نزیك دا مەسکەو " باوەڕ"ی بەرزی بە مەلا مستەفا هەبوو. لە ساڵی ١٩٥٧وە دەستگای ئەمنییەتی دەوڵەت لە ناو ڕێکخستنە نەتەوەییەکانی کورد و عەشیرەتە کوردەکان دا بە مەبەستی خۆڕاگری لە بەرانبەر ئێران، ئیدی دەستی کرد بوو بە ئامادەکاری. [١٦]

جێگری سەدری فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان ڕەحیم کوڕی ئەبولحەسەن سەیفی قازی لە ساڵی ١٩٢٦ لە مەهاباد لە ناو خێزانێکی خاوەنملك دا هاتە دنیاوە. باوکی ئەبولحەسەن کە سەر بە عەشیرەتی دێبۆکری # و قازیی شاری مەهاباد بوو یەك لە خاوەنملکانی خاوەن نفووز بوو لە ناو خەڵکی دا . دایکی ڕەحیم قازی، وەجیهە سەیفی قازی

ئازەربایجانی بوو. ڕەحیم، لە سەرەتاوە ٣ ساڵ لە مەهاباد دەرسی خوێندبوو، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٤١ دا لە مەدرەسەی ناوەندی خوێند بووی. لە ساڵی ١٩٤١ دوای چوونی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ ناو ئێران، ڕەحیم قازی بوو بە ئەندامی حیزبی " کۆمەڵەی ژیانی کوردستان"# کە ئامۆزاکەی قازیی محەمەد لە ساڵی ١٩٤٣ دایمەزراندبوو. لە ساڵی ١٩٤٥ لە کاتی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن محەمەدی قازی، سەدری قازی و برا گەورەی ڕحیم قازی ، محەمەد حوسێن [سەیفی] قازی، ڕەحیم قازی لەو حیزبە دا بوو بە ئەندام. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٤٦ دا لە کاتی دامەزرانی حکوومەتی میللی کوردستان دا ڕەحیم قازی لە ئەرتەشی نەتەوەیی دا خزمەتی دەکرد و لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦ دا بۆ خوێندن ناردرا بۆ مەدرەسەی نیزامی باکۆ. [١٧]

لە دوای دامەزرانی کۆماری مەهاباد سەرکردە کوردەکان بە ڕێگای جۆر بە جۆر لە ڕەزائییە (ورمێ)، خوێ، شاپوور و میاندواو لە ناو خەڵکی ئازەربایجانی دا تەبلیغاتیان دەکرد و تەشویقیان دەکردن لەگەڵ کۆماری کورد بکەون و ناوەرۆکی بانگەشەکەیان ئەوە بوو ، ئەگەر خەڵکی ئازەربایجانی ئەو شارانە لەگەڵ کوردەکان بکەون ئەوان لە دانی ماڵیات و خزمەتی نیزامی تەرخان دەکرێن. ژمارەیەك لە سەرۆکە کوردەکان — ئەمەر خان، نووری بەگ، قۆتاس بەگ و ئەوانیدی، حکوومەتی میللی ئازەربایجانی ئێرانیان بە ڕەسمی نەدەناسی و دوای کشانەوەی ئەرتەشی سوور و ڕۆیشتنی بە ئاشکرایی ڕایانگەیاند کە بە زەبری چەك ڕەزائییە (ورمێ)، خوێ، شاپوور و ماکۆ وەسەر خودموختاریی کورد دەخەن. بەو مەبەستە ئەوان لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦ ئەو شارانەیان گەمارۆ دابوو و تەنیا لەبەر بەبڕیاری حکوومەتی میللی ئازەربایجان و دوای

دەستێوەردانی بەشە هۆردووی سۆڤیەت دەستە چەکدارە کوردەکان کشابوونەوە سنوورەکانی مەهاباد و ڕۆیشتبوون. [١٨]

لە دوای ڕووخانی کۆماری کورد لە مەهاباد ڕەحیم قازی لە باکۆ مایەوە لە پێشدا چووە دانشکەدەی میژوو لە زانکۆی دەوڵەتیی ئازەربایجان ، دوایەش ناردرا بۆ مەدرەسەی حیزبی. لە ساڵی ١٩٥١ چووە بەشی دوکتۆرا و دیفاعی لە بابەتی تێزی دوکتۆرایەکەی کرد کە بریتی بوو لە "حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ڕێبەر و ڕێکخەری بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کوردستانی ئێرانە" (١٩٤٥ – ١٩٤٦) . قازی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٥٣ دا وەك ڕێداکتۆر و بەڕێوەبەری بەشی کوردی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان، و لە هەمان کاتدا ڕێداکتۆری ڕۆژنامەی "کوردستان " کاری کرد. لە دوای شکانی کۆماری مەهاباد، لە ساڵی ١٩٤٧ سەرۆکی ئەو کۆمارە قازیی محەمەد، براکانی # ڕەحیم قازی و ئەندامی مەجلیسی شووڕای میللی ئێران لە مەهابادەوە سەدری قازی و وەزیری شەڕی حکوومەتی میللی کوردستان محەمەد حوسین سەیفی قازی ئێعدام کران. بەر لەو ڕووداوە حکوومەتی ئێران حەولیدا بوو بە ڕێگای کونسولخانەکەی ڕەحیم قازی بەڕێتەوە ئێران. سەرۆکوەزیر قەواموسەلتەنە بۆخۆی بانگهێشتنی نارد بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە. بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان گەڕانەوەی وییان بۆ ئێران بە مەسڵەحەت نەزانیبوو. لە مەهاباد برا پچووکەی عەبدوڵا، هاوژینی گەوەرتاج، کوڕەکەی حەسەن و خوشکەکەی مابوونەوە. ئەو لە ساڵی ١٩٤٨وە پێوندیی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی پسا بوو. [١٩]

ڕەحیم سەیف قازی بۆ ماوەی دریژ لە بەشی کوردی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان دا بوو، دوایەش ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکڕاتی

کوردستانی کرد بوو. له دوای دوور خستنەوەی میر جەعفەر باقرۆف له ڕێبەرایەتی کۆمار، غولام یەحیا له خەباتی خۆیدا به دژی گاردی کۆنی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان له "خزمەتەکان ' ی ڕەحیم قازی کەلکی وەردەگرت. بۆ وێنە له کۆبوونەوی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان کە له ١٨ی مانگی ژووییەی ساڵی ١٩٥٤ له حەوزەی تیب بەڕێوەچوو، ڕەحیم قازی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی ناوەندی- زەینەلعابدینی قیامی، کە سەدری دادگای بەرزی حکوومەتی میللی بوو به ' شێت ' ناودێر کرد و له بەر ئەوە قیامی له ٢٢ی ژووییە له ئەندامەتی فیرقە ئیستیعفای دا و سکالانامەیەکی ١٩ لاپەڕەیی پرۆتێستی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان نووسیبوو. [٢٠] ئەو له نامەکەی دا دەنووسێ. ئەمن ئەو کاتەی له ئێران له ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بووم بابی # ئەو ڕەحیم قازی یەی کە ئێستا به من دەڵێ شێت، قەت ئەو شێعرە بەناوبانگەی سەبارەت به ئازایەتی، پیاوەتی، عەقڵ و دیانەتی من نەدەنووسی. ئەمن چ بکەم، هیچ شوێنێك له خەسڵەتەکانی ئەو بابە ، لەو کەسە دا نییە." [٢١]

له کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان دا ڕەحیم قازی سەبارەت به وەزیری ئەرتەشی نەتەوەیی حکوومەتی میللی ئازەربایجان جەعفەر کاویانیش قسەی ناخۆشی کرد بوو و بڕیاری نهێنی گردبوونەوەی حەوزەی ٢- ی تیب ی ئاشکرا کرد بوو. لەو بارەیەوە کاویان بۆ ئیمام مستەفاییف [سکرتیڕی ئەو دەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان] دەنووسێ: " به حورمەتەوە ڕایدەگەیێنم ، کە ڕۆژی ڕابردوو، یانی له ١٨ی ژووییە له حەوزەی ژمارە ٢ی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان له بریارە نهێنییەکانی ئەو ڕۆژە ڕەحیم قازی

هێندێکیانی بە ئامادەیی ٣٠ — ٤٠ کەس باس کردووە و منی شەخسەن وەکوو خائینێك لە قەڵەم داوە و چەندین جار دووپاتەی کردووەتەوە. کچەکەی منیش کە هەر ئەندامی ئەو حەوزەیەیە گوێی لێ بووە و وولاّمی نەداوەتەوە. وەك ئێوەش دەزانن حکوومەتی ئێران منی بە خائین داناوە، پاشملە مەحکوومی کردووم بە ئێعدام. جا لە بەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم لە وەزعی من بکۆڵنەوە ئەگەر ئەمن بە خائین بە وولاّتی سۆڤییەت ناسرام، با بە سزای خۆم بگەم ." **[٢٢]**

ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کورد کە لە ئازەربایجان دامەزرابوو بۆ خۆڕاگری نیشاندان لەئاست ئەو گیرو گرفتانەی بارزانی بۆی ساز دەکرد پەرەی بە چالاکییەکانی خۆی دەدا بۆ ئەوەی ڕاستە و ڕاست لەگەڵ مەسکەو پێوندیی دابمەزرێنێ. لە داوخوازنامەیەك دا کە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانیان نووسیوە ڕەحیم قازی، عەلی گەلاوێژ، قادر مەحموود زادە، عەبدولاّ ڕەزم ئاوەر، سولتان وەتەمیشی و کەریم ئەییووبی دەڵێن: "ئێمەی کورد کە لە ساڵی ١٩٤٦ هاتووینە یەکەتی سۆڤییەت لە بناواندا ئەرکێکمان لە سەر ئەستۆی خۆمان داناوە . ئەو ئەرکەش بریتی یە لە وەرگرتنی پەروەردەی سۆڤیەت، خۆ چەکدار کردن بە باوەڕی مارکسیزم — لێنینیزم و لە کۆتاییەکانی ئەو نیو سەدەیە دا پەرە پێدانی خێرا بە خەبات لە پێناو ئازادیی نەتەوەیی و سەربەخۆیی خۆمان و خزمەت بە گەلی کورد ." **[٢٣]** ئەوان لە نامەکەیاندا دەڵێن ، لە مانگی نۆڤامبری ساڵی ١٩٤٧وە تا مانگی ئووتی ساڵی ١٩٥٣ لە ستاسیۆنی نهێنی ڕادیۆوە بە ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان تەبلیغاتیان کردووە بۆ گەلی کورد و کاردانەوەکانی هەم کۆنەپەرستیی ئێران و هەم ئی عێراق گرنگی ئەو تەبلیغاتە تەسدیق دەکا. بەلاّم بە بۆچوونی ئەوان ڕاگرتنی ئەو بەرنامە ڕادیۆیی یە موهاجیرە کوردەکانی

دانیشتووی باکۆی له خزمەت کردن به گەڵەکەی خۆیان بێ بەش کردووە. ئەوان زۆر جار پێشنیاری خۆیان دەنارد بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، و داوایان دەکرد بۆ وەگەڕ خستنی گەلی ٩ میلیۆنی کورد یارمەتی بدرێن بۆ ئامادە کردن و بڵاو کردنەوەی چاپەمەنی کوردی له کوردستان دا. لەو ڕادیۆیانەی کە له مەسکەو و باکۆ به زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی بەرنامە بڵاو دەکەنەوە سەبارەت به گەلی کورد، مێژووەکەی و تێکۆشان و خەباتی بابەتی زیاتر بڵاو بکرێنەوە؛ له ڕادیۆی مەسکەو یان له ڕادیۆی باکۆ دا وەکوو زمانە لاوەییەکانی دیکە بڵاوکردنەوە به زمانی کوردیش دابمەزرێ؛ بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی نهێنی، کورده موهاجیرەکان بنێردرێنە کوردستان؛ ئاسەواره کلاسیکە مارکسیستی – لێنینیستیەکان به زمانی کوردی وەربگێردرێن و هەلومەرجی ناردنیان بۆ کوردستان پێك بهێندرێ؛ به لەبەر چاو گرتنی ئەو ڕووداوانەی وا لەو مانگانەی دواییدا له خاکی کوردستان و له سنووورەکانی سووریا و تورکیا قەوماون بۆ کار کردن له ناو ئەو کوردانەی پێوەندییان بەو ڕووداوانەوە هەیە ئیزن بدرێ بۆ ناردنی موهاجیره کوردەکان بۆ سووریا. [٢٤]

ئەوان له نامەکەیان دا سکاڵایان دەکرد کە، " ئیمە کە له یەکەتی سۆڤیەت پەروەردە بووین و خۆمان به تیوری مارکسیزم – لێنینیزم چەکدار کردووە له حاڵی حازر دا به تەواوی له خەبات تەریك کەوتووین و به کردەوە ناتوانین هیچ خزمەتێك به گەلەکەمان بکەین. له ساڵی ١٩٤٧وە کە ڕۆژنامەی ' کوردستان ' مان ئیداره کردووە و ئێستا دەستمان لێ هەڵگرتووە له کوردستان ناگاتە دەست خوێنەوەران. به پێی ئەوەی بیستوومانە لەو دواییانە دا بۆ نوێنەرانی حیزبی تووەی ئێران و هەر وەها نوێنەرانی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان کە له یەکەتی

سۆڤیەتن بۆ دیاریی کردنی ئاڕاستەی خەباتی گەلانی ئێران بە ڕێگای ڕادیۆ وە لە وولاّتە سۆسیالیستیەکان ئیمکان و دەرەتانی تەبلیغاتی پێك هێندراوە. لە ئێران نزیکەی ٣ میلیۆن نەفەر کورد دەژین، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی خەباتی گەلی کورد دەکا. بۆ گوڕ پێدانی خەباتی دژی ئەمپریالیستی و بردنی بەرەو ئاراستەیەکی دروست لەو تەبلیغاتەی دا کە دەکرێ، گەلی کورد و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان نابێ لە بیر بکرێن. بە تایبەتی لەبەر ئەوەیکە، لە ئێران دا خەباتی گەلی کورد دەورێکی گرنگ دەگێڕێ. و لەوەش زیاتر بە ناوی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان زیاتر لە ٦ ساڵ لە ڕێگای ڕادیۆ وە بەیەکەوە تەبلیغاتێکی زۆرمان کردووە. " [٢٥] ئەوان بۆ گەیاندنی نامەکانیان بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکەتی سۆڤیەت و قسە کردن داوایان دەکرد ئیزن بدرێ دوو کەسیان بنێردڕێن بۆ مەسکەو.[٢٦]

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٣ بلاّو کردنەوەی بەرنامەی کوردی لە باکۆ وە ڕاگیرا ڕەحیم قازی بۆ بووژاندنەوە و بە گوڕ کردنی تەبلیغات لە نێو کوردەکاندا و وەگەڕ خستنەوەی بەرنامەی ڕادیۆیی زنجیرەیەك پێشنیازی پێشکێشی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان کرد. لە مانگی ژانوییەی ساڵی ١٩٥٤ دا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی میر تەیموور یەعقووبئۆف بۆ سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی یەکەتی سۆڤییەت میخاییل سوسولۆف دەنووسێ: " پێشنیارەکانی ڕەحیم سەیف قازی کە خەڵکی کوردستانی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ڕابەرایەتی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجانە سەبارەت بە هەنگاو نان بۆ باشتر کردنی تەبلیغات لە کوردستان دەنێرم. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە لایەن خۆیەوە هەبوونی بەرنامە بە زمانی کوردی و بلاّو

کردنەوەی ڕێك و پێکی لە یەکێك لە ستاسیۆنە ڕادیوییەکانی سۆڤیەت دا بۆ دانیشتووانی کورد لە ئێران، تورکیا و عێراق و پەسندی پێشنیارەکانی ڕەحیم سەیف قازی لەو بارەیەوە بە موناسیب دەزانێ." [٢٧]

بەڵام مەسکەو ئەو پێشنیارەی بە ئەرێنی وەرنەگرت. جێگری بەڕێوەبەری لقی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت وینۆ گرادۆف بە پێی ئامۆژگاری سوسولۆف لە ١٨ی مانگی مەی ساڵی ١٩٥٤ دا تەلەفۆنی کرد بۆ ئیمام مستەفاییف سکرتێری یەکەمی تازەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و پێی ڕاگەیاند، تەماشای نامەکەتان کراوە سەبارەت بە بڵاو کردنەوەی بەرنامە بە زمانی کوردی لە یەکێك لە ستاسیۆنە ڕادیۆییەکانی کۆمارە سۆسیالیستیەکانی سۆڤییەت دا " پێمان وایە پێشتر هەبووە و ڕاگیراوە، بۆیە ، ئامۆژگاریمان ئەوەیە، لەو بەرنامانەی دا کە هەموو ڕۆژێ لە مەسکەو و باکۆ را بە زمانەکانی تورکی، فارسی و عەرەبی بڵاو دەکرێنەوە بارودۆخی ژیانی ئەو کوردانەی لە قەوقاس دەژین ڕوون بکرێتەوە." دوای ئەو وتوویژە تەلەفۆنییە، ئیمام مستەفاییف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ویتالی سەمەدۆفی بەرپرسی پرسە ئیدیئۆلۆژییەکانی ڕائەسپارد لەو پێوەندییە دا بە کۆمیتەی ڕادیۆ ئیبلاغ بکا لەگەڵ ئەوە موافەقەت بکرێ. [٢٨]

سەرۆکی پارتیی دێمۆکراتی کورد ڕەحیم قازی بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەو کوردانەی لە عێراق و ئێران دەژین لەگەڵی لە پێوەندی دان، و بۆ پەرەپێدانی خەبات زۆریان باوەڕ پێیەتی بە ڕێگای سکرتێری کاروباری ئیدیئۆلۆژی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان نازم حاجی یێف نامەی نارد بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت. ئەو لە نامەکەی دا دەنووسێ، لە ٢٠ی مانگی مارسی ساڵی

١٩٦٠ نامەی یەك لە ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵا ئیسحاقی)ی بە دەست گەیشتووە کە ئێستا لە کوردستان دژی. قازی لە نامەکەیدا دەنووسێ ئەحمەد تۆفیق لە بەر ئەو زوڵم و توندو تیژییەی کە دەستگای حاکمییەتی ئێران بە دژی کوردە دێمۆکڕاتەکان دەیکا سااڵی ڕابردوو لە ئێرانەوە هاتووەتە عێڕاق و بە ڕێگای منەوە ، داوای کردووە بە ناوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان ئێوە ببینێ و دەڵێ، " ئەوان زۆریان پێ خۆشە چاویان بە نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکەتی سۆڤیەت بکەوێ. ئەو ، دەنووسێ: " باوکی ئێمە " و " برای ئێمە "زۆر و لە زۆریش زیاتر پێیان خۆشە چاویان بە "باوکەکەی دیکە" بکەوێ. هەموومان ئارەزوومانە و داوا دەکەین ، ئەو دیدارە زوو سەر بگرێ ، چونکوو زۆر مەسەلە هەن کە بە بێ مەسڵەحەتی "باوکەکەی دیکە" جێ بە جێ ناکرێن. ئێمە تکاتان لێ دەکەین ئەو داوایەی ئێمە بە "باوکەکەی دیکە " ڕابگەیێنن . ئەمن و هاوڕێیەکی دیکە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەو دیدارە و بێ سەبرانە چاوەڕوانی ئاکامی حەولەکانتان دەکەین."

ڕەحیم قازی لێی زیاد دەکا ، ئەگەر مەسەلەی نێوان حیزبی تووەی ئێران و فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان بۆ دامەزراندنی حیزبێکی تاقانەی مارکسیست جێ بە جێ بکرێ ، پێویستە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانیش لەو پێواژۆیە دا جێ بگرێ. بەڵام ئەو دەڵێ، لە ناو کوردەکان دا لەو بارەیەوە دوو بۆچوون هەیە، هێندێك لە ڕێبەرە کوردەکان پێیان وایە دەبێ حیزبێکی یەکگرتوو بۆ کوردستان بە بەشداری کوردەکانی ئێران، عێڕاق و تورکیا دابمەزرێ بەڵام حیزبی دێمۆکڕاتی کورد کە ئەو ڕێبەرایەتی دەکا لایەنگری فکری پێکهێنانی حیزبێکی تاقانەی مارکسیستییە بۆ ئێران. ڕەحیم قازی لە کۆتایی

نامەکەیدا دەنووسێ" ئێمە وای بۆ دەچین، ئەگەر ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان چاویان بە نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بکەوێ بۆ خۆیان ئەو مەسڵەحەتانە لە ئێوە دەبیسن و قسەکەتان لە مەر ، بە خێرایی دامەزراندنی حیزبێکی یەککگرتوو بۆ ئێران دەکەوێتە سەر ڕێبازێکی دروست. ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت بانگهێشتنی نوێنەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە پێویست بزانێ ئەوە دەکرێ بە ڕێگای سەفارەتخانەی سۆڤییەت لە بەغدا جێ بە جێ بکرێ." [٢٩]

بەڵام شیۆلیاگین سەر بە لقی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بە ڕێگای نازم حاجی ئێف را ڕەحیم قازی ئاگادار کردەوە کە، " کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکەتی سۆڤیەت دەست لە کاروبارە ناوخۆییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەر نادا و دیدارێکی ئەوتۆ پێك ناهێنێ." [٣٠]

دیارە هۆی سەرەکی ئەوەش لە بەر ئەوە بوو کە سۆڤییەتییەکان سەرەتییان دەدا بە پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ مەلا مستەفا.

ژێدەرەکان

[١] نامەی ڕەحیم قازی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ١٩٦٠. ٠٣. ٠٦

//ARPIISSA, f1,s.89, i.2014,v.63

[٢] نامەی حوسێن نەزەریان بۆ ئێمام موستەفاییڤ ١٩٥٧,٠٥,٢٠

//ARPIISSA,f.1,s89,i.203,v.146

[٣] نامەی مستەفا سەڵماسی بۆ حەسەن حیسامی و ڕەحمان گەرمیانی . ١٩٥٥

//ARPIISSA,f.1,s.40,i.530,v.25

[٤]قەیدی قسەکانی ف.قازی لە گەڵ مستەفا بارزانی. ١٩٥٣,١٢,١٨

//ARPIISSA, f.1,s.41,i.133,v.30

[٥]نامەی تەواو نهێنی ئی. ڤینۆگرادۆڤ بۆ ئیمام مستەفاییڤ ١٩٥٣,١٢,١٨

//APAIISSA, f.1,s.41,i.133,v.31

[٦] پاڤیل سوودۆپلاتۆڤ . سەرکەوتن لە شەڕی نهێنی دا لە سالانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ ، مەسکەو، ٢٠١٨

C.267

[٧] ڕاپۆرتی سێرگێی کرووگلۆڤ بۆ ستالین . ١٩٣٩,٠٢,٠٥

// ئارشیوی دەوڵەتیی فێدراسیۆنی ڕووسیا ((RFDA، f.R. 9401c, s2,i.234, v.183

[٨] ڕاپۆرتی ئیڤان سێرۆڤ بۆ ستالین ، مۆڵۆتۆڤ و بێریا. ١٩٣٧,٠٦,١٩

// ئارشیوی دەوڵەتیی فیدراسیۆنی ڕووسیا f.R-9401c,s.2,i.170,v.81-82

[٩] نامەی سەرۆکی ناوچەی جوڵفا لە سنووری ئێران باقرزادە بۆ ئێدارەی سنووریی سۆڤیەت. ٢٣,٠٦,١٩٣٧

//REDA. f.R-9401c, s.2.i.170,v.98

[١٠] ڕاپۆرتی سێرگێی کروگلۆف بۆ ستالین .١٩٣٩,٠٢,٠٥
//RFDA.f.R-9401c.s.2,i.234.v.183-184
[١١]نیکۆلای بووگای. ستالین و کورد لە یەکەتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت دا : لە کۆچبەرێتییەوە تا شارومەندێتی : ١٩٤٠-١٩٥٠ // گۆڤاری زانستیی ڤۆلگا، ٢٠١٣ ، ژمارەی ٥ (٢١) ، c.33-34
[١٢] ڕاپۆرتی سێرگێی کروگلۆف بۆ ستالین .١٩٣٩,٠٢,٠٥
//RFDA.f.R-9401c.s.2,i.234.v. 184
[١٣] پاڤێل سودۆپلاتۆف، ئیستخبارات و کرێملین . یادداشتی شاهیدە نەویستووەکان.
M. 1997 ،308-309 c.
[١٤] نیکۆلای بووگای. ستالین وکورد لە یەکەتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت دا: لە کۆچبەرێتییەوە تا شارەومەندێتی .
M 1997 ،310 – s. 309
[١٥] ڕاپۆرتی سێرگێی کروگلۆف بۆ ستالین .١٩٣٩,٠٢,٥
//RFDA.f.R-9401c.s.2,i.234.v. 184-185
[١٦] بڕوانە: ڤاسیلی میترۆخین . ك.گ.ب لە ئێرانێ . دەستنووس ١٩٨٨ , c.84b,
Woodrow Wilson for Scholars
[١٧] ڕەحیم سەیف قازی . ژیاننامە . ١٩٥٣,٠٢,٢٣
//ARPIISSA,f.1,s.89,i.185,v.25
[١٨] وەزارەتی کارو باری دەرەوەی یەکەتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت. مەسەلەی کورد و کوردەکانی ئێران . ١٩٣٦,١٢,٢٣
//RDSSTA,f.17,s.128,i.988, v.239
[١٩] ڕەحیم سەیف قازی. ژیاننامە .١٩٥٣,٠٢,٢٣
//ARPIISSA,f.1,s.89,i.185,v.26

[٢٠] بڕوانە نامەی زەینەلعابدین قیامی بۆ کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان. ١٩٥٣,٠٧,٢٣
//ARPIISSA,f.1,s.89,i.180,v.26-44

[٢١] هەر لەوێ v.38

[٢٢] نامەی جەعفەر کاویان بۆ ئیمام مستەفایێف. ١٩٥٣,٠٧,١٩
//ARPIISSA,f.1,s.89,i.180,v.109

[٢٣]داوخوازینامەی ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان. ١٩٥٨,٠١,٠٦
//ARPIISSA,f.1.s.45,i.158,v.32

[٢٤] هەر لەوێ ،v.31-32

[٢٥] هەر لەوێ ، v.28

[٢٦]بۆ زانیاری وردەڕیشاڵ سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران و جمهووری مەهاباد بڕوانە :ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکەتی کۆماره سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت. ١٩٤٦,١٢,٢٣
//RDSSTA,f.17,s.128,i.1988,v.226-242

[٢٧] نامەی تەواو نهێنی میرتەیموور یەعقووب ئۆف بۆ میخاییل سوسولۆف ١٩٥٣,٠١,٢١
//ARPIISSA, f.1,s.89,i.187,v.150

[٢٨]تەعلیماتی ئیمام مستەفایێف بۆ ڤیتالی سەمەدۆف ١٩٥٣,٠٥,٢٢
//ARPIISSA,f.1,s.89,i.187,v.153

[٢٩]نامەی ڕەحیم قازی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکەتی سۆڤیەت ١٩٦٠,٠٣,٢١
//ARPIISSA,f1.s.89,i.204,v.52

[٣٠] ڕاپۆرتی نازیم حاجییێف بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ١٩٦٠,٠٣,٣١
//ARPIISSA, f.1,s.89,i.204,v.52

پەراوێزی وەرگێڕ

لە چەند شوێنی ئەم نووسینە دا ناوی ' حیزبی دێمۆکراتی کوردستان' وەك 'حیزبی دێمۆکراتی کورد' هاتووەکە ئاشکرایە ئەوە ڕاست نییە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت حیزبێك بە ناوی 'حێزبی دێمۆکراتی کورد' بوونی نەبووە.

مستەفا سەڵماسی (شەڵماشی) هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی نەبووە.

دەقی ئەسڵی ئەو نامەیەی سەڵماسی پێشتر لە وێبنووسی ڕوانگە دا بڵاو بووەتەوە.لە ماکی نامەکەدا سەڵماسی وەك ' مام ' باسی مەلا مستە دەکا نەك 'خاڵ' بەو شێوەیەی حەسەنلی نووسیویە. بۆیە لەم وەرگێڕانە دا ' خاڵ ' کرایە ' مام' ، دەبێ خراپیان بۆ حەسەنلی وەرگێڕا بێ

قازیی محەمەد ئامۆزای ڕەحیم قازی بووە ، نەك مامی

بارزانییەکان سواڕە نەبوون بەڵکوو بە پێیان خۆیان گەیاندە ئازەربایجانی سۆڤیەت و بە پێی سەرچاوەیەك ژمارەیان ٥١٨ کەس بووە بڕوانە: ' شەوکەت شێخ یەزدین ' بارزانی لە مەهابادەوە بۆ ئاراس' ، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٣

لە لاپەڕەی ٥٢٥ – ٥٤١ دا ناوی ئەو کەسانەی چوونەتە سۆڤیەت یەك بە یەك هاتووە.

#بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٤٥ دا هاتوونە کوردستانی ئێران، بە پێچەوانەی ئەوەی باقرزادە لە گوزارشەکەی دا گوتوویە کەس نەیبیستووە بە ڕێگری ژیا بێتن.

دیارە ئەوانەی ژیاننامەی ڕەحیم قازی یان نووسیوە بە هەڵە نووسیویانە 'باوکی ئەبەولحەسەن سەر بە عەشیرەتی دێبۆکری' و قازیی شاری مەهاباد بووە.

#ناوی ڕاستەقینەی کۆمەڵە ژێکاف ' کۆمەڵەی ژیانی کورد ' بووە و لە ساڵی ١٩٤٢ دامەزراوە نەك ١٩٤٣و قازیی محەمەد لە دامەزرێنەرانی نەبووە، بەڵکوو دواتر بووەتە ئەندامی و دواجار ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی بە دەستەوە گرتووە

#لێرە دا ناوی قازییەکان تێکەڵ کراوە. ڕەحیم قازی ئامۆزای قازیی محەمەد و سەدری قازی و برای پچووکی سەیفی قازی بووە.

مەبەست لە ئەبولحەسەنی سەیفی قازی (سەیفولقوزات) ە کە لەگەڵ زۆر لە کەسایەتی ئازەربایجان دا پێوەندیی دۆستایەتی هەبووە.

سەرچاوە. سایتی ڕوانگە، ئۆکتۆبری ٢٠١٨

بەڵگەی ژمارەی ١٠. نامەی د. ڕەحیم قازی بۆ خرۆشۆف

وەرگێڕانی دەقی ڕووسیی

سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی

هاوڕێ خرۆشۆف ن. س

سەیف قازی (قازیف) ڕەحیم حەسەنەویچ، ئەندامی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی ئێران. [١٢]

---

[١٢] شیکردنەوەی ئەم نامەیە و نووسەرەکەی لە لایەن مستەفایێفەوە*:

تەواو نهێنی

هاوڕی مالین و. ن.** سەرۆکی لقی گشتیی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتیی سۆڤیەتی داوکارایی سەیفی قازی ڕ. ح جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و زانیاری سەبارەت بە ئەوتان بۆ دەنێرم تا بیدەنە هاوڕێ خرۆشۆف ن. س.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ئی. مستەفایف

تەواو نهێنی

زانیاریی

سەبارەت بە سەیفی قازی/قازیف/ڕەحیم حەسەنۆویچ

سەیفی قازی/قازیف/ ڕەحیم حەسەنۆیچ لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٦، خەڵکی شاری مەهاباد/ کوردستانی ئێران/ خاوەنی پلەی باڵای خوێندن، ئەندامی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٤٧ وە. لە ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ لە ڕیزی حیزبی نهێنیی ژ. ك بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٤٧ وە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

سەیفی قازی ڕ. ح. لە ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خوێندن نیردرایە یەکیەتی سۆڤیەتی. لە ساڵی ١٩٥٤ لە زانستگای دەوڵەتی س. م. کیرۆفی ئازەربایجانی ئاسپرانتۆریی***[فەوقی لیسانس، دەورەی ناوزەدیی دۆکتۆرا]ی تەواو کرد و بە سەرکەوتوویی بەرگریی لە پایاننامەکەی بۆ وەرگرتنی پلەی بەربژێری زانستی مێژوویی کرد.

داواکاریی

سەیفی قازی ڕ. ع له ساڵی ١٩٤٢ وه چالاکانه له بزووتنەوەی دیموکراتیکی له ئێران بەشداری کرد. دوای هاتنی بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی، هاوکات لەگەڵ خوێندن له ئاستی ڕێبەرایەتی، له کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کاری کردووە، بەرپرسی بەشی بانگەشەی تایبەت و بەرێوەبەری بەشی ئامادەکردنی و ڕاهێنانی کادر، ڕیداکتۆری ڕۆژنامەی 'کوردستان' بووە و له ساڵی ١٩٥٤ وەك جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقە دیموکراتی ئازەربایجان هەڵبژاردراوە.

محەمەدی قازی ئامۆزای سەیفی قازی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و له ساڵی ١٩٤٦ سەرۆکایەتیی دەوڵەتی دیموکراتیکی کوردستانی کرد.

ئامۆزاکەی دیکەی ئەو – سەدری قازی، نوێنەری دەورەی ١٤ی مەجلیسی ئێران بوو.

براکەی خۆی – سەیفی قازی، محەمەد حوسێن، وەزیری هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی دیموکراتیکی کوردستان بوو.

برا [و ئامۆزا]یانی سەیفی قازی ڕ. ح.: محەمەد قازی، سەدری قازی و سەیفی قازی محەمەد حوسێن له ٣١ مارسی ١٩٤٧ گیران و له لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە له سێدارە دران.

جاوید حەسەن، خاڵی سەیفی قازی ڕ. ح، سەرهەنگی سپای ئێران، له ساڵی ١٩٥٤ به هوی پەیوەندیداریی به حیزبی تودەی ئێرانەوە گیرا و حوکمی ئێعدام و پاشان زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو.

خزم و کەساکەنی سەیفی قازی ڕ. ح ئێستا له ئێرانن: دایك – وەجیهە سەیفی قازی، هاوسەر – گەوهەرتاج سەیفی قازی، کوڕ – حەسەن سەیفی قازی و برا چکۆلەکەی عەبدوڵڵا سەیفی قازی.

* ئیمام داشدەمیر ئۆغلۆ مستەفایف (١٩٩٧ – ١٩١٠) له نێوان ساڵەکانی ١٩٥٩ – ١٩٥٤ سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بوو.

**ولادیمیر نیکیفۆرۆویچ له نێوان ساڵەکانی ١٩٦٦ – ١٩٥٦ سەرۆکی لقی گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی بوو.

*** فەوقی لیسانس، دەورەی ناوزەدیی دۆکتۆرا

لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ خوێندن نێردرام بۆ یەکێتی کۆمارە سوسیالیستیەکانی سۆڤیەتی. بەهۆی خەمخۆری باوکانەی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتەوە، پلەی باڵای خوێندنم لە شاری باکۆ وەرگرت و توانیم لە ساڵی ١٩٥٤ بەرگری لە پایان نامەی زانستی خۆم بکەم. ئێستاش کاندیدی زانستە مێژوونووسەکانم.

هاوکات لەگەڵ خوێندن، هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی کۆچبەرییەوە، لە کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بەرپرسایەتیکی چالاکم بووە. لە ساڵی ١٩٤٧ەوە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و، ئێستاش جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانم.

هاوڕێ خرۆشۆف، وەك دەزانن، لەم دواییانەدا، بە تایبەت دوای دروستبوونی پەیمانی هێرشکەرانەی بەغدا، ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز-ئەمریکایی لە ئێران، تورکیا و عێراق، بە شێوەیەکی دڕندانە گەلی کورد و هێزە دیموکراتیکەکانی دەچەۆسێننەوە. بۆ ئەم مەبەستانە، حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ئێران، عێراق و تورکیا، بە بەشداری چالاکانەی ئیمپریالیسمی ئەمریکا، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ڕادیۆیی و شەونامە بە زمانی کوردییەوە، بانگەشەی بەرفراوان دژ بە یەکێتی سۆڤیەت و دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بەڕێوەدەبەن . ئەوان بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ گەلی کورد بکەنە کۆیلەیەکی هەتاهەتایی، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی ڕۆحی شۆڕشگێڕانە و هاوسۆزی گەلی کورد بۆ یەکێتی سۆڤیەت لەناو ببەن.

لەم سەروحەدەدا بەهۆی نەبوونی دەرفەتەوە، هێزە دیموکراتەکانی کوردستان لە بنەڕەتدا هیچ بانگەشەیەك بۆ ئاشکراکردنی سیاسەتی هێرشکەرانەی ئیمپریالیسمی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناکەن

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ، لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە کارێك لە نێو کورددا ئەنجام نادرێ.

بەرێز نیکیتا سێرگێوویچ، من هەروەها ڕیزێك پرسیاری شەخسی گرنگم هەیە، کە پێویستی بە خۆتێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی هەیە.

ئەو جۆرەی من ئاگادار کراومەتەوە، مەلا مستەفا نیشتەجێی مۆسکۆ خەریکی بانگەشەی هاندەرانە دژ بە ڕێبەرانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی گەلی کوردە، کە بە دەست ئیمپریالیسمی ئەمریکا کوژراون. هەروەها کوردە پەنابەر سیاسییەکان دژ بە من هاندەدات.

بێجگە لەم پرسیارانە، دەمەوێ ڕاوێژ لەگەڵ ئێوە بکەم سەبارەت بە گواستنەوەی خێزانەکەم (ژن و کوڕ) لە ئێرانەوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەت.

سەبارەت بە هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە، بە پێداگرییەوە داواتان لێدەکەم [چاوپێکەوتنم] قەبوڵ بکەن. ئەگەر کاتتان نییە، داواتان لێ دەکەم بە یەکێك لە بەرپرسە سەرەکییەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت ڕاسپێردرێ کە لەسەر هەموو ئەم پرسانە گوێم لێبگرێ.

لەگەڵ سڵاوی کۆمۆنیستی

سەیف – قازی، ڕ. ح

جولای ١٩٥٦

ПЕРВОМУ СЕКРЕТАРЮ ЦК КПСС

товарищу ХРУЩЕВУ Н.С.

Сейф-Гази (Газиев) Рагима Гасановича, члена демократической партии Иранского Азербайджана.

З а я в л е н и е

В апреле 1946 года Демократической партией Курдистана я был направлен на учебу в СССР. Благодаря отеческой заботе Коммунистической партии Советского Союза получил высшее образование в гор.Баку и сумел в 1954 году защитить диссертацию. В настоящее время являюсь кандидатом исторических наук.

Наряду с учебой, с первых дней иммиграции, работал в аппарате ЦК АДП на ответственных работах. С 1947 года являюсь членом ЦК АДП и ныне работаю заместителем председателя ЦК Азербайджанской Демократической партии,

Тов.Хрущев, как Вам известно, за последнее время, особенно после создания агрессивного Багдатского пакта англо-американские империалисты в Иране, Турции и в Ираке жесточайшим образом притесняют курдский народ и его демократические силы. В этих целях реакционное правительство Ирана, Ирака и Турции при активном участии американских империалистов с помощью радиопередач, листовок на курдском языке ведут обширную пропаганду против Советского Союза и против национально-освободительного движения курдского народа. Они всеми средствами хотят

поработить курдский народ на вечное рабство, полностью уничтожить революционный дух и симпатию курдского народа к СССР.

Между тем за неимением возможностей демократические силы Курдистана по существу не ведут никакой пропаганды по разоблачению агрессивной политики американских империалистов на Ближнем Востоке.

Следует также отметить, что работа среди курдов не ведется и со стороны Советского Союза.

Уважаемый Никита Сергеевич, у меня имеется также ряд важных личных вопросов, которые требуют непосредственного вмешательства ЦК КПСС.

Как мне стало известно, находившийся в Москве Молла Мустафа Барзани ведет провокационную пропаганду против руководителей демократического движения курдского народа, которые погибли от руки американских империалистов. Он также провоцирует меня среди курдов-политэмигрантов.

Кроме этих вопросов, я хотел бы посоветоваться с Вами о переводе моей семьи (жены и сына) из Ирана в Советский Союз.

По всем вышеуказанным вопросам убедительно прошу принять меня. Если у Вас не окажется времени, то прошу поручить кому-нибудь из руководящих работников ЦК КПСС выслушать меня по всем этим вопросам.

С коммунистическим приветом Сейф-Гази Р.Г.

" " июля 1956г.

بەڵگەی ژمارەی ١١. دەقی نامەی ڕەحیم قازی بۆ موستەفاییف

هاوڕێی هێژا مستەفاییف

گشت ژیان و بوونم، ڕابردوو و ئێستام بە یەکێتی سۆڤیەت و پارتیی کۆمۆنیستەوە بەستراوەتەوە لە بەر ئەوە هەر مەسەلەیەکی کە بۆ خۆم بە شەخسە نەمتوانیوە چارەسەری بکەم و تووشی دژواری هاتووم ڕوو لە پارتیی کۆمۆنیست نان و داوخوازی یارمەتی لێکردنی بۆخۆم بە ئەرکێك دەزانم و بەدڵنیاییەوە ئێوەش تێگەیشتن و بۆچوونێکی ئەوتۆی من پشتڕاست دەکەنەوە.

بە بۆنەوەیەوە ئەم نامەیەم کە بۆ هاوڕێی سکرتێری یەکەمی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت نووسیوە بە ڕێگای ئێوەدا دەنێرم و ئەگەر هاتوو بە مەسڵەحەتتان زانی تکا دەکەم نامەکە بدەن بە کۆمیتەی ناوەندی.

هێندێك مەسەلە و پێشنیاری پێویست هەنە سەبارەت بە کوردستان و وەزعی گشتی گەلی کورد و بە پێی ئەو ئەرکەی کە گەلەکەم پێی ئەسپاردووم داوام لێ دەکا ئەوانە بە کۆمیتەی ناوەندی پارتیی کۆمۆنیست بگەیێنم.

جگە لەوە، هەر وەك ئێوە دەزانن، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە ژیانم دا قەوماون دەمەوێ داوا لە پارتیی کۆمۆنیست بکەم ڕێگام بدەن خێزانم بێنم بۆ سۆڤیەت. وەك ژنێکی کۆمۆنیست، هاوسەری ژیانم کە لە پێناو ئازادی دا باوك و مامی وەبەر گوللە دراون و کوڕەکەم کە هەر

هاوار دەکا و دەڵێ بابە، بابە و بەحەسەڕەتی دیداری زیاتر لە دە ساڵە بێ سەبرانە چاوەڕوانی منن.

هاوڕێی خۆشەویست. ئەمن لە عەزابی ویژدان نەجات بدەن! ژیانی من، چالاکیم و داهاتووم، ئەگەر لە ڕاستیدا هومێدێك بۆ من هەبێ، بۆ ئێوە پچووکە، بەڵام بۆ من شتێکی گەورە و حەیاتییە و جێ بەجێ بوونی ئەو مەسەلەیە دەخوازێ.

مەسەلەیەکی دیکەش کە بە پێویست دەزانم باسی بکەم ئەو دوژمنایەتی و تەبلیغاتەیە کە مەلا مستەفا لە مەسکەو و لە ناو ئەو کوردانەی لە یەکێتیی سۆڤیەت دەژین و بە تایبەتی لە خوێندنگەی حیزبی بە شێوەیەکی ئاشکرا بە دژی من دەیکا. بە پێی ئەو زانیارییانەی لە کۆمیتەی ناوەندییەوە وەرمگرتووە مەلا مستەفا داوای کردووە ئەو بابەتە کورتەی کە ئێنسیکلۆپێدیای سۆڤیەتی سەبارەت بە ژیاننامەی قازیی محەمەد چاپی کردووە[١٣] ڕاست بکرێتەوە و قازیی محەمەد و هەر وەها

[١٣] لە ئەنسیکلوپیدیای گەورەی سۆڤێتی، چاپی ساڵی ١٩٥٤ لاپەرەی (٤٦٠)ی بەرگی (٢٨) لە مەر قازی محەممەدەوە دەنووسی:

" محەمەدی قازی (قازی محەمەد) ١٩٤٧ – ١٩٠١ یەکێکە لە ڕێبەرە بە دیمەنە سیاسیەکانی نەتەتەوەی کورد لە شاری مەهاباد (کوردستانی ئێران) لە خێزانێکی روحانی لە دایك بوە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی فیوریەی ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا، پێوەندی کپ و نیزیکی لە گەڵ کومیتەی نهێنی شۆڕشگێڕی سەربازانی ئوردووی قەیسەری ڕووسیا – کە ئەو دەم لە ئێران بوون – ڕاگرتوە. لە مەڵبەندی سابلاغ – مەهابادی ئێستا – بە گاو بەشی ژمارەیەك لە ڕووناکبیرانی پێشکەوتووی کورد کۆمەڵێك ڕێك دەخا، وە ئەو کۆمەڵە دەست دەکا بە بڵاوکردنەوەی بیری تێکۆشان بۆ ڕزگاری کوردستان.

پاش چەند ساڵێك حکومەتی ئێران لە ژێر زەبری کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستاندا، ناچار ئەبێ قازی محەمەد بکا بە سەرۆکی دائیرەی مەعارف و قازی مەهاباد و دەورو بەری ئەوێ. قازی محەمەد ئەو کارە[کاتەی] کە لەسەر کار بوو، چەند مەدرەسەیەکی ئاوەدان کردەوە و لە مەدەسەکاندا بیری ڕزگار کردنی گەلی کوردی لە چنگ زوڵمی ئێران لە ناو لاوەکاندا بڵاو دەکردەوە. پاش ئەوەی کە دیکتاتوریەتی ڕەزاشای پەهلەوی جێی خۆی قایم کرد، حکومەتی ئێران قازی محەمەدی لە سەرۆکایەتی دائیرەی مەعارف خست.

براکانی دیکەمی کە ئەمپریالیسم گوڵلە بارانی کردوون بەئاژانی ئەمپریالیسم ناوزەد کردووە. کۆمیتەی ناوەندی بە تایبەتی ئەو هاوڕێیانەی لە لقی کار و باری لەمەڕ ئێران کار دەکەن لەبەر ئەوەی زانیاری دروست و هەمەلایەنەیان لەو بارەیەوە نییە لە دوای بیستنی ئەو پڕۆڤاکسیۆنەی مەلا دەستەبەجێ داوایان لە ئازەربایجان کردووە سەبارەت بە قازیی محەمەد و براکانی زانیاری بدەن.

بە باوەڕی من وەختی ئەوە هاتووە ولاّمێکی یەکجارەکی بەو کابرایە بدرێتەوە و داوا لێ بکرێ دەست لەو کارە ناشایستانە هەڵگرێ.

دوای ئەوە کە ساڵی ١٩٤١ دیکتاتوریەتی ڕەزاشا ڕووخا و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی لە ئێراندا پەرەی گرت، قازی محەمەد بە تەواوی هێزی خۆی بۆ رزگاری و سەربەخۆیی میللی گەلی کورد وە لە پێناوی ڕێکخستن و یەکگرتنی تەواوی گێژە دێموکراتیەکانی کوردستاندا کەوتە خەبات و تێکۆشان.

ساڵەکانی (١٩٤٥ – ١٩٤٢) قازی محەمەد سەرۆکی حیزبی پێشکەوتووی نهێنی کوردستان (کۆمەڵە) بوو. ساڵی ١٩٤٥ کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە چوارچێوەی ئێراندا داوای سەربەخۆیی گەلی کوردی دەکرد، قازی محەمەدی بە سەرۆکی حیزب هەڵبژارد و لە ژێر ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا حکومەتی میللی دێموکراتیکی کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد دامەزرا. ئەو حکومەتە ڕێژە ئیسلاحاتێکی دیموکراتیکی بەڕێوە برد، وەك ئەسپاردنی هەموو کاروباری دائیرەکانی کوردستان بە دەست کوردان، دامەزراندنی ئۆردووی رزگاریخوازی کورد، دانانی گەلێ قوتابخانەی کوردی، دەرکردنی ڕۆژنامەو کتێب و گووار بە زمانی کوردی و شتی تر ... بەڵام ئەو حکومەتە ئیسلاّحی زەوی جێ بە جێ نەکرد. لە ئاخری ساڵی ١٩٤٦ دا حکومەتی کۆنەپەرستی قەوامالسلطنە بە گوێرەی ئەسپاردەی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکا، پاش تێك شکاندنی بزووتنەوەی دێموکراتیکی ئازەربایجانی ئێران ئوردووی ئێرانی بۆ سەر کوردستان هاندا. وە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی کوردەکانی ئێرانی تێك‌شکاند. قازی محەمەد و رابەرەکانی تری گەلی کورد گیران. لە ٣١ی مارسی ١٩٤٧ لە شاری مەهاباد حکومەتی ئێران بە ئەسپاردەی ژەنرال شوارتسکۆفی ئەمریکایی قازی محەمەد و سەدری قازی برای قازی محەمەد و نوێنەری پارلمانی ئێران، و سەیفی قازی ئامۆزای (حاکمی مەهابادی) هەڵاوەسی".

(تێبینی" ئەم تێکستەی (ئەنسکلوپێدیای سۆڤیەتی) لە لایەن دوکتور ڕەحیمی قازی‌یەوە پێم گەیشتوە). [کەریم حیسامی. ل ٣٣٥]

ئەوەیە ئەو مەسەلانەی کە ئەمن زۆر بە پێویستیان دەزانم لە سەریان بدوێم و پێم خۆشە و تکا دەکەم، یارمەتی بکەن بۆ ئەوەی کە چاوم بکەوێ بە یەکێك لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی پارتیی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت.

لەگەڵ ڕێزم قازی ڕەحیم

وەرگێڕان لە ئازەربایجانییەوە: حەسەن قازی

حرمتلی مصطفی یف یولداش

بتون حیاتم و وارلیغم ، کیچیشم وگله جگیم سویت اتفاقی ایله وکومونیست پارتیا سیله باغلی او
ایچون ثوزدم گخصاً حل ایده بیله دیگم وچتین ایگه راست گلدیگم هر سیر مسئله حقنده کومونیست پار
مراجعت ایتمگی واوندان گگ ومعنون یاردیم طلب ایتمگی ثوز ومه وظیفه بلد ایدرم وبیلین کی
بیله دوشونمدوگومو تصدیق ایدیر سنیز .


بو واسطه ایله سویت اتفاقی کومونیست پارتیا سینین مرکزی کومیته سینین بر جمای کاتبی
یولداشا یازه دیغم مکتوبو سیزین سوایجا مینیزه گونده ریب ومصلحت گورد وگونوز تقدیرده اونو
مرکزی کومیته یه ویریله سینی سیزدن خواهش ایدرم .

منم گورد وستان وگورد خلقی باغین محون وضعیتی حقنده بیر سیرا دیه جگی واجب ولازم اولا
مسئله لر وتکلیف لریم وار دیر وخلقیمین منم تارشیمدا تویردوغو مسئولیتلی وظیفه لر بولارین کومونیست
پارتیا سینین مرکزی کومیته سنه یاخود یاسینی مندن طلب ایدیر .

بوندان باشقا ، سیزه معلوم اولدوغو کیمی ، حیاتم داباش ویرمن حادثه ایله علاقه دار اولدیغی
عائیله مین سویت اتفاقنه گتدر دیگیله سینی کومونیست پارتیا سیندان خواهش ایتمگه ایسته
کومونیست قادین اولان ، آزادلیق یولوندا آتاسی وای سی گوللرایله حیات یولداشم و ثوز
گورمه دیگم و آتا - آنا دیب آتا گورمگه حسرت قالان اوغلوم ۱۰ ایلدن آرتق دیرکی ، منه
صبر سیزلیکله گوزله یر .

عزیز یولداش ، منی چکدیگم وجدان عذابندان قورتارن ! منم حیاتم ، فعالیتم وگلگ
گرچیقیده منه بیر اسیعطا سا ، سیزین ایچون یتچیک ، لاکن منم ایچون بوتونیله حیاتی اهمیتی
بو مسئله باغین حل ایدیله سینی طلب ایدیر .

دانیشیلاسینی لازم بیلدیگم مسئله لردن بر سی ده ملا مصطفی باغین مسکوا دا وسه
اتفاقندا یاشایان گورد لر آراسیندا وخصوصیله عائی پارتیا مکتبنده آچیق صورتده منم
اطرافنده آپاردیغی دوشمن چیریک تبلیغات دیر . مرکزی کومیته دن آلدیغم معلوماته گوره
یا مینین لاردا او عائی پارتیا مکتبنده آچیق صورتده معلم و مدرس تارشیمیدا بولونه



۲

72

سویت اینکیلوپیدیاسینداً قاضی محمد حقنده چاپ ایدیلیش قاترجمه حال لاعلاقه دارا
قاضی محمد، وهم چنین منم ارتجاع طرفندن گوله لنمیش باشقا قارداش لاری امپریالیست آ
آدلانیریش و اینسیکلوپیدیادا دوزه لتیش ویریله سینی طلب اینیشدیر. مرکزی کومیت
خصوصی شعبه سیندن ایران مسئله لری ایله شغول اولان یولداشلار دوزگون و هرطرفلو
سلوشاللری اولادیغی ثبوت دوزون ملاحظه یه آلماقسیزین ایشدیرمه لری صمیمی اولاق آیاغا
و آذربایجانلی قاضی محمد واردون قارداش لاری حقنده گئیش آراشدیرما یاپمالیدیر.

منم فکریمجه بو آدامانقطعی جواب ویریله سی واجبدیگی نالایق ایشلردن اول چکمه گه
ایتمه سی وقتی گلیب چاتمیشدیر.

بو دورمنم رایمجه سینما چوخ ضروری گورمه دیگیم اساس مسئله لردن سیزدن آرزو
خواهش ایدیرم کی، سویت اتفاقی کومونیست پارتیاسینین مرکزی کومیته سینین رهبر
برلیی ایله گورۆشه گیدیب تشکیل اولاسینا کومک ایده سینیز.

حرمله قاضی رحیم

۲۶ - اپریل ۱۹۵۶

بەڵگەی ژمارەی ١٢. ڕەشنووسی نامەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی " کوردستان" (ئۆرگانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان) بۆ مەلا مستەفای بارزانی بە دەستخەتی عەلی گەلاوێژ

هاوالی بەرز و خوشەویست مەلا مصطفی بارزانی
ایمه - دەستەی نوسەرانی روژنامەی " کوردستان" (اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان) به حرمت و صمیمیتیکی بی انتهاوه بو ایوه سلاو دەنیرین و له قولایی دلەوه به آوات دەخووازین که ایوه همیشه سلامت، موفق و سەرکەتو بن.
بعضه فکریك که له نقطه نظری مسئولیتی حزبی و نەتەواتیەوه ماوییکی دریژه ایمەی به خویەوه خەریك کردووه مجبووری کردین که به وسیلەی ئەو کاغذه به ایوه مراجعه بکەین و عقیدەی خومان له مەر بعضه مەبەستیکی مبارزەی نەتەوەی کورد و وظیفەی ایمه به ایوه رابگەینیین. بو حلی ئەو مەبەستانه به ایوه مصلحت بکەین و له ایوه یارمەتی بخووازین.
اساس مراجعه کردنمان به ایوه ئەوەیه که ایمه جنابتان به پیاویکی صادق و مبارزی کوردستان دەزانین که له ریگای رزگاری نەتەوەی کورد دا فداکاری ییکی زورتان کردووه. دلنیاین که ئەوروکەش ئەوەی به مصلحتی نەتەوەی کورد بیت ایوه قبولی دەکەن. ایوه اندامی حکومتی نەتەوایەتی کوردستان ، ژنرالی اوردوی نەتەوایەتی کوردستان ، عضوی حزبی دیموکراتی کوردستان، اندامی کومیتەی ناوەندی و صدری کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان بون و گەلیك له بەسەرهاته بەدیمەنەکانی میژوی ئەوروکەی نەتەوەی کورد به نیوی

عشیرتی قارەمانی بارزان و بە نیوی شخصی ایوە مربوطە. عشیرتی بارزان یێکیك لە مبارزترین دەستەکانی بەربەرەکانی رزگاری نەتەوەی کورد و گەلیك لە غلبەکانی حکومتی نەتەوایەتی کوردستان نتیجەی پیاوەتی و رشادتی عشیرتی بارزان و افسرانی رشیدی کوردی عراقی بووە. تەواوی ئەوانە ئەو فکرەی لە دلی ایمە دا بە وجود هینا کە بە ایوە مراجعە بکەین و قسەی دلی خومان بە ایوە رابگەینیین.

ایمە مدتیك بو لە سەر ئەو فکرە بوین کە هەمومان پیکەوە ویا چەند نفریکمان بینە خزمەت جنابتان و بە طرزی شفاهی مەبەستەکان بە عرضی ایوە بگەینیین. بەلام متاسفانە وضعی کار و خویندنی هاوالان اجازەی نەدا و جاری نەمان تووانی بە خزمەت بگەین. لە بەر ئەوە وامان بە لازم زانی کە جاری بە وسیلەی ئەو کاغذە بە کورتی فکری خومان بە ایوە عرض بکەین و لەو جهتەوە استقامتی فکری وەربگرین[تێبینی بلاوکەرەوە: ڕستەی " لە جنابتان استقامتی فکری وەربگرین." خەتی بە سەر دا کێشراوە و بە خەتی ڕەحیمی قازی لە جیاتیان نووسراوە " فکری ایوە بزانین"] اگر ایوە بە مصلحت بزانن لە پاشان ایمە هەمومان و یا چەند هاوالیك کە امکانیان ببی دینە لای ایوە و بە تفصیل مەبەستەکان شرح دەدەن. یا اگر ایوە میلتان لی بی و بو ایرە تشریف بهینن ایمە لە دلەوە شاد دەبین و پیلاوتان لە سەر چاو دادەنین [تێبینی بلاوکەرەوە: ڕستەی " پیلاوتان لە سەر چاو دادەنین" خەتی بە سەر دا کێشراوە و دیارە لەو نامەیەی دا کە نێردراوە دەرهاوێژراوە]

هاوال و برای گەورەمان ! ایمە راجع بە مبارزەی پیاوانەی نەتەوەی کورد هیچ نالین. چونکە بو ایوە کە لە سەرەدای عشیرتی قارەمانی بارزان دا همیشە لە مرکزی ئەو مبارزەیەدا راوەستاون شرحی مبارزەی کوردان شتیکی زیادیە. نەتەوەی کورد همیشە بەلونیکی پیاوانە هەولی

داوه که ببی به خاوەنی بی شریکی مالی خوی. ژیان و تجربه نشانی دەدات که تا نەتەوەی کورد له سەر اساسی دیموکراتیك و اینترناسیونالیزم حاکمیتی سیاسی کوردستان نەگرێته دەست خوی میلیونها زحمت کیشی کورد له بی بەشی و هەژاری رزگاری نابیت و دەرگای رزگاری و بەختەوەری به روی کومەلانی مەزنی کوردستاندا آواله نابیتەوه. بو وەدەست هینانی حاکمیتی سیاسی دەبی مبارزه بکریت و بو ئەوەی مبارزه سەرکەوتو بیت دەبی تشکیلاتیکی انقلابی سیاسی رهبری ئەو مبارزه بکات. چونکه مبارزەی سیاسی بی تشکیلاتی سیاسی و بی رهبری متشکل و ایدیولوژی انقلابی هیچ کاتیك به نتیجه ناگات. ئەوه الفبای مارکسیزم ــ لینینیزمه.

جیا له حزبی انترناسیونالیستی نەتەوەی کورد هیچ تشکیلاتیکی دیکه ناتوانیت به لونی پیویست مبارزەی نەتەوەی کورد تشکیل بدات. ایستا له کوردستاندا حزبی دیموکراتی کوردستان و چەند تشکیلاتی سیاسی دیکه موجودن که به مبارزەی نەتەوەی کورد ریگا نشان دەدەن. ایمه که باسی ضروری بونی تشکیلاتی سیاسی نەتەوەی کورد دەکەین ابدا منظورمان ئەوه نیه که له کوردستاندا حزبێکی نوی به نیویکی نوی دروست بکریت. منظوری ایمه شتیکی دیکەیه که ئەوا له خوواڕەوه به عرضی ایوه دەگەیەندریت:

مهاجرینی سیاسی کورد (عراقی و ایرانی) [تێبینی بڵاو کەڕەوه ئەم ڕستەیه " (عراقی و ایرانی") خەتی به سەر دا کێشراوه] که ایستا لیره دەژین له تاشکەند، مەسکەو، باکو و جیگاکانی دیکه هەرچەند ژمارەیان نسبتا کەمه، بەلام امکانات و کیفیتی ایمه به جوریکه که دەتوانین به مبارزەی تشکیلاته سیاسیەکانی کوردستان که ایستا له نهینی دا کار دەکەن یارمەتی ییکی زور گەوره بکەین. ایمه کادرمان هەیه ،

ڕۆژنامەمان هەیە، تجربەی تشکیلاتی مان هەیە و ئەوەی کە بو ییك تشکیلاتی حزبی سیاسی انقلابی پیویستە هەموی موجودە. بە تەنیا ئەوە کافیە کە ئەوانە پیکەوە ییك خرین، متشکل بکرین و لەمەولا بە شکلی تشکیلاتیکی واحد مبارزەییکی خومان بەریوە ببەن. لە بەر ئەوە ایمە پیشنهاد دەکەین کە مهاجرینی سیاسی کورد (بەر لە عراقی و ایرانی) [تێبینی بڵاوکەرەوە: ڕستەی "(بەر لە عراقی و ایرانی)" خەتی بە سەر دا کێشراوە و لە بری وی نووسراوە] (ئەوانەی لە تاشکەند، مەسکەو و باکو و غیرە دەژین) تشکیلاتی سیاسی حزبی مستقلی خویان ساز کەن . جیا لە تەواوی ئەوانەی کە لە سەرەوە کوترا اصلا وضعی ژورەوەی ئەوروکەی ایمە غیری عادیە [تێبینی بڵاوکەرەوە: "غیری عادی" خەتی بە سەر دا هاتووە و لە جیاتیان نووسراوە" باش نیە"] و دەبێ اصلاح [تێبینی بڵاوکەرەوە : وشەی "اصلاح" خەتی بە سەر دا کێشراوە و لە جیاتیان نووسراوە "چاك"] بکریت. لە نیوان ایمە دا علاقەی تشکیلاتی وجودی نیە و حتی مناسباتی شخصی نیوانی هیندیك لە هاوالان غیری قابلی تحملە [تێبینی بڵاوکەرەوە: ڕستەی " غیری قابلی تحملە" خەتی بە سەر دا کێشراوە و لە جیاتیان نووسراوە " زور خراپە"] ادامەی ئەو وضعە ضرریکی زور گەورە بە نەتەوەی کورد دەگەیینی. وظیفەی تەواوی ایمە ئەوەیە کە بەو وضعە ناریکە خاتمە [تێبینی بڵاوکەرەوە وشەی "خاتمە" خەتی بە سەر دا کێشراوە و لە جیاتیان نووسراوە " دووایی"] بدەین. هەم لە جهتی تشکیلاتی و هەم لە نقطەنظری مناسباتی شخصییەوە خومان لە هەمو جورە ناکوکی و جیایی ییك رزگار کەین. بە عقیدەی ایمە دەبی لیرە تشکیلاتی سیاسی کوردان رسما موجود بیت ، بە نیوی نەتەوەی کورد رسما خبات بکات و نوینەری رسمی نەتەوەی کورد بیت. نەبونی تشکیلاتیکی رسمی بەوجورە بو مبارزەی [تێبینی

بڵاوکەرەوە:وشەی" مبارەزەی" خەتی بە سەر دا کێشراوە] ئەورو و ژیانی [تێبینی بڵاوکەرەوە وشەی " ژیانی" خەتی بە سەر دا کێشراوە] پاشەرۆژی نەتەوەی کورد ضرریکی زور گەورەی هەیە.

ساز بونی ئەو تشکیلاتەش بەر لە هەمو شتیك بەستە بە موافقت و یارمەتی ایوەیە. البتە، یارمەتی و مصلحتی برایانەی حزبی کومونیستی ییکەتی سویتیش واجب و پیویستە.

لەو نوسراوەیە دا امکانی ئەوە نیە کە فکری خومان بە تفصیل شرح بدەین. گەلیك مەبەستی دیکەش بون کە اگر ایوە بە پیویست بزانن کاتی ملاقات بە وردی شرح دەدریت.

هاوالی خوشەویست! ایمە دلنیاین کە ایوە ئەو نوسراوەیە بە دقت دەخویننەوە بو خاطری قازانجی[تێبینی بڵاوکەرەوە: " قازانجی" خەتی بە سەر دا کێشراوە و لە جیاتیان نووسراوە " رزگاری"] نەتەوەی کورد لە هیچ جورە یارمەتی ییك دریغی ناکەن. بە بی صبریەوە چاوەریی ئەوەین کە جنابتان نظری خوتان لە ایمە معلوم کەن.

لە آخر دا دوبارە سلاوی گەرم و گوری کوردەواری بە ایوە پیشکیش دەکەین و هەویادارین کە همیشە سلامت و سەرکەوتو بن. داوخووازی دەکەین لە قولی ایمەوە سلاوی برایانە بە تەواوی دوستان و هاوالان بگەینن.

ایتر هەر سلامت بن ! دەستەی نوسەرانی روژنامەی "کوردستان"

اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان


١) رحمن گەرمیانی


٢) رحیم قاضی


٣) عبدالله رزم آور


٤) علی گەلاویژ
٥) قادر محمود زادە
ئەو لیستەی سەرەوە خەتی بە سەر دا کێشراوە و جارێکی دیکە ناوەکان ، ئەو جار بە خەتی ڕەحیمی قازی ئاوا نووسراون:
١) عبدالله رزم آور
٢) رحیم قاضی
٣) قادر محمودزادە
٤) سلطان اوطمیشی
٥) علی گلاویژ
باکو
تێبینی : هەر وەك لە سەرەوە دا باس کرا، ئەم بەڵگەیە ڕەشنووسی نامەی دەستەی نووسەرانی کوردستانە کە لە نێو خۆیاندا قسەیان لێوە کردووە و ئاڵوگۆڕیان تێدا پێك هێناوە. ڕەحیمی قازی لە پشتەوەی دواییین لاپەڕە دا نووسیویە: "قادر: عراقی و ایرانی دەرهاوین ئەو کوردانەی کە" دەبێ مەبەستی ئەوە بێ کە یەك لە ئەندامانی دەستەی نووسەران واتە قادری مەحموودزادە پێشنیاری کردووە دوو وشەی "ایرانی و عراقی" دەربهاوێژرێ و لە جیاتیان بنووسرێ "ئەو کوردانەی کە."
ئەو سەنەدە گرنگییەکی مێژوویی زۆری هەیە و دەبێ زیاتر شیتەڵ بکرێتەوە.
وەگێڕاوە اوە لە سایتی ڕوانگە ٨ی فوریەی ٢٠٠٨

ئەسڵی نامەکە، بە سپاسەوە لە ئارشیوی کاك حەسەن قازی وەرگیراوە









٤


له‌ ئه‌مڕۆدا دووباره‌ سڵاوی گه‌رم و گوڕی کوردستانمان به‌ لایه‌نگرانی ده‌کەین و هەر یادی ئەو کەسانە دەکەین کە هێشتا سڵامەت و ساغن و ڕێزیان دەگرین. [redacted] داوا دەکەین کە قۆڵی لایەوە سڵاوی برایانە بە خەڵکی دڵسۆزی کوردستان بگەیەنن.

ئێوەش سڵامەت بن!

دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"
ئۆرگانی فڕین دیموکراتی کوردستان

۱) عبدالله رزم آور
۲) رحیم قادی
۳) ~~رشید عاشقی~~ ناصر محمودزاده
۴) ~~عبدالله زنگنه~~ سلطان ولیئی
۵) ~~علی گلاویژ~~ علی گلاویژ
۶) ~~ناصر محمودزاده~~

۱۹۵۸-۷-۱۵
(باکو)


قادر
قادر

سەرچاوەکان:

بە ڕووسی

١. پاول سودۆپلاتۆف، عەمەلیاتی تایبەتی، لوبیانکا و کرێملین، ساڵەکانی ١٩٥٠ – ١٩٣٠، مۆسکۆ، ئۆلما – پرێس ١٩٩٨

٢. ئۆ. ئی. ژیگالینا، مەلا مستەفا بارزانی، پۆرترێیەکی مێژوویی، مۆسکۆ ٢٠١٣، ئەنستیتۆی ڕۆژهەلاتناسی ئاکادیمی زانستیی ڕووسیە.

٣. ن. ئف. بوگای. ئی، و. ستالین و کوردەکان لە یەکیەتی سۆڤییەت: لە کۆچکردنەوە هەتا گەڕانەوە بۆ وڵات. ساڵەکانی ١٩٥٠ – ١٩٤٠، زانستی مێژوو و ئارشیۆلۆژی، ژمارەی ٥(٢١) – ٢٠١٣

٤. موساکی، نۆدار زێنالۆویچ، زانیاری دەربارەی ئەندامەکانی دەستەی مستەفا بارزانی. ئارشیوی ڕۆژهەڵات، ژمارەی یەك (٤٣)، ٢٠٢١

٥. ن. ئێف. بوگای، جیهانی کوردیی ڕووسیە، ئەنستیتوی میژووی ڕووسیە ئاکادیمیای زانستی ڕووسیە، سانکت پتربورگ، ئالێتیا، ٢٠١٢

٦. ئارشیوی نەتەوەیی کۆماری ئازەربایجان پاڕێزاو لە ئارشیوی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی ئێرانناسی لە ئامستردام.
https://search.iisg.amsterdam/Record/ARCH02736

٧. مستەفایێف. ئی. زانیاریی سەبارەت بە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و بارودۆخی پەنابەرە سیاسییەکانی ئێران لە کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤیەتی، ئارشیوی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٥ تا ١٩٥٧
Фонд 1, Опись 89, Дело 203, Коробка 23

بە کوردی

١. زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، بیرەوەرییەکانم لە ساڵانیی ١٩٤٣ – ١٩٧٧ دا، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی

٢. مەسعود بارزانی، بارزانی وبززتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. ١٩٣١ - ١٩٥٨ بەرگی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤

٣. مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – کۆنگرە و کۆنفرانس (پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ) نووسین و ئامادەکردنی :دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ. د. ك، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ. د. ك. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم – ٢٠٢١

٤. د. ڕەحیمی قازی، چەند تێبینییەك لەسەر بیرەوورییەکانی نوری شاوەیس، پێشەنگ (١١) ساڵی ٤، ئازار ١٩٨٦

٥. جەمیل حەسەنلی، ناکۆکی نێوان ناوەندی کوردە موهاجیرە سیاسییەکانی مەسکەو و باکۆ. وەگێڕ لە تورکییەوە. حەسەن قازی. ئۆکتۆبری ٢٠١٨

٦. وتوویژ لە گەڵ مەنافی کەریمی، ئامادە کردنی: سمایلی مستەفازادە، وەرگێڕان لە فارسییەوە :حەسەنی قازی فصلنامه روانگه، شماره ١٥، مرداد ١٣٨٢

٧. مامۆستای کورد. سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی، ژمارە ١٧ – ١٨، نامە، ل ٤ بەهار و هاوینی ١٩٩١، سوید

٨. دکتۆر کەمال مەزهەر، سەرجەم بەرهەمەکانی، بەرگی شەشەم. چاپی یەکەم، چاپخانەی دانیشفەر - هەولێر ٢٠٢٢

٩. عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩١

١٠. د. ڕەحیمی قازی، ڕۆمانی پێشمەرگە، ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٨

١١. کامل حسن البصیر، خەباتی چینایەتی لە چیرۆکی پێشمەرگەدا، گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ساڵی دووهەم، ١٩٦١، ژمارە ١-٢، ل ٨٦ - ٨٩/ ٩٣- ٩٧

١٢. دکتۆر ڕەحمان حەلەوی، لە مەهابادەوە تا بایکانۆر، وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی، چاپخانەی دانیشفەڕ، ٢٠٢٢، هەرێمی کوردستان

١٣. کەریمی حیسامی، پێداچوونەوە(گەشتێك بە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران) چاپخانەی ماردین، سوید ١٩٩٦

به فارسی

١. دکتر نصرت‌الله جهانشاهلوی افشار، سرگذشت ما و بیگانگان، بخش ٢، انتشارات مرد امروز ، مرداد ١٣٦٧

٢. دکتر قادر محمودزاده (آسو)، خاطرات زندگی پر ماجرای دکتر آسو (چهره مهاباد)، نشر هور، تهران ١٣٧٤

٣. امیر علی لاهرودی، یاد مانده‌ها و ملاحظه‌ها، نشر فرقه دمکرات آذربایجان، باکو ١٣٨٦(٢٠٠٧)

٤. زندگینامه شمیده به کوشش و ویرایش: بهرام چوبینه، چاپخانه مرتضوی، آلمان، اسفند ١٣٧٣

٥. کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران

٦. انور خامه‌ای، خاطرات سیاسی، نشر گفتار، تابستان ١٣٧٢

۷. عصمت شریف‌وانلی، کردها در اتحاد شوروی، بخشی از کتاب کردستان سرخ، مقالاتی پیرامون حیات سیاسی – اجتماعی کردهای قفقاز در دوران شوروی (۱۹۹۱ – ۱۹۲۰) گردآوری و ترجمه سیروان خسروزاده، انتشارات شیرازه کتاب‌ها، چاپ دوم مهر ۱۳۹۹

لەم نووسەرە:

به فارسی:

۱. سالم زیستن آموختنی است! انتشارات زانکو بوکان، چاپ اول ۱۳۹۰، چاپ دوم، نشر روشنگری، آلمان ۲۰۱٦
۲. واژەنامه پزشکی روسی به فارسی، انتشارات انوشه، مینسك ۱۹۹٤
۳. فرهنگ پزشکی روسی – لاتین به فارسی و فرهنگ روسی به فارسی زیست شناسی، انتشارات انوشه، مینسك ۱۹۹٦
٤. تاریخ کردستان، لازاریف، محوی و ... ترجمه از روسی، منصور صدقی و کامران امین آوه، انتشارات فروغ، کلن ۲۰۰۷
۵. چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، آلمان ۱۳۹۵
٦. کردستان معاصر، لازاریف، محوی و دیگران ترجمه از روسی، چاپ اول، ۱۳۹۵، چاپ دوم ۱۳۹٦ نشر روشنگری، آلمان
۷. افعال و مبانی دستور زبان آلمانی، چارلز جی. جیمس، ترجمه از انگلیسی، نشر روشنگری، چاپ اول ۱۳۹۵
۸. شبان کرد، عرب شمو، ترجمه از روسی، نشر توکلی، تهران، ۱٤۰۰ (۲۰۲۱)
۹. مبانی پزشکی اعتیاد، سنندج، نشر تافگه، ۱٤۰۰
۱۰. جستارهایی پیرامون جنبش ملی کرد (مجموعه مقالات سیاسی – اجتماعی) نشر روشنگری، آلمان- ۱٤۰۰
۱۱. گسترش اندیشه‌های مارکسیسم – لنینیسم در ایران (تا جنگ جهانی دوم)، عبدالحسین آگاهی، برگردان از روسی، چاپ اول تهران، ۱٤۰۱ خورشیدی، چاپ دوم آلمان ۱٤۰۲ خورشیدی/۲۰۲۳ میلادی
۱۲. تقسیم سیاسی کردستان ۱۹۱٤ – ۱۵۱٤(تراژدی کرد)، یوگینیا ایلینیچنا واسیلیه‌وا، برگردان کامران امین آوه، ۱٤۰۳/ ۲۰۲٤

بە کوردی:

١٣. بنەماکانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەکان، دەزگای ڕۆشنبیری جەماڵ عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٠

١٤. بنەماکانی شێرپەنجەی گەدە – ڕیخۆڵەیی، تیرۆید، مەمك و پرۆستات، د،حەسەن شەتەوی، د.کامەران ئەمین‌ئاوە، بلاوکراوەی ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٨

١٥. زانستی پزشکی بە زمانێکی ساکار، چاپی یەکەم دەزگای سپیرێز، باشوری کوردستان ٢٠٠٧، لە چاپدانەوەی دەزگای موکریانی ٢٠١٤

١٦. نەخۆشییەکانی هەناو، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢

١٧. شوانی کورد، عەڕەبی شەمۆ، وەرگێڕان لە ڕووسییەوە:

- چاپی کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران، باشوری کوردستان، ساڵی ٢٠٢٠؛
- چاپەمەنی ئامیار، سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠٢٣ ز. ١٤٠١ی هەتاویی

١٨. چەپکێك ڕەوانگە و ڕەخنە، دەزگای"ڕۆشنگەری"، ئاڵمان، ٢٠٢١

١٩. چوار کەسایەتی بە ڕەچەڵەك کورد، کۆی بابەت، وەرگێڕان لە ڕووسی‌و ئینگلیزییەوە، دەزگای ڕۆشنگەری، ئاڵمان ٢٠٢٢

٢٠. چوار چەمکی سیاسی، لە ڕوانگەیەکی چەپ و کوردییەوە (دیموکراسی، لیبرالیزم، نیولیبرالیزم، سۆسیالیزم)، خانەی موکریانی، هەولێر ٢٠٢٢

٢١. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (سێ وتار)، خانەی موکریانی، هەولێر ٢٠٢٢

٢٢. دیموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی یەکیەتی سۆڤیەتیدا، چاپخانە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کوردستان/هەولێر ٢٠٢٥

IN THE CORE OF TRUTH AND MISLEADING

(Years of 1947 – 1948)

NARATIVE OF THE MIGRANT KURDS OF IRAN
AND IRAQ
IN THE SOCIALIST REPUBLIC OF AZERBAIJAN

(A Collection Of 12 Documents)

Dr. Kamran Aminave